زنجیرەی / با چاکتر ئیسلام بناسین ٢
ئاڵقەی دووەم

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

پێغەمبەران

عَلَيْهِمُ الصَّلَوٰةُ وَالسَّلَامُ

نووسینی
علی باپیر

چاپی دووەم
١٤١١ك - ١٩٩٠ز

www,alibapir.net

زنجیرەی: باچاکتر ئیسلام بناسین!
ئالقەی دووەم

پێغ... ران

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

نووسینی
علی باپیر

الاجتماع الثا
ول مجلس ال ... ون الـ
عبد الواحد حرجان
في بغداد النصر والسلام صبا ... اعمال الاجتماع الث
والشؤون الاسلامية والدينية ... مجلس التعاون العر

www,alibapir.net

پێشکەشی

بەو زانا خواناس و پارێزکارو فیداکارانەی کە میراتگری ڕەسەن و جێگری ڕاستەقینەی پێغەمبەرانن و ، ئەرکی بەرزو پیرۆزی میراتگری و جێگرایەتی ئەو زاتە بەرزانە (علیهم الصلاة والسلام) بەپاکی بەجێ دێنن و خەڵکی لە گێژی نەفامی و ژێر نیری طاغووتا دەردەهێنن و بەرەو ڕووناکی خواپەرستی و سێبەری داڵدەریان دێنن ، نەک بازرگانی و سەودا بە بەرنامەی خواوە بکەن و ئایەتەکانی خوا بە نرخێکی کەم بفرۆشن و ، دینی خۆیان بە دنیای خەڵکی بدەن .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net
www,alibapir.net



ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www,alibapir.net

الحمد لله رب العالمين وصلاته وسلامه على جميع الأنبياء
والمرسلين ، سادة الأنس والجن ، وأئمة المتقين وقادة
المجاهدين وآلهم وأصحابهم وأتباعهم الجيدين .

مسولمانی بەڕێزو خۆشەویست !

دووەمین وشەو زاراوەی بنەڕەتی کە دەمانەوێ لەم زنجیرەیەدا بیتوێژینەوە ، بە مەبەستی زیاترو چاکتر ناسینی ئیسلام و خستنەرووی بنچینەو هێڵە گشتی و سەرەکییەکانی بریتیە لە وشەی (پێغەمبەران) علیهم الصلاة والسلام .

چونکە (پێغەمبەرانی خوا) خوای بەرزو مەزن پلەو پایەیان بەرزتر بکاتەوەو لەخۆییان نیزیکتر بخاتەوەو ، زیاتر لە دەریای بێ سنووری لوتف و بەزەیی و بەخششی خۆی بەشیان بدات ، کە هەڵبژاردەی مرۆڤایەتی و سەرتۆپی کاشیناتن ، ئێستا زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی مسولمانیش چ جای نامسولمان ، بیروبۆچوون و تێڕوانینی سەیروسەمەرەو ناقۆڵایان دەربارەیان هەیە ، کە لەگەڵ کەسایەتی(شخصیة) و واقیعی ئەو ئینسانە کامڵ و بەرزو بێ وێنانەدا نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە .

بەڵام ڕەنگە ئەو خەڵکەش زۆر جێی گلەیی و گازندە نەبێ، چونکە لەسۆنگەی ئەوەوە کە چەندان جار لە گەلێک بابای زاناو خۆبەزانا زانی نەزانی بە نەزانیی خۆنەزانیان

www.alibapir.net

بیستوە کە پێغەمبەری خوا علیە الصلاة والسلام فەرموویەتی:
(إن العلماء ورثة الأنبیاء ..) رواه أحمد وأصحاب السنن،
واتە : بێگومان زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، جا ئەو خەڵکە هاتوون لەبەرتیشکی ئەم فەرموودەیەدا تەماشای پێشەوایانی ئێستای ئاینیان کردوەو ، پاشانیش واقیع و چۆنیەتی ڕەفتارو کەسایەتی ئەو (پێشەوا) یانەیان کردۆتە ڕوانگەی لێوە سەیرکردنی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و تەرازووی هەڵسەنگاندنیان ، چونکە عەقڵ و مەنتیق دەڵێن :
(پێویستە جێدار " مُوَکِّلْ " چۆن بێت ، جێگر " وکیل " یش وابێت) و دیارە میراتگر " وارث " یش هەر ئەوە بە میراتدەگرێ کە میراتدار " مُورِث " بەجێی دێڵێ !!
ئنجا لەبەرئەوەی زۆربەی(١) هەرەزۆری ئەوانەش کە ئێستا لە واقیعی بەرچاوی خەڵکی دا لەسەر میراتگری و جێگرایەتی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام حیسابدەکرێن و بە زاناو پێشەواو چاوساغ لەقەڵەم دەدرێن ، یان سادەو بێ ئاگاو کەم هۆشن ، یان هەلپەرست (إنتهازي) و پەیمان شکێن و دین فرۆشن ، خەڵکی سادەو عەوام و بێ هەوال ، وەک ئەنجامێکی سروشتی و ژیربێژی (منطقي) یانە قیاسی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام لەو میراتگرو جێگرە ڕوالەتی یانە دەگەن و ، سەرەنجام خراپ حاڵی دەبن و

---

(١) بەڵێ خوێنەری بەڕێز بەپێی گفت و بەڵێنی پێغەمبەرمان علیە الصلاة والسلام لە هەموو چاخ و سەردەمێک دا کۆمەڵێکی ڕاست و ساغ لە ئۆممەتی ئیسلام ـ لە پێشەوایان و غەیری وانیش ـ هەر لەسەر خەت و ڕێبازی ڕەسەنی ئیسلام دەمێننەوە ، بەڵام بێگومان بەرگ و کاڵاو شێوەو مەسلەکێکی تایبەتی یان تێدا لەبەرچاو نەگیراوە .

www,alibapir.net

بەهەڵەدا دەچن و ، مەگەر هەر خوا بە لوتفی خۆی بیانپارێزێ و دڵی سادەو بێ غەرەزو سروشتی خواپسک (فطري) یانەی خۆیان چەپاڵەیان بدات ، دەنا حەتمەن (ئایین) و (پێغەمبەران) یان لەبەرچاو دەبێزرێ و ، هەتڵەو لارێ دەبن و بەمەرەدی ئەو کەسە دەچن کە پێشینان گوتەنی :(زاری بە " شیر " ی سووتابوو ، فووی لە " دۆ " ش دەکرد !) .

جا مسوڵمانی بەرێز !

ئێمە خوا پشتیوان بێ لەم ئاڵقەیەدا بە ئەندازەی مەودا دانی سنووری ئەم زنجیرەیە ، وشەی بەرزی (پێغەمبەران) روون دەکەینەوەو ، ئەو زاتە مەزن و بێ وێنانەت پێ دەناسێنین .

لە خوای بێ هاوتاش داواکارم بمانگێڕێ بە شوێن کەوتووی ڕاست و ساغی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام .

١٧ ذوالقعدة ١٤١٠ ک

خدراوا

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

ڕێ خۆش کردن

خوێنەری بەڕێز !

ئەم نووسراوەی بەردەستت کە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی وشەی بەرزی (پێغەمبەران) علیهم الصلاة والسلام و پێناسەیەکی کورتی ئەو زاتە بەرزو پەسندو بێ وێنانە نووسراوە بەم شێوەیە :

لەپێشەوە لە (١٠) خاڵن دا (١٠) باسی گرنگ دەربارەی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام دەنووسین کە ئەمانەن :

١ـ پێغەمبەرایەتی چی یە ؟!

٢ـ پێغەمبەران کێن ؟!

٣ـ حیکمەتی (ئینسان بوون) ی پێغەمبەران چی یە ؟!

٤ـ پێغەمبەران بۆچی نێرراون ؟!

٥ـ خەسڵەتە پێویستەکانی پێغەمبەران چین ؟!

٦ـ تایبەتمەندی یەکانی بانگەوازی پێغەمبەران کامانەن ؟!

٧ـ بۆچی پێغەمبەران خاوەنی موعجیزەن ؟!

٨ـ ئایا لەنێوان پێغەمبەران دا بەرزی و نزمی هەیە ؟!

٩ـ ژمارەو جۆری پێغەمبەران .

١٠ـ بانگەوازی پێغەمبەران لە ئەسڵ دا یەکەو شێوەکانی جیاجیان .

پاشان باسێک بەناوی (ئەنجام و بەرهەمی ئەم جۆرە بڕوا بە پێغەمبەران بوونە) لە (٥) خاڵن دا دەنووسین ، کە هەروا بەکورتی و گوشراوی یەرێزو شوێنەوارو بەرهەمی (پێغەمبەر ناسین) لە ژیانی مرۆڤی مسوڵماندا دەخەینەڕوو .

www.alibapir.net

ئنجا لێرەدا دەق و (متن) ی ئەم ئاڵقەی دووەمــەش تەواو دەبێت ، بەڵام لە دووتوێ ی (پاشکۆ) یــەکدا ـ بە پشتیوانی خوا ـ ئەم چوار بابەتانەش دەتوێژینەوە :

١ـ هەقی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بەسەر شوێــن ـ کەوتووانی یەوە .

٢ـ بەسەرهاتێکی پڕ مەعنا ، کە لەبابەت درووشــم و نیشانەکانی پێغەمبەرمانەوەیە صلی الله علیه وسلم .

٣ـ ململانێی هەق و ناهەق ، کە وتوویژێکە لەنێوان پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و سەرانی کوفردا .

٤ـ بەرکولێک دەربارەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وآله وسلم .

ئیدی ئەتۆو باسە جۆراوجۆرەکانی ئەم کتێبە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

١

پێغەمبەرایەتی (النبوة) چی یە؟!

لەبەرئەوەی پێغەمبەران صەلات و سەلامی خوایان لەسەربێ کەسانێکن کە لەلایەن خواوە (وەحي) یان بۆ دێ و ، هەواڵ (نَبَأ) یان پێ ڕادەگەیەنرێ و هەندێکیشیان تەکلیفیان لێ دەکرێ کە بانگەواز (دعوة) و پەیام (رسالة) ی خوداش بە خەڵکی ڕابگەیەنن ، ئەگەر بمانەوێ وەک پێویست لە مەعنا و مەبەستی وشەی پێغەمبەرایەتی (النبوة) تێ بگەین و ، پەی بە وەڵامی پرسیاری سەرێ ببەین ، پێویستە سەرەتا لە چەمک و واتای زمانەوانی (لغوي) و زاراوەیی (إصطلاحي) هەرکام لەم سێ وشەیە بگەین :

١- (الوحي) ٢- (النبيّ) ٣- (الرسول) .

یەکەم : وشەی (الوحي) لە ئەسڵی زمانی عارەبی دا وەک، توێژەرەوانی زمان دەڵێن : بە قسەیەکی (١) پەنهان و شێرراوە ، یان (٢) بە ئاماژەیەکی خێرا دەگوترێ ، لە زاراوی شەرعیش دا (٣) وەحی بەو پێ ڕاگەیاندن (تبلیغ)ە پەنهان و خێرایە دەگوترێ کە خوا بە یەکێک لە ڕێگایەکانی پێ ڕاگەیاندن بە چەند بەندەیەکی تایبەتی و

---

(١) ئەمە ڕای (زمخشري) یە لە کتێبی (أساس البلاغة) دا ، بڕوانە (الوحي المحمدي) محمد رشيد رضا /ترجمة فارسی ص ١٩ .

(٢) ئەمەش ڕای (راغب الاصفهاني) یە ، سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو .

(٣) سەرچاوەی پێشوو ص ٢٠ .

www.alibapir.net

دانستەو هەڵبژاردەی خۆی دەگەیەنێ کە پێغەمبەرانی پایەبەرزن علیهم الصلاة والسلام .

دووەم : وشەی (النبوة) [1] لە ڕیشەی (نَبَأ) وەرگیراوە کە بە مەعنای هەواڵ (خَبَرْ) دێت ، یان لە ڕیشەی (نُبُوَة) وەرگیراوە کە بە شوێنێک دەگوترێ کە لە ئاستی زەوی بەرزتر بووبێتەوە . (نبأ الشيء أي إرتفع) .

لە زاراوی شەرعیش دا بریتیە لەوە کە خوا یەکێک لە بەندەکانی هەڵبژێرێ بەهۆی وەحی بۆناردنەوە ، هەڵبەتە مەعنا شەرعی یەکەش پەیوەندی یەکی پتەوی بە هەردووک مەعنا زمانەوانی یەکانی یەوە هەیە کە بریتین لە هەواڵ و بەرزبوونەوە (الخبر والأرتفاع) ، واتە : (النبيّ) بەندەیەکە خوا هەڵی بژاردوە کە وەحی بۆ بنێرێ ، ڕێژگە (صیغة) ی (فعیل) یش ، هەم بە مەعنای (إسم الفاعل) دێ و هەم (إسم المفعول) یش جا ئەگەر (نبيّ) بە مەعنای (إسم الفاعل) بێ ، ئەوە بە کەسێک دەگوترێ کە هەواڵدەر (مُخْبِر) بێ بەو شتە پەنهانانەی کە لە ڕێگای وەحی یەوە پێی ڕادەگەیەنرێن ، یان بە کەسێک دەگوترێ کە لە غەیری خۆی بەرزتر (مُرتفِع) ترە بەهۆی هەڵبژاردن و وەحی بۆناردنی خواوە .

بەڵام ئەگەر (نبيّ) بە مەعنای (إسم المفعول) بێ ، ئەوە بابایەکی هەواڵ پێدراوە (مُنَبَّأ) ە لە ڕێ یەکی پەنهانەوە ، یاخود بەسەر غەیری خۆی دا بەرز (مرفوع) بۆتەوە بەهۆی هەڵبژاردن و وەحی بۆناردنی خواوە .

---

(١) بڕوانە (العقيدة الأسلامية وأسسها) عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني / ص ٢٩٧ ، ٢٩٨ .

www,alibapir.net

سێیەم : وشەی (الرسول) (١) لە ئەسڵی زمان دا بە کەسێک دەگوترێ کە پەیام (رسالة) یێکی پێ دراوەو ، هەواڵی گەیاندنی دەدات .

لە زاراوی شەرعیش دا (رسول) (٢) ئەو هەواڵ پێدراو (نبيّ) ەیە کە لەلایەن خواوە داوای لێ کراوە بەرنامەی خوا بە خەڵکی ڕابگەیەنێ .

دیارە (رسالة) ش ئەو پەیام و بەرنامە خوایی یەیە کە بۆ یەکێک یان زیاتر لە پێغەمبەرانی خۆی ناردوە، کە بە خەڵکی ڕابگەیەنن .

ئەمەش چەند دەقێکی قورئان وەک نموونە بۆ بەکارهێنانی هەرکام لەم سێ وشانە (الوحي ، النبيّ ، الرسول) :

١- (وما كان لبشر أن يكلمه الله إلاّ وحيا أو مِنْ وراء حجاب أو يرسل رسولا فيوحي بأذنه مايشاء إنهُ عليّ حكيم) . الشورى / ٤٢ .

٢- (إذ يوحي ربك إلى الملائكة إني مَعَكُم ...) الأنفال / ٨

٣- (وإنّ الشياطين لَيُوحون إلى أولياءِهم..) الأنعام / ١٢١ .

٤- (يا أيها النبي إنّا أرسلناك شاهدا ومبشرا ونذيرا ..). الأحزاب / ٤٥ .

٥- (وكأيِّن مِنْ نبيٍّ قاتلَ معه رِبّيّونَ كثير ..) آل عمران / ١٤٦

٦- (يا أيها الرسول بَلِّغْ ما أُنْزِلَ إليك مِنْ رَبّك ..) المائدة / ٦٧ .

---

(١) بروانە (العقيدة الأسلامية وأسسها) عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني / ص ٢٩٧ ، ٢٩٨ .

(٢) لە زمانی کوردی دا بەس وشەی (پێغەمبەر) یان (پەیامبەر) مان هەیە بۆ هەرکام لە وشەی (نبي ورسول) یش بەڵام بێگومان وشەی (پەیامبەر) تەنیا واتای وشەی (رسول) دەگەیەنێ ، چونکە (رسول) بابایەکی خاوەنی پەیام و بەرنامەیەکی خوایی یە ، یان ڕاگەیاندنی پەیام و بەرنامەیەکی خوایی بەئەستۆوەیە .

www.alibapir.net

٧- (أُللـه يصطفي مِنَ الـملائكـة رُسلاً ومِنَ النّـاس ..) الـحج /٧٥.

كەواتە :

پوختەی قسان ئەوەیە کە پێغەمبەرایەتی (النبـــوة) بریتیە لەو ئەرک (وظیفة) ەی کە خوای میهرەبـــان و کاربەجێ بەپێی ویست و زانیاری تێروتەواوی خۆی و بـــە مەبەستی هیدایەتدان و خواناسین و کامڵ بوونی بەندەکانی بە یەکێک لە بەندە شایستەو هەڵبژاردەکانی خۆی دەسپێرێ لە ڕێگای وەحی یەوە ، جا ئەگەر ئەرکی ناوبراو ڕاگەیاندنی پەیام و بەرنامە (تبلیغ الرسالة) ی لەگەڵ بێت ئـەوە ئەو بەندە هەڵبژاردەیە هەم (نبيّ) یەو هەم (رسول)یشە ، ئەگەر نا ، تەنیا (نبيّ) یە ، کەواتە (نبيّ) باباپەکە خوا لە ڕێگای وەحی یەوە لە ڕێ پێشان دان و هیدایەتێکـــی تایبەتی بەهرەمەندی کردوەو ، بەس خۆیشی لەسەرە ، بـەڵام (رسول) وێڕای خۆی خەمی خەڵکیشی لەبەرەو ، وێـــڕای خۆچاککردن ئەرکی هەوڵدان بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنـــی خەڵکیشی لەسەرە ، ئنجا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پلـەو پایەی پێغەمبەرایەتی بەهەردووک شێوەکانی‌یەوە ، لوتف و بەخششێکی خوایی‌یەو بەهۆی هەڵبژاردنی پەروەردگاری زانـاو کاربەجێ وە دێتەدی و ، هیچ جۆرە پەیوەندی یەکی کـەم و زۆری بە هەوڵ و تێکۆشان و باس و لێکۆڵینەوەو بـــەدوادا گەڕانەوە نیە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پلەو پایـەی پێغەمبەرایەتی هەروا بە گۆترەکاری و بێ حیکمەت و هـــۆ

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

دەبەخشرێ ، نەخێر چونکە خوا خاوەنی هەموو سیفەتێکی بەرزو پەسندەو ، یەکێک لەو سیفەتانەش کاربەجێ یی یە ، خوای کاربەجێ و زاناش لەوبارەوە فەرموویەتی :

(أللـه أعلم حيثُ يَجْعَلُ رِسالَتَهُ ...) الأنعام / ١٢٤ .

واتە :

خوا لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ بەرنامەکەی بە کێ دەسپێرێ ...

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

٢

پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام کێن ؟!

خوای بەرزو مەزن و کاربەجێ لە قورئانێ دا لەسەر زمانی (مووسا) علیە السلام لە وەڵامی فیرعەون دا کە پرسیویەتی :(فَمَنْ رَبُّكما يا موسى ؟) طه/٤٩. ئەدی گەورەو سەروەری ئێوە کێ یە ئەی مووسا ؟! فەرموویەتی :(رَبُّنا الذي أعطىٰ كلَّ شيءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هدىٰ) طه/٥٠ . واتە : گەورەو سەروەرمان ئەو زاتەیە کە بوونی بە هەموو شتێک بەخشیوەو ڕێڕوونییشی کردوە !

(موسی) علیە الصلاة والسلام بەم وەڵامەی ویستوویەتی دوو ڕاستی (حقیقة) ی زۆر گەورە لە فیرعەون حاڵی بکات ، یەکەم : حاڵەتی یاساداری (مُنَظَّم) ی بوونەوەرو بەڕێوەچوونی بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی زانیاری یانەی ڕێک و پێک بەڵگەیە لەسەر بوونی خوایەکی پەروەردگارو زاناو دەستەڵاتدارو میهرەبان ، کەواتە گەورەو مشوورخۆری ئێمە ئەو خودا پەروەردگارەیە کە تێکڕای بوونەوەری خوڵقاندوەو بەسەریشی ڕادەگات ! دووەم : هەر هەمان خوای پەروەردگار کە بوونی بە هەموو شتێک بەخشیوەو لەسەر بنچینەی بەرنامەو پەیرەوێکی ڕێک و پێکیش ڕێڕوونی کردوە ، هەر ئەویش بوونی بە ئێمە ـ ی ئینسان ـ بەخشیوەو هەر بۆخۆشی مشوورمان لێ دەخوات و بەرنامەی ژیان و گوزەرانمان بۆ دیاری دەکات .

www.alibapir.net

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست !

خوای بەدیهێنەرو پەروەردگار پۆشاکی بوونی بە هەرشتێک پۆشی بێ ، ڕێگاو بەرنامەی بەڕێوەچوون و کامڵ بوونیشی بۆ داناوە ، جا هەندێک جاران ئەو ڕێگاو بەرنامەیە لە چەند یاساو دەستوورێکی فیزیایی و کیمیایی دا خۆی دەنوێنێ و ، هەندێک جاران لە چەند غەریزەیەک دا ، بەڵام ئینسان لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەرکی تاقیکرانەوەو جێ نشینایەتی (الخلافة) ی لەسەر زەوی پێ سپێرراوە ، لە بواری جموجۆڵو چالاکی یەکانی دا تا ڕاددەیەکی زۆر ئازادیی پێ دراوەو ، بۆ هیچ کام لە یاسا فیزیایی و کیمیایی و بیۆلۆجی یەکانو غەریزەو داخوازی یە مەعنەوی و جەستەیی یەکان گەردنی پێ کەچ نەکراوە ، ئنجا لەلایەکی دیکەشەوە لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەرکێکی یەکجار گرنگ و مەترسی داری پێ سپێرراوە ، کە بەختیاری، یان ژینتاڵی هەمیشەیی پێوە بەندە ، خوای کارزان و میهرەبان وێڕای عەقڵ و دڵ و خەیاڵ و پێنج هەستەکان ، بە چەند ئینسانێکی شایستەو هەڵبژاردەدا بەرنامەو پەیرەوی تایبەتیی خۆیشی بۆ ڕەوان کردوەو لە هەموو جۆرو شێوەکانی هیدایەت و ڕێ پیشاندان بەهرەمەندی کردوە .

کەواتە :

پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئەو ئینسانە تێرونەواوو شایستەو هەڵبژاردانەن کە خوای زاناو شارەزا بۆ گەیاندنی بەرنامەی تایبەتی خۆی ـ بە بەندەکانی ـ پەسندی کردوون ، خوای میهرەبان لەوبارەوە فەرموویەتی :(اَللّه يصطفي مِنَ الملائكةِ رُسُلاً ومِنَ النّاس ...) الحج / ٧٥ . واتە :

www,alibapir.net

خودا چەند پەیامبەرێک هەڵدەبژێرێ لە فریشتان و لە خەڵکی ...

دیسان خوای زانا هەر لەبارەی ناساندنی کەسایەتی پێغەمبەرانەوە علیهم الصلاة والسلام فەرموویەتی :(وما أرسلنا مِنْ قَبْلِكَ إلاّ رِجالاً نوحي إليهم مِنْ أهل القرى ...) یوسف / ١٠٩ . واتە :

وە لەپێش تۆدا هیچ کەسێکمان ڕەوان نەکردوە - بە سیفەتی پێغەمبەرایەتی - بێجگە لە پیاوانێک کە وەحیمان بۆ ناردوون لە خەڵکی ئاوەدانی یەکان ...

کەواتە لەم ئایەتەو لە ئایەتی پێشوویەوە سێ خەسلەت و نیشانەی بنەڕەتی پێغەمبەرانمان بۆ دەردەکەوێ :

یەکەم : پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەرکامێکیان تەواوترین و شایستەترین خەڵکی سەردەمی خۆیەتی و ، هەمووشیان هەڵبژاردەو سەرتۆپی مرۆڤایەتین و ، هیچ کەس نەک هەر لەوان چاکتر نیە ، بەڵکو تۆزی ڕێ یەشیان ناشکێنێ .

دووەم : پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەموویان پیاو بوو ون و ، ئەو پایە بەرزو ئەرکە قورس و پڕ مەترسی یە بە ئافرەتان ڕەوا نەبینراوە ، خواش بۆخۆی چاکتر تواناو وزەی بەندەکانی دەزانێ و ، باشتر ماهیەتیان دەناسێ ، (ألا يعلمُ مَنْ خَلَق وهو اللطيف الخبير ؟) المُلك / ١٤ .

سێ یەم : پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەموویان خەڵکی شارو ئاوەدانی یەکان بوو ون و ، هیچ کامیان ڕەوەندو کۆچەری نەبوو ون ، ڕەنگە هۆو حیکمەتی ئەمەش ئەوەبێ، کە

www.alibapir.net

خەڵکی نیشتەجێ (الحَضَرْ) لە خەڵکی دەشتەکی (أهـــل البادیة) ژیرو وریاو چاوکراوەترو لێزانترن ، دیــارە پێغەمبەرانیش کە هەڵبژاردەی مرۆڤایەتین ، پێویستە لـە هەموو ڕوویێکەوە ـ تەنانەت لە شوێنی تێدا گەورەبــوون و پێگەیشتنیش دا ـ تێروتەواو بن ، بۆئەوەی بتوانن بــە چاکترین شێوە ئەرکی سەرشانیان بەجێ بێنن و ، پەیـام و بەرنامەی خوا ڕابگەیەنن .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

٣

حیكمەتی ئینسان بوونی پێغەمبەران چییە ؟!

هەر لە سەرەتای مێژووەوە ناحەزو نەیارانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ، (ئینسان بوون) ی پێغەمبەرانیان كردۆتە بروبەهانەی باوەڕ پێ نەهێنانیان و ، چاوپێچكی چاوی خەڵكی عەوام و سادە ، بۆ وێنە : خوای زانا دەربارەی (نووح) و گەلەكەی فەرموویەتی :(ولقد أُرسلنا نوحا إلى قومه فقال يا قوم اعبدوا الله مالَكُم مِنْ إلهٍ غيره أفلا تتقون ؟ فقال الملأُ الذين كفروا مِنْ قومه ما هذا إلاّ بشر مثلكم يريد أنْ يتفضل عليكم ولو شاء الله لأنزل ملائكة ..) المؤمنون/٢٣،٢٤
واتە :

وە بێگومان نووحمان بۆ لای گەلەكەی ڕەوانە كرد ، فەرمووی : ئەی گەلەكەم خوا بپەرستن ! جگە لەوی هیچ خواتان نین ، ئایا خۆتان ناپارێزن ؟! ئەو زلە زلانەی كە بێ بڕوا بوون لە گەلەكەی گوتیان : ـ ئەی خەڵكینە ! ـ ئەم كابرایە بەس ئینسانێكی وەك خۆتانە ، دەیەوێ خۆتان بەسەردا هەڵكێشێ ، وە ئەگەر خوا ویستبای ـ پێغەمبەرمان بۆ بنێرێ ـ فریشتەیەكی دەناردەخوار ..

هەروەها خوای قسەلەجێ لەبارەی هەڵوێستی بت پەرستانی مەككەوە لەبەرانبەر پێغەمبەرماندا صلى الله عليه وآله وسلم فەرموویەتی :(وقالوا ما لِهذا الرسول يأكل الطعام

www.alibapir.net

ويمشي في الأسواق ..) الفرقان / ۷ ، واته :
وه گوتيان : ئه‌مه چ پێغه‌مبه‌رێكه كه خواردنی ده‌خوات و به بازاڕان دا ده‌گه‌ڕێ - به مه‌به‌ستی كاسبی و بژیو په‌یدا كردن - !!

هه‌ڵبه‌ته شتێكی یه‌كجار سروشتی و چاوه‌ڕوان كراوه كه كه‌سانێكی خوانه‌ناس و بت په‌رست ، یان ماددی و دنیاویست عه‌قڵی به په‌رده‌ی هه‌واو ئاره‌زوو داپۆشراویان و ، دڵ و ده‌روونی به خراپه‌و تاوان ژه‌نگ هێناویان قه‌ناعه‌ت به‌وه نه‌كات ، كه (ئینسان) لێی بوه‌شێته‌وه ببێته دوێنراو (مُخاطَب) ی خواو هه‌ڵگری بانگه‌وازو په‌یام و به‌رنامه‌كه‌ی ، چونكه ئه‌وان به‌هۆی له‌خوا دووركه‌وتنه‌وه‌و شوێن كه‌وتنی نه‌فس و ئاره‌زووه‌كانی یه‌وه‌و كه‌وتنه‌ ته‌ڵه‌و داوی شه‌یتانه‌وه ، خۆیان له مرۆڤ شۆڕاندوه‌و سنوورو له‌مپه‌ری نێوان خۆیان و شه‌یتان و ئاژه‌ڵانیان شكاندوه‌و په‌ڕاندوه‌و ، ئنجا به حوكمی یاسای (هه‌ركه‌سه له هه‌مبانه‌ی خۆی دا گوێزان ده‌ژمێرێ) له‌روانگه‌ی كه‌سایه‌تی نزم و په‌ستی خۆیانه‌وه ، ته‌ماشای پێغه‌مبه‌رانی پایه‌به‌رزیشیان كردوه !! ،

به‌ڵێ گومانی تێدا نیه بابایه‌ك بڕواو قه‌ناعه‌تی وابێ كه ئه‌نجام و به‌رهه‌می گۆڕان و په‌ره‌ستاندنی مادده‌یه‌و ، وه‌چه‌ی قه‌وزه‌و قرژاڵ و كرمه‌گڵخۆركه‌یه‌و ، به‌رازئاساو مه‌یموون و سه‌گسار زاده‌یه ، ئاشكرابه كه له‌سۆنگه‌ی خۆڵه‌لا سووك بوونه‌وه ئینسانی هێنده له‌لا گچكه ده‌بێته‌وه ، كه قه‌ت‌قه‌ت ڕێ ی ناكه‌وێ له‌گه‌ڵ خوادا بدوێ و ، په‌یام و به‌رنامه‌ی لێ وه‌ربگرێ !!

كه‌واته : با خوانه‌ناس و بێ بڕوایانی نزم و په‌ست

www.alibapir.net

ئاژەڵانەیان دا بەجێ بهێڵین و ، سەرنج بدەین داخــوا حیکمەتی (ئینسان بوون) ی پێغەمبەران چی یە ؟!
دەتوانین لە چەند خاڵێک دا ئەم مەسەلەیـــــە ڕوون بکەینەوە :
یەکەم : وەک لە باسی چوارەم دا ڕوونی دەکەینەوە گەورەترین حیکمەت و ئامانجی نێررانی پێغەمبەران صلی الله علیهم وسلم بریتیە لە بڕوبەهانە نەهێشتن (إتمام الحجة) ی خەڵکی، وەک فەرموویەتی :(رسلا مبشرين ومنذرين لِئَلاَّ يكون للنـــاس على الله حجة بَعْدَ الرسل ..) النساء / ١٦٥ .
دەجا گومانیشی تێدا نیە کە تەنیا کاتێک وەک پێویست (إتمام الحجة) لەسەر خەڵکی دەکرێ و بڕوبەهانەیـــان ناهێڵرێ کە پەیام و بانگەوازی خوایان بەتەواوی پــێ ڕا بگەیەنرێ ، پەیام و بەرنامەی خواش ناگونجێ وەک پێویست بە خەڵکی ڕابگات ، هەتا وێڕای زمانی وتار (مقال) بە زمانی کردار (حاڵ) یش لە شێوەی واقیعێکی زینـــدوودا نەخرێتە بەرچاویان ، ئەمەش بەس لە حاڵێک دا دەکرێ کە ئەو کەسەی پەیام و بەرنامەی خوای هەڵگرتوە لە جینـــس و سروشت و ڕەگەزی ئەو خەڵکە بێت و ، بەر لە هەموو شتێـــک بۆخۆی بەو بەرنامەو پەیڕەووە پابەند بێت ، هەڵبەتـــە هەربۆیەش لە سوورەتی فاتیحەدا دوای (إهدنا الصـــراط المستقيم) ڕستەی (صراط الذين أنعمت عليهم ..) هاتوە!
دووەم : حیکمەتی دووەمی (ئینسان بوون) ی پێغەمبـــەران ئەوەیە ، کە ئایین و پەیامی خوا بەرنامەو پەیڕەوێکــی فراوان و هەمەلایەنەیی ژیانە ، هەر لە قسەکردن و خواردن و

www.alibapir.net

خواردنەوەو نووستن و هەستان و دانیشتن و بەرێگادا ڕۆیشتنو دەستنوێژ گرتن و خۆشوردنەوە بیگرە هەتا حاڵەتی جەنگ و ئاشتی و حوکم گێڕان و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان !

دەجا بێگومان پیشاندان و دەرەوشانەوەی بەرنامەیەکی ئاوا لەسەر رووپەڕی کردەوەو ئاکاران و لە مەیدانی واقیعو ژیان دا ، حەوجێی بە پێغەمبەرێکی ئینسان هەیە ، کە هەموو ئەو هەڵس وکەوت و دیاردەو ئاکارانەی لە ژیانی خەڵکی دا دەبینرێن ، لە ژیانی ویش دا بەگوێرەی بەرنامەی خواو لە جوغزی شەرع و ئایینەکەی دا ببینرێن ، تاکو خەڵکی بتوانن لە هەموو وردو درشتی ژیانیان دا بیکەنە سەرمەشقو چاوی لێ بکەن ، وەک خودا فەرموویەتی :(لقد کان لکم في رسول الله أسوه حسنة ..) الأحزاب / ٢١ .

سێیەم : سێیەمین حیکمەت ئەوەیە ، کە ئەگەر هاتباو ئەو پێغەمبەرانە ئینسان نەبان - بۆ وێنە فریشتە بوونایە - ئەوکاتە سەرەرای ئەوەی کە خەڵکەکە نەیاندەتوانی لێی حاڵی بن و هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەن ، مەگەر لە حاڵێک دا کە بچووبێنرایە سەر شێوەی ئینسان ، کە دیارە لە حاڵێکی واش دا لەگەڵ ئینسانەکانی دیکە لێیان تێکەڵ دەبوو و دەگۆرا ، وەک خودا لەوبارەوە فەرموویەتی :

(ولو جعلناه مَلَکاً لجعلناهُ رَجُلاً وَلَلَبَسْنا علیهم ما یَلْبِسون) الأنعام / ٩ .

بەڵێ سەرەرای ئەوەش ئەو پێغەمبەرە فریشتەیی یانە نەک هەر نەدەبوونە بیانووبڕی خەڵکی ، بگرە فریشتەیی ێتی ئەو پێغەمبەرانە دەبوو بە چاکترین بەڵگەو بیانووی دەستی

www,alibapir.net

خەڵکی ، چونکە ئەو کاتە دەیانگوت :

جا خوایە ئێمە چۆن لە پێغەمبەرێکی فریشتەیی حاڵی بین ، بۆچی لە ڕەگەزو سروشتی خۆمانت بۆ نەدەناردین ؟!

یان جا خوایە ئێمە کوا وەک فریشتانمان پێ دەکرێ ئەگەر پێغەمبەرەکەشمان فریشتە نەبووایە ، ئەویش هەر وەک ئێمە دەبوو و ، نەیدەتوانی ئەو ئەرکە (قورسە !) بەرێوەبەرێ !!

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

پێغەمبەران بۆچی نێراون؟!

خوا پشتیوان بێ لەبەر تیشکی چەند دەق (نص) ێکی قورئان دا لە چەند خاڵێک دا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە :

یەکەم : بەڵگەو بەهانە بەدەست خەڵکی نەهێشتن لەسەر گرتنی ڕێ ی چەوت و هەڵە :

خوای دادگەر لەوبارەوە فەرموویەتی :(رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعدَ الرسل وكان الله عزيزا حكيما) النساء / ١٦٥ . واتە :

پێغەمبەرانێکی موژدەدەرو ترسێنەرن ، بۆئەوەی خەڵکی لەدوای - نێررانی - پێغەمبەران هیچ بەڵگەیان نەمێنن لەسەر خوا ، وە خوا زاڵ و کاربەجێ یە .(١)

دووەم : چەسپاندنی بیری خوا بەیەک زانین (التوحيد) و، ڕیشەکێش کردنی هاوبەش پەرستی (الشرك) :

خوای تاک و بێ وێنە لەوبارەوە فەرموویەتی :(وما أرسلنا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رسول إلاّ نوحي إليه أنه لا إلٰهَ إلاّ أنا فاعبدون) الأنبياء / ٢٥ . واتە :

---

(١) لەم ئایەتە دەفامرێتەوە کە عەقڵی ئینسان بەتەنێ بەس نیە بۆ بەرنامە دانان و بەڕێوەچوونی بەشێوەیەکی ئینسانانە ، هەربۆیەش خەڵکی پێش هاتنی پەیام و بەرنامەی خوا بە پێغەمبەران دا صلى الله عليهم وسلم مافی گلەیی بیان هەیەو ، بەڵگەیان بەدەستەوەیە !!

www,alibapir.net

وە بەرلەتۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوان نەکردوە مەگەر پێمان ڕاگەیاندوە کە بێگومان جگە لە من هیچ خوا نین ، دەجا بمپەرستن !

سێیەم : بانگ کردن و کۆکردنەوەی خەڵکی لەسەر ڕاستەشەقامی خودا :

خوای چاکەکار لەوبارەوە فەرموویەتی :(.. قد جاءكم مِنَ الله نور وكتاب مبين . يهدي به الله مَنِ اتَّبَع رضوانه سُبُل السلام ويُخرجهم مِنْ الظُلماتِ إلى النور بأذنه ويهديهم إلى صراط مستقيم) المائدة / ١٥ ، ١٦ . واته :

بە تەئکید لەلایەن خواوە ڕووناکی و کتێبێکی ڕوونکەرەوە ـ تان بۆ هاتوە . خوا بەهۆی وی یەوە کەسانێک کە وەدوای ڕەزامەندی وی دەکەون بەرەو ڕێیەکانی سەلامەتی ڕێڕوونی یان دەکات ، وە لە تاریکایی یانەوە بەرەو ڕۆشنایی دەریان دێنێ بە فەرمانی خۆی ، وە بەرەو ڕاستەشەقامێک ڕێڕوونی ـ یان دەکات .

چوارەم : نەهێشتنی ستەم و چینایەتی و خراپەو ، چەسپاندنی دادگەری و یەکسانی و چاکە :

خوای دادگەر لەوبارەوە فەرموویەتی :(لقد أرسلنا رُسُلنا بالبيِّنات وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط وأنزلنا الحديد ..) الحديد / ٢٥ . واته : بێگومان پێغەمبەرانی خۆمانمان بە موعجیزەوە ناردوون وە کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردوونەخوار ، بۆئەوەی خەڵکی بە دادگەری بەڕێوەبچن ، وە ئاسنیشمان ناردۆتە خوارێ .. (چونکە چەسپاندنی دادگەری و لابردنی ستەم بەبێ هێز ناکرێ) .

www,alibapir.net

پێنجەم : بوونە پێشڕەوو سەرمەشق بۆ خەڵکی :

خوای بەرزو مەزن لەوبارەوە فەرموویەتی :

(لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة لِمَن كان يرجوا الله واليوم الآخر وذكر الله كثيرا) الأحزاب / ٢١ .

واتە :

بێگومان لە پێغەمبەری خوادا بۆ ئێوە سەرمەشقی یەکی چاک هەیە ، بۆ کەسێک کە بە ئومێدی - پاداشتی - خواو ڕۆژی دوایی بەو زۆر یادی خوا دەکات .

لەڕاستی دا مەسەلەی سەرمەشقی و پێشڕەوایەتی لە ژیانی ئینسان دا شتێکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە ، چونکە ئەوەی کە هەر لە بەرایی مێژووی مرۆڤایەتی یەوە بۆتە کۆسپ و تەگەرەو گرێ پووچکەی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی و ماددی و مەعنەوی ئینسان بریتی بووە لە نەتوانینی پێوەپابەند - بوون و جێ بەجێ کردنی ئەو یاساو دەستوورانەی کە لەڕێی شەرع و عەقڵەوە لە ڕاستیی و تەواوی یان دڵنیاو مسۆگەر بووە !!

بێگومان تاقە هۆی ئەو نەتوانینەش بریتی بووە لە زاڵبوونی ئەو هەواو ئارەزوو و داخوازی یە بەدو ناشەرعی - یانە کە لە زبڵدانی نەفسی فەرمان بە خراپەکەر (الأمارة) و خوتخوتەو دنەدانی شەیتانی لەعینەوە پەیدابوو ون ، جا لەسۆنگەی ئەوەوە کە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام خاوەنی دڵ و دەروونێکی پاک و عەقڵ و هۆشێکی زۆر چاک بوو ون ، بە یارمەتی خوا توانیویانە کە ١٠٠% مەبەستی نێو دڵ و قسەی سەر زمان و کردەوەی ئەندامەکانیان یەک بن ، لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیانی تاکیی و

www,alibapir.net

کۆمەڵایەتی یان دا ، لەسۆنگەی ئەمەشەوە توانیویانە ببنە چاکترین و ڕاستترین پێشڕەوو سەرمەشقی مرۆڤایەتی .

شەشەم : ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە حەقیقەتی ژیانی دنیای تەمەن کورتی فریودەر :

خوای میهرەبان لەوبارەوە فەرموویەتی :

(وما هذه الحياة الدنيا إلاّ لَهوٌ ولَعِب ، وإن الدار الآخرة لَهِيَ الحَيَوان لو كانوا يعلمون) العنكبوت/ ٦٤ .

واتە :

وە ئەم ژیانە دنیایی یە جگە لە خۆخافڵاندن و یاری چیدی نیە ، وە بێگومان بەس- ژیانی - مەنزڵی دواڕۆژ ژیانی ڕاستەقینەیە ، ئەگەر بزانن !

بەڵێ بێگومان فەرامۆشکردنی مردن و لەبیرچوونەوەی ئامانج و مەبەستی ژیانی دنیا - کە تاقیکرانەوەیە - و زیاد لە پێویست سەرگەرم بوون و فریوخواردن بە جوانی و زەرق و بەرقی ڕواڵەت و کەم و کورت و کەم ماوەی ژیانی دنیا ، کۆمەڵە نەخۆشی و دەردێکی یەکجار بێزراو و کوشندەن و ، مرۆڤایەتی زۆر حەوجێی بەو زاتە بەرزانەیە کە نێونێوە نقورچکی وریاکردنەوەی لێ بدەن و نەیەڵن پێنج و دوو ڕۆژی ژیانی دنیا بیکاتە دیلی خۆی و نەبێتە کۆیلەی نەفس و ئارەزووەکانی ، کە سەرچەمی دەردو نەخۆشییە تاکی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یەکانیش هەر لێرەوە سەر هەڵدەدەن و پەیدادەبن .

حەوتەم : سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤ بۆ سەرەتا و سەرەنجامی و کارەساتەکانی دوای مردن :

www.alibapir.net

خوای خاوەن لوتف و بەزەیی لەوبارەوە فەرموویەتی :
(یا مَعشرَ الجن والأنس ألَمْ یأتِکُم رُسُلٌ منکم یَقصّون علیکم آیاتي ویُنذرونکم لِقاءَ یومِکُم هذا ؟ قالوا شهدنا علی أنفسِنا وغرّتهم الحیاةُ الدنیا وشهدوا علی أنفسهم إنهم کانوا کافرین ..) الأنعام / ١٣٠ . واتە :
ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ ! ئەدی پێغەمبەرانێک لەخۆتان نەهاتنە لاتان ، کە ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوەو ، لە دیداری ئەم ڕۆژەتان دەیان ترساندن ؟! گوتیان : شایەدی لەسەر خۆمان دەدەین ، وە ژیانی دنیا فریوی دان ، وە شایەدی یان لەسەر خۆیان دا کە بێ بڕوا بوون (بۆیە بەو دەردە چوون) .
بەڵێ خوێنەری بەڕێز !
یەکی دیکە لە ئامانج و مەبەستە هەرە گرنگەکانی نێررانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بریتی بووە لەوەی کە سەرەتا (مبدأ) و سەرەنجام (مصیر) بخەنە بەرچاوی خەڵکی و ، تەنیا ئەم قۆناغە کورتەی ژیانی دنیا نەبینن و بەین بەین چاوێک بە ڕابردوویان دا بگێڕنەوەو جارو بار ، سەر بەرزبکەنەوەو ئەوپەڕو کۆتایی و سەرەنجامی ژیانی دنیاو قۆناغەکانی دوایشی ببینن و ، هەروەک چۆن خەمی ئەم چەند ڕۆژەی ژیانی دنیایان دەخۆن و ڕەنجی بۆ دەدەن ، ژیانی دواڕۆژیش لەبیرنەکەن و لە گەرمەی جم و جۆڵ و چالاکی یەکانی ئەم ژیانەیان دا ، ژیانی ئەو دنیاش لەبەرچاو بگرن و بیرێکی دوای مردن و گۆڕەپانی قیامەت و ڕاوەستانی بەردەمی دادگای خواو پەڕینەوەی پردی سەرپشتی دۆزەخیش بکەن !

www,alibapir.net

٥

ئەرکە سەرشانەکانی پێغەمبەران
صلی الله علیهم وسلم چین؟!

خوێنەری بەڕێز !

خوای دادگەرو کاربەجێ کە خاوەنی ئەوپەڕی زانیاری و بەزەیی و کارزانی و دادگەری یە ، قەت ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێ کە کارێک بە کەسێک بسپێرێ ، توانای جێ بەجێ کردنی نەبێت ، چونکە ئەو بۆخۆی بەندەکانی فێرکردوە کە لێی بپاڕێنەوەو بڵێن :(.. ربنا ولاتُحَمِّلْنا مالا طاقة لنا به ..) البقرة / ٢٨٦ . واتە : .. پەروەردگارمان وە شتێکمان لێ داوا مەکە کە توانامان پێی نەشکێ .. وە بۆخۆشی فەرموویەتی :(لایُكَلِّفُ اللهُ نفسا إلاّ وُسعها ..) البقرة / ٢٨٦ . واتە : خوا داوای - هیچ شتێکی - لە توانا بەدەر لەکەس ناکات ..

جا بێگومان پێغەمبەرانیش علیهم الصلاة والسلام وەک لە باسەکانی ڕابردوودا خستمانەڕوو بارێکی یەکجار قورس و ئەرکێکی زۆر گرنگ و مەترسی داریان پێ سپێرراوە ، کە دەتوانین بۆ زێدە ڕوون بوونەوە لەچەند خاڵێکدا بیخەینەڕوو :

١- پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام چەند بەندەیەکی دانستەو شایستەن کە خوا هەڵی بژاردوون و وەحی بۆ ناردوون .

٢- یاساو دەستوورەکانی شەرع و بەرنامەی خوا بە خەڵکی ڕادەگەیەنن .

٣- بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆلای خوا .

www.alibapir.net

٤ـ بە فەرمانی خوا گوێ ڕایەڵی و فەرمانبەری یان لەسەر ئوممەتەکانیان فەرزە .

٥ـ خوا گێڕاونی بە پێشەواو سەرمەشقی خەڵکی لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیان دا .

٦ـ ڕابەرو مشوورگێڕی مرۆڤایەتین و پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر خەڵکی ڕابگەن و گیروگرفتە فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یەکانیان بەپێی توانا و بەگوێرەی بەرنامەی خوا چارەسەر بکەن .

٧ـ هەواڵی مەسەلە پەنهانەکانی وەک سەرەتا (مبدأ) و سەرەنجام (مصیر) و ، ژیانی نێو گۆڕو بەرزەخ و ، ڕۆژی دوایی و کارەساتە گرنگ و سامناکەکانی و چۆنیەتی کۆکردنەوەو لێپرسینەوە (الحشر والحساب) و بەهەشت و دۆزەخ ـ بەناوی خواوە ـ بەخەڵکی ڕادەگەیەنن .

ئنجا شتێکی ئاشکراشە کە هەرکام لەم ئەرکانە شتێکی یەکجار گرنگ و قورسەو هەرکەسێک وەئەستۆی بگرێ حەوجێ ی بە چەند خەسڵەتێکی تایبەتی و گرنگ دەکات ، چ جای هەمووشیان !!

هەربۆیەش خوای میهرەبان و کاربەجێ (سبحانه وتعالى) بە لوتف و بەخششی خۆی پێغەمبەرانی پایەبەرزی علیهم الصلاة والسلام بەچەند سیفەتێکی گرنگ و مەزن ڕازاندۆتەوەو بەهرەمەند کردوە ، کە ئەو خەسڵەت و ئیمتیازە بەرزو پەسندانە بوونە هۆی ئامادەیی و لێوەشاوەیی ئەو زاتە پایە بەرزانە بۆ ئەنجام دانی ئەرکی سەرشانیان .

جا هەرچەندە زاناو توێژەرەوان بەتایبەتی زانایانی (علم الکلام) لە چۆنیەتی ڕیزکردن و ژماردنی ئەو خەسڵەتانەدا هەندێک جیاوازی لەنێوانیان دا هەیە ،

www.alibapir.net

بۆ وێنە زۆربەیان لەسەر ئەو ڕایەن کە (فطانة و أمانة و صدق و تبلیغ) ئەو خەسڵەتە بەرزە تایبەتیو پێویستانە پێک دێنن ، بەڵام ئەوەی لە قسەی تێکڕای زانایان وەردەگیرێ و لەئەنجامی تێوەڕامان (إستقراء) ی حاڵ و واقیعی پێغەمبەرانەوە دەستگیر دەبێ ، ئەوەیە کە هەموو ئەو مەرج و خەسڵەتانەی کە لەم چەند خاڵەدا دەیانخەینەڕوو، لەهەموو پێغەمبەران دا علیهم الصلاة والسلام هەبوون و ، پێویستیش بووە هەبن :

یەکەم : (ئینسان بوون) ، هۆو حیکمەتی ئینسان بوونی ئەو زاتانەش پێشتر خرایەڕوو .

دووەم : (پیاوبوون ـ الرجولة)،ئەمیش لەبەرئەوەی کە نسروشت و پێکهاتنی جەستەیی و دەروونی و عەقڵیی ئافرەت لەگەڵ ئەرک و پایەی پێغەمبەرایەتی دا ناگونجێ .

سێ یەم : نیشتەجێ بووێتی ، ئەم خەسڵەت و مەرجەش لەزۆر ئایەتی قورئان و لە حاڵ و واقیعی پێغەمبەرانیش دا دەبینرێو حیکمەتەکەشیمان باس کرد .

چوارەم : خەسڵەتی (الفطانة) ، کە بەمەعنای عەقڵ و تێگەیشتن و [1] وریایی دێ و ، پێچەوانەی گێلیی و کەودەنی و فەقیرحاڵیی یە .

پێنجەم : خەسڵەتی (الأمانة) ، کە بەمەعنای دڵ و دەست و زمان پاکی دێ و ، پێچەوانەی (خیانة) ناپاکی یە ، چونکە وشەی (أمانە) [2] لە ئەسڵ دا لە (أمن) ەوە هاتووە

---

(١) بڕوانە (لسان العرب) ج١٢ ص ٣٢٣ / ابن منظور .

(٢) سەرچاوەی پێشوو / ص ٢١ ، ٢٤ .

www,alibapir.net

كە بە ماناى دڵنيايى و بێ باكى دێ ، كەواتە ئينسانى (أمين) ئەو كەسەيە كە لە شەڕو خراپەى دڵ و زمان و ئەندامەكانى دڵنياو بێ ترس و بيم بن و ، (خائن) يش بەپێچەوانەوە .

شەشەم : خەسڵەتى (الصدق) ، واتە : ڕاستى ى ، بەڵام نەك تەنيا ڕاستى ى زمان ، وەك زۆر كەس وا حاڵى بووون و بەهەڵە لەبەرانبەر وشەى (صدق) دا (ڕاستگۆيى) دادەنێن ، بەڵكو (صدق) ڕاستى ى دڵ و زمان و ئەندامەكان ، يان ڕاستى ى دەرو دەروون (ظاهر و باطن) دەگەيەنێ .

حەوتەم : سيفەتى (التبليغ) ، واتە : ڕاگەياندنى بەرنامەى خوا ، بە زمانى گوتارو كردار (المقال والحال) ، وە نەشاردنەوەو پشت گوێ نەخستنى گچكەترين شتيش .

هەشتەم : سيفەتى (العصمة) ، واتە : پارێزران لە خراپەو تاوانى گچكەو گەورە ، وشەى (عصمة) يش لە ئەسڵى زمان دا بە مەعناى پێشگيرى لێ كردن (منع) دێت ، بەڵام پێشگيرى كردنێك كە ببێتە هۆى پاراستن (حفظ) ، بەڵام لە زاراوى شەرع دا بريتيە لەوەى كە خواى ميهرەبان يەكێك لە بەندەكانى خۆى لە هەڵەو تاوانى گەورەو گچكە بپارێزێ ، دەربارەى (عصمة) ى پێغەمبەرانيش صلى الله عليهم وسلم تێكڕاى زانايان لەوەدا يەكدەنگن كە ئەو زاتە بەرزانە بەر لە پێغەمبەرايەتى و دواى پێغەمبەرايەتيش لە گوناحى گەورە پارێزراون ، بەڵام سەبارەت بە پارێزرانيان لە وردە گوناحان چ پێش پێغەمبەرايەتى و چ لەدوايەش لەنێو زانايان دا مشت ومڕ هەيەو ڕايان جياجيايە .

(قرطبي) لەوبارەوە لە تەفسيرى(الجامع لِأحكام القرآن)دا

www,alibapir.net

فەرموویەتی :
((وە زانایان دوای ئەوەی تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ، لە گوناحە زلەکان (الکبائر) و لە هەر خەسڵەتێکی نزم کە ناشیرینی و ناتەواوی ی تێدابێ پارێزراون ، لەوەدا کە ئایا گوناحی گچکە لیێ ڕوودا ون یان نا ؟ مشتومڕیان لەنێوان دا هەیە ، جەماوەری شەرع زانان (جمهور الفقهاء) فەرموویانە : کە وەک چۆن لە گوناحە زلەکان پارێزراون بەهەمان شێوەش لە تێکڕای گوناحە گچکەکانیش پارێزراون ، چونکە ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە شوێنیان بکەوین لە کردەوەو پەرێزو ئاکاریان دا ، ئەو فەرمان پێکرانەش بە موتڵەقی یەو بە هیچ نیشانە (قرینة) یەکەوە نەبەستراوەتەوە ، جا ئەگەر بێت و بڵێین دەگونجێ گوناحی گچکەیان کردبێ ، ئەوە ناتوانین بیانکەینە سەرمەشق و پێشڕەو ، چونکە مەرج نیە هەموو کردەوەیەک لە کردەوەکانیان بۆ ئێمە جیا بێتەوە داخوا کاتی خۆی بەمەبەستی لەخوا نیزیک بوونەوە کراوەو ئێستاش حەڵاڵە ، یان کاتی خۆی خراپەو گوناح بووەو ئێستا قەدەغەیە ، دیارە لە حاڵێکی واش دا ناگونجێ فەرمان بە ئینسان بکرێ ، چونکە دەبینی تاوان و خراپەیە !!
(أبو إسحاق الأسفرايينی) یش لە زانایانی (أهل السنة) فەرموویەتی : پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هیچ جۆرە گوناحێکیان لێ ڕوونادات ، چونکە لە گوناحە وردو درشتەکان پارێزراون ، ئەمەش داخوازی ی بەڵگەی موعجیزە بەدەستەوە بوونە ، هەندێکیش گوتوویانە : دەگونجێ وردە گوناحیان هەبووبێ ، بەڵام ئەم قسەیە هیچ بنچینەیەکی نیە ، وە ئەوەی

www.alibapir.net

که زۆربه لەسەرنی ئەوەیە کە دروست نیە گوناحی گچکەشیان هەبێ .

وە هەندێک لە زانایانی دوایی (المتأخرین)گوتوویانە : ئەوەی شایانی باسە ، ئەوەیە کە خوای بەرز هەواڵی داوە کە هەندێکیان گوناحیان کردوون ، وە گوناحەکانی پاڵداوەتە لایان و لەسەر ئەوە سەرکۆنەشی کردوون ، ئەوانیش ئەو گوناحانەیان بە ئی خۆیان داناون و، ناڕەزایی یان دەربارە دەربڕیون و، لێیان ترساون و لێیان ژیوان بوونەوە ، هەموو ئەم بابەتانە لە زۆر جێ یان دا هاتوون و هەمووشیان پینە ناکرێن ، ئەگەر هەندێکیشیان تەئویل هەڵبگرن ، بەڵام هەموو ئەوانەش لە پلەوپایەی وان داناشکێنێ ، چونکە ئەو هەڵەو پەڵانە لەڕووی غەڵەت و لەبیرچوونەوەوە بوو ون و ، هەرچەندە بۆ وان بە خراپە (سیئة) لەقەڵەم درابن ، بۆ غەیری وان بە چاکە (حسنة) دادەنرێن ، (جُنَیْدْ) یش چاکی فەرمووە کە گوتوویەتی :(حَسنات الأبرار سیئات المقربین) چونکە ئەوەی کە کرێکار (أُجیر) لەسەری خەڵات دەکرێ ، وەزیر لەسەری سزا دەدرێ ، (قرطبي) دەڵێ : بێگومان هەر ئەمەش ڕاستە ، چونکە ئەو زاتانە صلوات الله وسلامه علیهم هەرچەندە چەند دەقێک شایەدی یان داوە کەهەندێک هەڵەیان کردوون ، بەڵام ئەوە لە شانی وانی نەهێناوەتەخوارو لە پلەوپایەیانی دانەشکاندوە ، بەڵکو خوا لەسۆنگەی ئەوەوە دەفریایان هاتوەو هەڵی بژاردوون و ، ڕێڕوونی کردوون و پاکی کردوونەوەو ، پەسندی کردوون و بەرزی کردوونەوە ، صلوات الله وسلامه علیهم)) .(١)

---

(١) بروانە (الجامع لِأحكام القرآن) ج١ ص٣٠٨ ، ٣٠٩ . بەتۆزێک کورت کردنەوە (إختصار) وە .

www.alibapir.net

هەرچەندە توێژینەوەی ئەم سیفەتە لەچاو سیفەتەکانی دیکە زۆری گرت ، بەڵام پێویستە چەند شتێکی دیکەش هەر بخرێنە ڕوو :

یەکێ : بێجگە لە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هیچ کەس پارێزراو (معصوم) نیەو ، ڕێ ی تێ دەچێ و دەگونجێ تووشی هەڵەو تاوان ببێ ، با لە واقیع و (نفس الأمر) دا تووشیش نەبێت ، وە ئەوەش کە مسوڵمانانی (شیعە) دەیلێن کە گوایە هەرکام لە دوازدە (١) پێشەوایەکانیان هەر لە (علي بن أبي طالب) ەوە بگرە رضي الله عنه هەتا (محمد ابن حسن العسکري) کە بە (المهدي المنتظر)ی ناودەبەن ، لە هەموو هەڵەو ناتەواوی یەکان پارێزراون ، هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی و شەرعی ڕاستەقینەی لەسەر نیە ، ئیمام (مالک) یش لەوبارەوە جوانی فەرمووە :(ما مِنّا إلا من رد ، ورُدّ علیه إلاّ صاحب هذا القبر) واتە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام .

دوو : تەنیا لە ئیسلام دا ڕێزو حورمەتی تەواو بۆ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام دانراوە ، دەنا لە (تەورات و ئینجیل) ی ئێستای دەستی جوولەکەو دیانەکان کە دەستکاری کراون و گۆڕراون شتی زۆر بێ جێ و ناقۆڵا کە تەنانەت لە مسوڵمانی سادەو ئاساییش ناوەشێتەوە ، پاڵدراوەتە لای ئەو زاتە بەرزانە ، بۆ وێنە : مەیخواردنەوەو

---

(١) بێگومان هەرکام لەم دوازدە زاناو پێشەوایە لەلای (اهل السنة) ش جێی ڕێزو حورمەتن ، ئەوەندە هەیە ئێمە جگە لە پێغەمبەران هیچ کەس بە (معصوم) نازانین ، تەنانەت چوار جێ نشینەکانیش کە بە (الخلفاء الراشدون) ناسراون ، چونکە بەڵگەیەک لەوبارەوە شک نابەین .

www.alibapir.net

زیناکردن لەگەڵ کچی خۆدا پاڵدراوەتە لای (لوط) علیــه السلام !! (١) وە گوتراوە کە گوایە (داود) علیه السلام لەگەڵ ژنی (ئۆریا) دا زینای کردوەو (٢) ئاوسیش بووە، لەحاڵێک دا کە (ئۆریا) سەرکردەی سوپای (داود) بووە! وە گوتراوە کە گوایە (سلیمان) لە دوادوای تەمەنــی دا هەڵگەراوەتەوەو دەستی کردوە بە بتپەرستی !! (٣)

ئەمە سەبارەت بە جوولەکە ، دیانەکانیش گومانیــان وایە کە جگە لە (مسیح) علیه السلام کە تاقە پارێزراو (معصوم) ە ، تێکڕای ئینسانەکان ، پێغەمبەرو غەیــری پێغەمبەر گوناح و تاوانان دەکەن ، تەنیا (عیســا) ش دەبێتە تکاکارو ڕزگارکەری ئەو تاوانبارانە ، وەک ئینجیل دەڵێ !! (٤)

نۆیەم : دووری لەهەر عەیبێکی خەڵک ڕەوێنەرەوە (السلامـةُ مِنَ العیوب المُنَفِّرة) ، جا ئەو عەیب و ناتەواوی یــە چ جەستەیی (خَلْقي) بێ ، چ دەروونی (خُلُقـــي) ، وەک سیلداری و گولی و بەڵەکی و ، ڕژدی و ترسنۆکی و تەنگــە پرێسکەیی .

کەواتە ئەوەی کە دەربارەی (أيوب) علیه السلام لە هەندێک کتێبان دا گێڕراوەتەوە کە گوایە کرمێ و بۆگەنیو بووەو تەنانەت لەبەرچاوی هاوسەرە ئارامگرەکەشی بێزراوە!! هیچ گومانی تێدا نیە کە درۆو دەلەسەی ڕووتەو، یەکی دیکەیە

---

(١) بڕوانە (التوراة) سفر التكوين ص ١٢٨ .
(٢) سەرچاوەی پێشوو (الباب الحادي عشر) مِنْ سفر صموئيل .
(٣) سەرچاوەی پێشوو (الباب الحادي عشر) مِنْ سفر الملوك .
(٤) بڕوانە (النبوة والأنبياء) محمد علي صابوني ص ٦٧ .

www.alibapir.net

لەو شتە پڕووپووچانەی کە بە (إسرائیلیات) ناسراون و، لەلایەن هەندێک کەسی دڵساف و سادەو لاسا کەرەوە تێکەل بە کتێبەکانی مێژوو و تەفسیر کراون، بەڵگەشمان ئەوەیە کە:

أ- خوا پێغەمبەرانی پایەبەرزی بۆیە ناردوون تاکو خەڵکی بەرەو خوا بانگەواز بکەن و بەرنامەی خوایان لەلا شیرین بکەن، کەواتە: هیچ ماقووڵ نیە ئەو ئەرکە بەرزو پیرۆزە بەکەسێک بسپێرێ کە نەک هەر نەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی، بەڵکو ببێتە هۆی ڕەواندنەوەو سڵەمینەوەیان!

ب- ئەو نەخۆشیەی کە (أیوب) تووشی بووە، قورئان ئاوای باسکردوە: (وأیوب إذ نادیٰ ربَّهٗ إني مَسَّنِيَ الضُرُّ وأنت أرحم الراحمين) الأنبیاء/ ٨٣. واتە: وە ئەیوب لەکاتێکدا بانگی پەروەردگاری کرد، کە من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، وە تۆش میهرەبانترینی میهرەبانانی.

وەک دەبینین هیچ باسی گول بوون و کرمێ بوون و... شتی وای تێدا نیە.

ئێستاش بەپێویستی دەزانم بەرلەوەی ئەم باسە گرنگە بەجێ بهێڵین، جارێکی دیکە سەرنجی ئەو خەسڵەتە بەرزە تایبەتی و پێویستانە بدەینەوەو بزانین لەبەرچی هەبوونیان لە پێغەمبەراندا علیهم الصلاة والسلام شتێکی گرنگ و پێویستە!

جارێ دەربارەی خەسڵەتی یەکەم و دووەم و سێیەم (ئینسانێتی و پیاوێتی و نیشتەجێ یی)، ئەوە لەڕابردوودا شتێکمان خستەڕوو و هەر ئەو ئەندازەیەش بەپێویست دەزانم. بەڵام سەبارەت بە هەرکام لە خەسڵەتی (فطانة و أمانة

www.alibapir.net

و صدق و تبليغ) دەڵێین :

هیچ ماقووڵ نیە بابایەک ئەرکی پێغەمبەرایەتی پێ بسپێرێ ـ ئەو ئەرکەی کە لەسەرەتای باسەوە لە (٧) خاڵان دا خستمانەڕوو ـ کە خاوەنی ئەوپەڕی عەقڵ و بیرتیژیو زەین ڕوونی و وریایی و لێزانی نەبێ ، چونکە ئەرکی ناوبراو وا داخواز دەکات کە بابای پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەهەموو بوارەکانی فیکری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابووری دا واقیعی خەڵک و کۆمەڵگا بگۆڕێ و ، سەرلەنوێ لەسەر بنچینەی بەرنامەو پەیرەوی خوا هەوڵی چاککردن و دامەزراندنەوەی بدات و ، دیارە لە حاڵێکی واش دا ئەو پێغەمبەرە لەگەڵ دەیان جۆرە کۆسپ و تەگەرەو گیروگرفتی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا ڕووبەڕوو دەبێت و ، ئەگەر بێت و عەقڵ و هۆشێکی یەکجار تیژروتەواوی نەبێت ، ناتوانێ ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکات ، دیسان هەرکام لە (أمانە و صدق و تبليغ) یش بەهەمان شێوە ، چونکە بابایەک خەڵک تێیرا نەبینن بیکەنە ئەمینداری خۆیان و متمانە بە قسەو ڕەفتارو کرداری نەکەن و ، توانای ڕاگەیاندنی بێ پێچ و پەنای بەرنامەو بانگەوازی خوای نەبێت ، ناتوانێ ئەو ئامانج و مەبەستەی کە بۆی نێرراوەو ئەو ئەرکەی کە پێی سپێرراوە بیهێنێتەدی و ، لە حاڵێکی واش دا حیکمەتی ڕەوانەکرانی ئەو زاتە دەفەوتێ و ، بێگومان خوای زاناو کاربەجێش ، کاری بێ حیکمەت و بێ سوودی لێ ناوەشێتەوە .

سەبارەت بە خەسڵەتی هەشتەمیش (عصمة) پێم وایە ئەوەندە قسانەی کە لە (قرطبي) یەوە نەقڵمان کردن ، مەداری ئێمەیان لەوبارەوە سازکردوەو بەپێویستی نازانم

www.alibapir.net

چیدی لەسەر بڕۆین .

دەربارەی خەسڵەتی نۆیەمیش وەک پێشتر گوتمـــان ، پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئامانجی هەرە سەرەکـی و بنەڕەتی یان بانگکردن و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی یـەو ، دیارە هەموو ئەو عەیب و ناتەواوی یە جەستەیی و دەروونـی - یانەش کە دەبنە هۆی سڵەمینەوەو دوورکەوتنەوەی خەڵک ، پێچەوانەی ئەو ئامانج و مەبەستە گرنگ و سەرەکی یەن کـە ئەو زاتە بەرزانەی بۆ ڕەوانەکراون .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

٦

تایبەتمەندییەکان ـ خصائص ـ ی بانگەوازی پێغەمبەران کامانەن ؟!

خوێنەری خۆشەویست !

بۆئەوەی چاکتر جۆرو چۆنیەتی کەسایەتیی پێغەمبەرانمان علیهم الصلاة والسلام بۆ ڕوون بێتەوە ، پێویستە هەوڵ بدەین زیاتر لە جۆرو چۆنیەتی بانگەوازەکەیان وردبینەوە ، جا خوا پشتیوان بێ هەوڵ دەدەین کە لەم باسەدا لەچەند خاڵێک دا تیشکێک باوێینە سەر گرنگترین و سەرەکی ترین ئیمتیازو تایبەتمەندی یەکانی بانگەوازو خەت و ڕێبازی ئەو زاتە بەرزو پەسندو پێشەواو سەرکردە دڵگیرو ڕەندانە صلوات الله وسلامه علیهم أجمعین .

یەکەم : یەکەمین و بنەڕەتی ترین ئیمتیازو تایبەتمەندیی بانگەوازو ڕێبازی پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا ئەوەیە کە : بانگەوازو ڕێبازێکی خوایی یە ، واتە : لەخوای پەروەردگارەوە سەرچاوەی گرتوە نەک لەخۆیانەوە یان سەرچاوەیەکی دیکەوە ، وە خواش بەو کارە ڕای سپاردوون و لەسەری پێویست کردوون ، نەک بۆخۆیان حەزیان لێ کردبێ و هەڵیان بژاردبێ !

دەقی قورئانیش لەوبارەوە زۆرن بۆ نموونە :

أ ـ (قل لو شاء الله ما تَلَوْتُهُ عليكم ولا أدراكم به ، فقد لَبِثْتُ فيكم عُمُرا مِنْ قبله أفلا تعقلون ؟!) یونس / ١٦ .

واتە : بڵێ ئەگەر خوا ویستبای بەسەرمدا نەدەخوێندنەوەو

www,alibapir.net

لەبارەشیەوە شارەزام نەدەکردن ، چونکە پێش ـ هاتنی ـ وی تەمەنێک ـ ی چل ساڵە ـ م لەنێودا گوزەراندوون ، ئایا نافامن ؟! (کە ئەگەر قورئان ئی خۆم بوایە پێشتر بەسەرم دا دەخوێندنەوەو پێم ڕادەگەیاندن !) .

ب ـ (وكذلك أوحينا إليك روحا مِنْ أمرنا ، ماكُنتَ تدري ما الكتاب ولا الإيمان ..) الشورى / ٥٢ . واتە : وە ئاوا بە فەرمانی خۆمان ڕووحێکمان بۆلا ناردی ، کە تۆ نەتدەزانی نە کتێب چی یەو نە بڕوا ..

ج ـ (قل مايكون لي أن أبدله مِنْ تلقاء نفسي إنْ أتبع إلاّ ما يُوحى إليّ ، إنّي أخاف إن عصيتُ رَبيّ عذاب يومٍ عظيم) يونس / ١٥ . واتە : بلّێ من بۆم نیە کە لەلایەن خۆمەوە بیگۆڕمەوە ـ بە کتێبو بەرنامەیەکی دیکە ـ من بەس شوێن ئەو ـ پەیام ـ ە دەکەوم کە پێم ڕادەگەیەنرێ ، من ئەگەر سەرپێچی لە پەروەردگارم بکەم لە ئازاری ڕۆژێکی مەزن دەترسم !

بەڵێ بانگەوازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام زادەو هەڵقوڵاوی بیرو هۆشی خۆیان نیەو ، لە ئەنجامی ئەزموون و تەجرەبەی زاتیی خۆیانەوەو ، هەست کردنیان بە بارودۆخی ناهەموارو گیروگرفتو دەردە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئابووری یەکانی ئەو ژینگە (بیئة) یەوە کە تێیدا ژیاون ، پەیدا نەبووە ، بەڵکو لە لوتفو بەزەیی و زانیاری بێ سنووری خواوە سەرچاوەی گرتوەو ، لەلایەن وی یەوە وەک ئەرکێک پێیان سپێرراوە .(١)

---

(١) بڕوانە کتێبی (النبوة والأنبياء) محمد علی صابوني ، .. ص ٣٤، ٣٥ . وە بڕوانە (النبوة والأنبياء) نووسینی : ابوالحسن الندوي / ص ٣٥ ، ٣٦ .

www.alibapir.net

هەڵبەتە ئەلێرەشدا وەڵامی پرسیارێکی گرنگ و مەتەڵێکی پێچراوەمان دەستگیر دەبێ ، ئەویش ئەوەیە : کە بۆچی پێغەمبەران - و شوێن کەوتووانی ڕەسەنیشیان - بەپێچەوانەی فەیلەسووف و سەرکردەو بلیمەتانی جۆراوجۆرەوە ، هیچ کاتێک ئامادە نەبوون کە لەبەرانبەر هیچ تەماع و ترس وەبەرنان (تطميع و تخويف) ێکدا هێندەی سەری دەرزی یەک لە بەرنامەو بانگەوازەکەیان کەم بکەنەوە ، یان بیگۆڕن ؟!(١)

دووەم : یەکی دیکە لە جیاوازی یە بنەڕەتی یەکانی بانگەوازی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام لەگەڵ بانگەوازەکانی دیکەدا ، ئەوەیە کە هیچ کاتێک ئەو زاتە بەرزو بەڕێزانە چاوەڕوانی ی هیچ جۆرە ئافەرین و کرێ و پاداشت و مزەیەک لە هیچ کەس نەبوون بێجگە لەخوا - جل جلاله -، وەک خودا لەوبارەوە فەرموویەتی :(قل ماأسألكم عليه مِنْ أجر وماأنا مِنَ المتكلفين) ص / ٨٦ . واتە : بڵێ هیچ جۆرە کرێ و پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم ، وە من لە خوازەڵۆکان(٢) نیم .

ئنجا هەر لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام - و شوێن کەوتووانی، ڕەسەنیشیان - توانیویانە هێندە بە بێ منەتی و ڕاشکاوی و لەخۆڕادیتوویی یەوە بانگەوازی خۆیان بکەن و ، بتوانن دەست لەچاوی شێریش بنێن ، بەڵێ هەرچی پاکە بێ باکە !

---

(١) بڕوانە (تهذيب سيرة ابن هشام) عبدالسلام هارون ، ص ٦٤،٦٥ . وە بڕوانە (الحرب النفسية ضد الاسلام في عهد الرسول في مكة) د . عبدالوهاب كحيل / ص ١٨١،١٨٢،١٨٣ .
(٢) خوازەڵۆک : بە ئینسانێک دەڵێن کە زۆر داوای شتی لە خەڵکی بکاو ببێتە مایەی سەرگەرانی وان و خۆسووک کردنی خۆشی .

www.alibapir.net

سێیەم : یەکێ دی لە نیشانەو درووشمە تایبەتی یەکانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئەوەیە کە یەکەمین هەنگاوی دەست پێ کردنیان و بەردی بناغەی کارکردنیان بریتی بووە لە چەسپاندنی بیری خوا بەیەک زانین (التوحید) ، وەک خوای بەرزو مەزن و تاک و پاک لەوبارەوە فەرموویەتی : (وما أرسلنا مِنْ قبلك مِنْ رسول إلاّ نوحي إليه انه لا إلهَ إلاّ أنا فاعبدون) الأنبياء / ٢٥ .

(تێبینی : ئەم ئایەتە پێشتر تەرجەمە کراوە) .

زانای ناودار (أحمد الدهلوي) لەوبارەوە فەرموویەتی: (بێگومان پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام سەرەتای بانگەوازەکەیان و گەورەترین ئامانجیان لە هەموو ڕۆژگارێک دا و لە هەموو ژینگە " بیئة " یەک دا بریتی بووە لە ڕاستکردنەوەی بیروباوەر (تصحیح العقیدة) لەبارەی خوای بەرزەوە ، وە ڕاستکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەندەو پەروەردگاری ، وە بانگەوازکردن بۆ ساغ کردنەوەی گەردن کەچی (إخلاص الدین) و یەکلاکردنەوەی خواپەرستی بەتەنێ بۆخوا ، وە ڕاگەیاندنی ئەوە کە بەس ئەو سوودو زیان گەێن و ، شایستەی پەرستن و پاڕانەوەو پەنا پێ بردن و قوربانی بۆ سەربڕینە ، وە هێرشی پێغەمبەران و زەبری توندیان ئاراستەی ئەو بت پەرستی یە کرابوو کە لەسەردەمی وان دا لەئارادابووە ، کە بەشێوەیەکی زەق لە پەرستنی بت و صەنەم و ، پیاوچاکان دا ـ لە مردووان و زیندووان ـ خۆی دەنواند ....) .(١)

---

(١) بڕوانە (حجة الله البالغة) ، وە بڕوانە (النبوة والأنبياء) محمد علي صابوني / ص ٣٧ ، ٣٨ .

www,alibapir.net

بێگومان حیکمەت و فەلسەفەی ئەم جۆرە سیاسەت و شێوازەی پێغەمبەرانیش صلوات اللە وسلامە علیهم ، ئەوە بووە کە بێ بڕوایی (الألحاد) و هاوبەش پەرستی (الشرک) ، بە واتایەکی دیکە ، خوانەناسین و بەهەڵە خوناسین مـاک و بنەمای هەموو دەردو نەخۆشی بە فیکری و ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ئینسانن و ، بەپێچەوانەوەش بەڕاستی ناسینی خوا کە لەپێش هەموو شتێک دا لە بە تاکزانیـن (توحید) ی دا دەدرەوشێتەوە ، سەرچاوەی بەپێزی هەموو جۆرە چاکی و پاکی و خێرو خۆشی یەکی ماددی و مەعنەوی یە لە ژیانی تاک و کۆمەڵ دا ، چونکە خوا - جل جلالە - خاوەنی ئەوپەڕی چاکی و پاکی و جوانی و تەواوی یە ، بەڵکو ئەم خەسڵەتە بەرزو پەسندانەو هەر خەسڵەتێکی دیکەی ئەوتۆش بەشێوەیەکی زاتی و موتڵەق بەس لەخوادا هەن و ، ئینسانیش بە ئەندازەی نیزیکیی لەمەوە لەو خەسڵەتە بەرزو پەسندانە - بەئەندازەی ئامادەیی و لە سنووری سروشتی ئینسانانەیدا - بەهرەمەند دەبێت و ، بەپێچەوانەشەوە بێ بەش بوونی ئینسان و دووری ی لە هەرچی سیفەتی چاک و پەسند هەیە پەیوەندی یەکی ڕاستەوانە (طردي) هەیە لەگەڵ دوورەپەرێزی ی لەخوای بەرزو مەزن ، هەربۆیەش خوا فەرموویەتی :(مَن كان يريد العزة فلله العزة جميعا ..) فاطر / ١٠ . واتە : کێ شەڕەف و بەرزی دەوێ ، ئەوە هەرچی شەرەف و بەرزی ی هەبە ئی خودایە .. (کەواتە : بەهۆی نیزیکی لەخواوە بەرزی و شەرەفتان دەستگیر دەبێ) .

وە دەربارەی ئەوانە کە خوایان لەبیردەچێتەوەو لێی دووردەکەونەوە فەرموویەتی :(نَسُوا اللہ فنسيهم)التوبة/٦٧.

www,alibapir.net

واته : خوایان فەرامۆش کردوە ، ئەویش ئیهمالی کردوون[1]

وە لە شوێنێکی دیکەدا فەرموویەتی :(.. نسوا اللـه فأنساهم أنفسهم ..) الحشر / ١٩ . واتە : خوایان لەبیر چۆتەوە ، ئەویش خۆیانی لەبیر بردوونەوە ، (واتـە : لەسۆنگەی لەخوا دوورکەوتنەوەوە وایان لێ هاتوە ئاگایان لەخۆیان نەماوەو زیان و قازانجی خۆیان لێک ناکەنەوەو ، بەپێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندی خۆیانەوە هەنگاو دەنێن بێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن) .

چوارەم : یەکی دیکە لە ئیمتیازو تایبەتمەندی یەکانی خەت و رێبازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بریتیە لە رەچاو کردنی سادەیی و ساکاری و دووری لە هالۆزی و شتی تویکلدارو بەقۆرت و پێچ ، هەڵبەتە ئەم خەسڵەتەش درووشم و نیشانەیەکی یەکجار روونی بانگەوازی گشت پێغەمبەرانە ، بەڵێ ئەو زاتە بەرزو بەرێزانە لەگەڵ سروشت (فطرة) ی خەڵکی دا رۆیشتوون و لەقەدەر عەقڵیان دواندوویانن ، نـەک وەک زۆربەی فەیلەسووف و سەرکردەکان کە شتی زۆر سادەو روونیش لە خەڵکی هاڵۆز دەکەن و ، بۆیان لە بەرگی جۆراوجۆرەوە دەپێچن و لەجیاتی هیدایەتدان سەریان لێ دەشێوێنن ، بە هێنانەوەی یەک نموونەش لەوبارەوە کۆتایی بەم خاڵـی چوارەمە دێنین :خوای قسەلەجێ فەرموویەتی :

(أَلَمْ تَرَ إلى الذي حاجَّ إبراهيم في ربِّهِ أن آتاه اللـه المُلك ، إذ قال إبراهيم : ربي الذي يحي ويميت ، قـال

---

(١) بۆیە لێرەدا وشەی (نسیان) بە ئیهمال کردن و پشتگوێ خستن تەفسیرکراوە ، چونکە (لازم) ی (نسیـان) ەو ، ناشتوانین مەعنای ئەسڵی (نسیان) بۆخوا بەکاربێنین .

www,alibapir.net

أنا أحي وأُميت ، قال إبراهيم : فأن الله يأتي بالشمس مِنَ المشرق فأتِ بها مِنَ المغرب فبُهِتَ الذي كفر ..) البقرة / ٢٥٨ . واته :

تەماشای ئەو کەسەت نەکردوە ـ بەچاوی عەقڵ و دڵ ـ کە لەگەڵ ئیبراهیم دا ـ علیه الصلاة والسلام ـ مشت و مڕی کرد لەبارەی پەروەردگاری یەوە ! لەسۆنگەی ئەوەوە کە خـوا دەستەڵاتی دابۆیە ، کاتێک ئیبراهیم فەرمووی : پەروەردگارم ئەوەیە کە دەژیەنێ و دەمرێنێ ، ـ کابراکە توێژەرەوانـی قورئان و مێژووزانان دەڵێن ناوی نەمروود بووە ـ گوتی : منیش دەژیەنم و دەمرێنم ،(١) ئیبراهیم فەرمووی : دەجا ـ ئەگەر ڕاست دەکەی تۆش خوای ـ خوا هەمیشە ڕۆژێ لـە ڕۆژهەڵاتەوە دێنێ ، تۆش ـ تەنانەت جارێک ـ لە ڕۆژئاواوە بیهێنە ! سەرەنجام ئەوەی بێ بڕوا مات و سەرسام بوو ..

پێنجەم : نیشانەو درووشمێکی دیکەی بانگەوازو ڕێبـازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئەوەیە کە بەپێچەوانـەی بیروباوەڕو بانگەوازەکانی دیکەوە خەڵکی بەرەو بەرنامەیەکی ئاشکراو ئامانجێکی ڕوون بانگ دەکەن کە هیچ جۆرە تەم و مژو تاریکی یەکی تێدا نابینرێ ، خوای بەرزو بێ وێنـە لەوبارەوە فەرموویەتی :(قل هذه سبيلي أدعوا إلى اللـه على بصيرةٍ أنا وَمَنِ اتبعني ..) يوسف / ١٠٨ . واته : بڵێ : ئەمەیە ڕێبازی من : لەبەر ڕۆشنایی دا بەرەولای خوا بانگەواز دەکەین من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون ..

---

(١) دەڵێن نەمروود دوای ئەوەی ئەم قسەیەی کرد ، بابایەکـی حوکمدراو بە مەرگی ، ئازاد کردو ، یەکێکی بێ خەتاشـی کوشت !.

www.alibapir.net

کەواتە : بانگەوازی خوایی یانەی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەم شێوازو چۆنیەتی یەکی سادەو سروشتی و بێ گرێ و قۆرتی هەیەو ، هەم ئەو ئامانج و مەبەستانەش کە خەڵکیان بۆلا بانگ دەکات شتی مەنتیقی و ڕوون و ئاشکراو خواڕسک (فطري) و بێ پێچ و پەنان ، بەڵام لێرەدا ڕاستیەک هەیە ناکرێ لەئاقاری دا بێ دەنگ بین : ئێمە کە دەڵێین شێوازو چۆنیەتی و ئامانج و مەبەستی بانگەوازی پێغەمبەران ڕوون و ئاشکراو ساکارو سروشتی و بێ پێچ و پەنان ، مانای ئەوە نیە کە ئایین و بەرنامەی خوا لە قووڵی و وردەکاری بێ بەشە ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو ئایین و بانگەوازە بەرزو پیرۆزو بەپێزە لەسۆنگەی ئەوەوە کە لەلایەن بەدیهێنەرو پەروەردگاری مرۆڤەوە هاتوە ، لە نیزیکترین ڕێگاوەو بە ئاسانترین شێوە دەچێتە نێو عەقڵ و دڵی ئینسانەوە ، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە بزانرێ کە سروشتی مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ هەق بناسێ و ، خستنەڕووی هەق حەوجێی بە وشەو تەعبیری چڕو ھاڵۆزو بڵوز نیەو، وەک ئافرەتی جوان و دڵگیروچاوو برۆ ڕەش حەوجێی بە بەرگ و پۆشاکی ئاڵ و واڵاو کل (سورمە) نیە ، بەڵام شتی ناڕاست و (باطل) وەک ئافرەتی دزێوو نالەپێش چاو[١] ، ناچارە بۆ شاردنەوەی ماهیەتی دزێوی خۆی پەنابەرێتە بەر بەرگی زەرق و بەرق و زێڕو زەمبەر ، هەرچەندە ئەو خۆگۆڕینە ڕوالەتی بەش ، مەگەر لەبەرچاوی خەڵکی سادەو ڕوالەت بین ، دەنا لەلای خەڵکی زیرو وردبین هیچ دادی نادات و پێی هەڵناخەڵەتێن و دەزانن بایی چەندە !!

شەشەم : تایبەتمەندی یەکی دیکەی بانگەوازی پێغەمبەرانی خوا

---

(١) بێگومان جوانی ڕاستەقینەو جێی قسمانە بەس جوانی مەعنەویە کە لەبیروباوەڕی ڕاستەو ڕەوشتی بەرزدا خۆی دەنوێنێ ، بەڵام لێرەدا بەس مەبەستم [illegible]

www,alibapir.net

صلوات الله وسلامه عليهم ئەوەیە کە خەڵکی بانگ دەکات بۆ بەکەمگرتنی خۆشی و لەزەت و نازو نیعمەتەکانی ژیانی دنیاو ، هەڵیان دەنێ بۆ زیاد لەپێویست سەرگەرم نەبوون بە ژیانی دنیاوەو ، قەناعەت کردن و بەشێوەیەکی سادە ژیان بەسەربردن ، چونکە ئەم ژیانە دنیاییە مەیدانی تاقیکرانەوەو کێڵگەی تێداچاندنە ، نەک تاقە هەل و دەرفەتی ڕەخساوی لەزەت وەرگرتن و ڕابواردن ، دەقی قورئان و سوننەتیش لەوبارەوە یەکجار زۆرن کە ئەمانە چەند نموونەیەکیانن :

أ ـ (.. فما متاع الحياة الدنيا في الآخرة إلّا قليل ..) . التوبة / ٣٨ . واتە : خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دنیا لەچاو ـ ئی ـ دواڕۆژ بەس شتێکی کەمە ..

ب ـ (يا أيها الناس إنّ وعدَ الله حق فلاتغرنكم الحياة الدنيا ..) فاطر / ٥ . واتە : ئەی خەڵکینە ! بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ، با ژیانی دنیا فریوتان نەدات ..

جـ ـ (ما الدنيا في الآخرة إلّا مثل ما يجعل أحدكم أصبعه في اليَمّ فلينظر بِمَ يرجع !) رواه مسلم . واتە : دنیا لەچاو دواڕۆژ هەر وەک ئەوە وایە کە یەکێکتان پەنجەی دەخاتە دەریاوە ، جا با سەرنج بدات داخوا چی پێوە هاتوە !

لەکۆتاییدا دەڵێم :

بێگومان بەکەمگرتنی ڕابواردنی ژیانی دنیا پێویستە خەسڵەتێکی گرنگ و بنچینەیی هەموو موسڵمانێک بێت کە خۆی بە شوێن کەوتووی پێغەمبەران دەزانێ و ، پابەندی بانگەوازو بەرنامەکەیان دەبێت ، بەڵام خەسڵەتی ناوبراو

www,alibapir.net

پێویسته له زاناو پێشەوایانی میراتگرو جێگری پێغەمبەراندا صلی الله علیهم وسلم شتێكی بنەڕەتی و بەرچاو بێت و، نابێ وەك خەڵكە سادەو عەوامەكان ڕەفتار بكەن ، چونكە ؛

یەكەم : ئەو كەسانەی كە ئەوان خۆیان بە جێگرو میراتگریان دەزانن ئاوا بوو ون ، دووەم : ئەوان بانگی خەڵك دەكەن بۆلای خواو بەرنامەكەی و ، یەكێك لەو شتانەش كە بەرنامەی خوا فەرمانی پێ دەكات بریتیە لە بەكەمگرتنی ڕابواردنی ژیانی دنیاو ، ماقووڵیش نیە بانگی خەڵك بكەن بۆ شتێك كە حاڵ و واقیعی خۆیان پێچەوانەیەتی ! سێ یەم : جێگرو میراتگری ڕەسەنی پێغەمبەران پێویستە وەك ئەو زاتـــــە پایەبەرزانەی خۆی بە جێگریان دەزانێ لە ئێـــش و ژان و بەرماو گەرماو هەورازو نشێوی ژیانی خەڵكی دا بەشداربێت ، جا بێگومان ئەگەر هەوڵ نەدات لە ژیانێكی بەقەناعـەت و سادەو دنیابەكەمگرانەدا بژیەت ، مەگەر بە هەواڵ و دەنگ و باس ببیستێ ، دەنا وەك پێویست لە حاڵ و بـــــاڵ و گوزەرانی خەڵكی تەنگدەست و نەدار ئاگادار نابێت .

حەوتەم : تایبەتمەندی یەكی دیكەی بانگەوازو ڕێبـــازی پێغەمبەرانی خوا صلی الله علیهم وسلم ئەوەیە كە فراوان و هەمەلایەنەیەو ، دەرو دەروون (ظاهر و باطن) ی ئینسان و سەرلەبەری بوارو لایەنەكانی ژیانی دەگرێتەوە ، بەڵـــێ بەرنامەو پەیڕەوێك كە پێغەمبەرانی مەزن بانگەوازیـــان بۆ كردوە ، هەم بەرنامەی تێگەیاندن و پێگەیاندنـــــی تاك (فرد) بووە ، لە بوارەكانی فیكری و ئەخلاقی داو ، هەم بەرنامەی گۆڕین و چاككردن (التغیر والاصـــلاح) ی كۆمەڵگا (مجتمع) بووە ، لە بوارەكانی ئابووریو سیاسیو

www.alibapir.net

کۆمەڵایەتی و عەسکەری دا .(1)

هەشتەم : یەکی دیکە لەو تایبەتمەندی و درووشمانەی کە خەت و ڕێبازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام لە خەت و ڕێبازەکانی دیکە جیادەکاتەوە ، ئەوەیە بەدرێژایی مێژوو بەزۆری خەڵکی نەدارو بەشخوراوو چەوساوەو ڕەش و رووت .. لایەنگرو پشتیوانی بووەو ئاڵاو مەشخەڵەکەی هەڵگرتووەو، بەپێچەوانەوەش هەمیشە چینی مشەخۆری ستەمکارو خۆشگوزەرانو چەوسێنەر پەرچ و لەمپەرو دوژمنی بابەکوشتەو سەرسەختی ئەو خەت و بەرنامەیە بووە ، هەڵبەتە هۆی ئەمەش ئاشکرایەو ئەم دیاردەیەش شتێکی زۆر سروشتی و چاوەڕوان کراو بووە ، چونکە بانگەوازو ڕێبازی پێغەمبەران دژی ستەم و چەوساندنەوەو بێ دادی و خۆسەپاندنەو ، وەک پێشتر گوتمان ئامانجی هەرەبەرزی بریتیە لە هێنانەدی و چەسپاندنی دادگەری ، دیارە ئایین و بەرنامەیەکی ئاواش لەسەرێکەوە خەڵکە ڕەش و ڕووتە چەوساوەو مافخوراوەکەی بە پشتیوانی خۆیانی دەزانن و ویڕای ئەمەش هیچ پەردەو دیوارێکیش لەنێوان ئەوان و ئەو ئایینەدا نیە وەک، ترسان لە تێکچوونی بەرژەوەندی ناشەرعی و خۆبەزلگری و .. هتد کە ڕێگای بڕواهێنانیان لێ بگرێ ، وە لەسەرێکی دیکەشەوە چینە خۆشگوزەران و چەوسێنەرو خۆبەزلگرەکە لە ئایین و ڕێبازی ناوبراودا گەورەترین مەترسی هەست پێ کردوە ، چونکە زانیویەتی ئەگەر بێت و سەربگرێ و بچەسپێ، هەژارو چەوساوەکان کۆت و زنجیری دەست و پێ یانیان

---

(1) لە ئاڵقەی شەشەمی ئەم زنجیرەیەدا بەناوی (ئایین)ەتا ئەندازەیەکی چاک پێناسەی ئایین و بەرنامەی خوا کراوە .

www,alibapir.net

دەپسێنن و کۆشکی ستەمو زۆرو بێدادی وانیش دەڕووخێنن ، بۆیە بەهەموو هێزو توانایانەوە کەوتوونە دژایەتی‌کردنی و جەنگێکی فراوانی ماددی و مەعنەوی ، یان جەستەیی‌و دەروونی، یان ئابووری و سیاسی یان لەگەڵ دا بەرپاکردوە ، لەو بارەشەوە دەقی قورئان زۆرن ، بۆ نموونە :

أ- (وما أرسلنا في قرية مِنْ نذير إلّا قال مترفوها إنّا بما أُرسِلتُم به كافرون) سبأ / ٣٤ . واتە : وە هیچ ئاگادار کەرەوە (پێغەمبەر) یێکمان لە هیچ ئاوەدانی یەکدا نەناردوە مەگەر خۆشگوزەرانەکانی گوتوویانە ، ئێمە سەبارەت بەو - ئایین - ەی کە پێی ڕەوانەکراون بێ بڕواییین .

ب- (ولقد أرسلنا نوحا إلى قومه ، إني لكم نذير مبين .أنْ لاتعبدوا إلّا الله إني أخاف عليكم عذاب يوم أليم . فقال الملأُ الذين كفروا مِنْ قومه مانراك إلّا بشرا مثلنا ومانراك اتبعك إلّا الذين هم أراذلنا ..) هود / ٢٥،٢٦،٢٧ .

واتە : وە بێگومان نووحمان ناردەلای گەلەکەی - پێی گوتن - بێگومان من ئاگادارکەرەوەیەکی ئاشکرام بۆ ئێوە ، کە جگە لە خوا - هیچ شتێک - مەپەرستن ، من لە ئازاری ڕۆژێکی بەئێش لێتان دەترسم ، ئەو زلەزلانە کە بێ بڕوابوون لە گەلەکەی گوتیان : ئێمە بەس بە مرۆڤێکی وەک خۆمانت دەزانین ، وە ناشبینین کەست دواکەوتبێ جگە لەوانەی کە هەرچی‌و پەرچییەکانمانن .. (دیارە چینی خۆشگوزەرانی چەوسێنەرو خوێنمژو خۆبەزلگر کە لەڕوانگەی خوارخێچی چەوسێنەرانەو خوانەناسانەی خۆیانەوە تەماشای شتان دەکەن چینی ڕەش‌و ڕووت‌و نەدارو چەوساوە هەر بە " أراذل " (١) لەقەڵەم دەدەن) .

---

(١) (أراذل)کۆی(أرذل)ە ئەمیش (صيغة التفضيل)ی(رذيل)ە کە بەمانای پەستی‌و زەبوونی‌و کەم بایەخی دێت .

www,alibapir.net

٧

بۆچی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام خاوەنی موعجیزە بوون؟!

خوێنەری بەڕێز !

وەک لە باسەکانی ڕابردوودا باسکرا ، پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بۆیە لەلایەن خواوە هەڵبژێرراون و ئەرکی بەرزو پیرۆزی پێغەمبەرایەتییان پێ سپێرراوە، تاکو ببنە موژدەدەرو ترسێنەرو ڕێ پیشاندەری خەڵکی بەرەو ڕاستە شەقامی خوا ، وە بۆیە نێرراون کە گۆڕان و چاککردن (تغییر و إصلاح) ێکی بنجی و هەمەلایەنەیی لە گشت بوارو لایەنەکانی ژیاندا بێننەدی و ، کۆمەڵگای نەفامی (المجتمع الجاهلي) و ڕژێمی طاغووتی لابەرن و بیگۆڕن بە کۆمەڵگایەکی مسوڵمان و حوکمێکی ئیسلامی .

ئنجا گومانیشی تێدا نیە کە ئەم کارە شتێکی یەکجار قورس و بەزەحمەتەو پێویستی بە ئامادەکردنێکی گرنگ و، چەندان پێداویستی (مُستلزمات) دەکات ، کە یەکێک لەو پێداویستیانەو بەشێکی هەرە گرنگی ئەو ئامادەکردنە بریتیە لە هەبوونی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراو بەهێز بۆ سەلماندن و پاڵپشت کردنی ڕاستیی و تەواویی ئەو بانگەوازو ڕێبازە نوێ و نامۆو(ناباوە) ی کە ئەو پێغەمبەرانە هێناویانە .

دەجا ئەو بەڵگەو پشتیوانە لە زاراوی شەرع دا پێی دەگوترێ (مُعْجِزَة) وە (بَيِّنَة) وە (آية) ، کە لەمەعناو

www,alibapir.net

نێوەڕۆک دا لێک نیزیکن ، چونکە (معجزة) بەشتێک دەگوترێ کە ببێتە هۆی دەمکوت کردن و دەستەوستان کردنی خەڵکی ، وە (بَیِّنَة) ش بە بەڵگەیەکی هێندە ڕوون و ئاشکراو بەهێز دەگوترێ کە هیچ کەس توانای ئینکاری کردن و ملەجیڕەی لەئاقاری دا نەبێ ، وە (آیة) یش بە درووشم و نیشانەیەکی وا دەگوترێ کە بشێ بکرێتە بەڵگەی ئیسپاتی بوون و ڕاستیی شتێک .

ئەمەش چەند دەقێکی قورئان لەوبارەوە :

أ- (لقد أرسلنا رسلنا بالبينات ..) الحديد/ ٢٥ . واتە: بێگومان ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان بە بەڵگەگەلی ئاشکراوە ڕەوانەکردوە ..

ب- (وإلىٰ ثمود أخاهم صالحا قال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره قد جاءتكم بيِّنة مِنْ ربكم ..) الأعراف/ ٧٣ . واتە : وە بۆلای -گەلی- (ثمود) صاڵحی برایانمان نارد فەرمووی : ئەی گەلی خۆم خوا بپەرستن جگە لەوی چ خواتان نین ، بەتەئکیدیش لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەیەکی ڕوونتان بۆهاتوە ..

ج- (وإلىٰ مدين أخاهم شعيبا قال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره ، قد جاءتكم بينة مِنْ ربكم ..) الأعراف/ ٨٥ . واتە : وە ناردمانە لای -گەلی- مەدیەن شوعەیبی برایان...

د- (وقال موسى يا فرعون إني رسول مِنْ رب العالمين . حقيق على أن لا أقول على الله إلا الحق قد جئتكم ببينة مِنْ ربكم فأرسل معي بني إسرائيل . قال إن كنتُ جئت بآية فأت بها إن كنتَ مِنَ الصادقين) الأعراف/ ١٠٤ ، ١٠٥ ، ١٠٦ . واتە: وە مووسا فەرمووی : ئەی فیرعەون من پێغەمبەرم لەلایەن

www.alibapir.net

پەروەردگاری جیهانەکانەوە . لە هەق گوتن بەولاوە لەمن ناوەشێتەوە کە بەناوی خواوە بیڵێم ، بەتەئکید لە پەروەردگارتەوە بەڵگە ــ و موعجیزەی سەلماندنی ڕاستی خۆم ــ م بۆ هێناوی ، دەجا وەچەی ئیسرائیل (بني إسرائيل)م لەگەڵ بنێرە ! ــ فیرعەون ــ گوتی : ئەگەر هیچ نیشانەت هێناون بیخەڕوو ، ئەگەر لە ڕاستانی ..

ئنجا شایانی باسە کە خوای کاربەجێ و زانا بۆ هەرکام لەو پێغەمبەرە پایەبەرزانە عليهم الصلاة والسلام جۆرە بەڵگەو موعجیزەو نیشانەیەکی تەرخان کردوە کە لەگەڵ جۆری ئەرکەکەی و بارودۆخی گەلەکەی و ئاستی فیکری یان دا بگونجێ ، بۆ وێنە : لەسۆنگەی ئەوەوە کە لە سەردەم و ڕۆژگاری (مووسا) دا عليه الصلاة والسلام زانیاری جادووگەری ی (علم السحر) باوبووە ، خوا جۆرە موعجیزەو بەڵگەیەکی داوە بە مووسا کە بەڕوالەت لە جادوو بچێ و بەرهەڵستی ئەو دیاردەیەی پێ بکات ، ئەویش بریتی بووە لە گۆچان (عصا) ەکەی و دەستی پیرۆزی ، بەڵام چونکە لە ڕۆژگاری (عیسی) دا عليه الصلاة والسلام زانیاری پزیشکی (علم الطب) باوبووەو لەئارادا بووە ، خوا چەند موعجیزەو نیشانەیەکی وای بە عیسا بەخشی بوون کە بەڕوالەت لەشێوەی پزیشکی گەری دا بوون ، بەڵام لەڕاستی دا یاسادر (خارق العادة) بوون و ، لەڕێی زانیاری و تەجرەبەوە دەستگیر نەدەبوون و ئێستاش کە (١٩٩٠) ساڵ بەسەر لەدایک بوونی (عیسا)دا تێ دەپەڕێ هەر دەستگیر نەبوو ون و دەستگیریش نابن ، وەک :

www,alibapir.net

مردوو زیندووکردنەوەو کوێری زگماک و بابای بەڵەک چاککردنەوەو لەقوڕ دروستکردنی باڵندەی زیندوو و .. هتد

ئەمە سەبارەت بە جۆرو چۆنیەتی موعجیزەکان ، بەڵام ئەو موعجیزانە لەلایەکی دیکەشەوە دیسان جیاوازی یان لەنێوان دا هەبووە ، کە بریتیە لە لایەنی ژمارەو چەندایەتی ، بۆ وێنە : پێغەمبەریکی وەک (صالح) علیە الصلاة والسلام لە قورئانێ دا بەس باسی حوشتر (ناقة)ەکەی کراوە ، چونکە وادیارە ئەو پێغەمبەرە علیە الصلاة والسلام ئەوەندە بەڵگەیەی بەس بووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکەی و سەلماندنی دەعوایەکەی ، بەڵام دەبینین کەسانێکی وەک مووساو عیسا علیهما الصلاة والسلام هەریەکەی چەندان موعجیزەی جۆراوجۆریان (١) هەبوو ون ، لەبەرئەوەی ئەرکیان قورس ترو سنووری کارکردنیان فراوانتر بووەو حەوجێیان بە بەڵگەو نیشانەی زیاتر بووە .

ئنجا کە دەگەینە سەر باسی دوایین پێغەمبەرو گەورەترینیان (محمد) ی کوڕی (عبدالله) صلی الله علیه وآله وسلم ، دەبینین چەند جیاوازی یەک لەنێوان موعجیزەی - یان ڕاستر بڵێین موعجیزەکانی - وی و ئی پێغەمبەرانی دیکەدا هەن :

یەکەم : موعجیزەی هەموو پێغەمبەرانی پێشوو تایبەت بووە بەو خەڵک و ڕۆژگارو بارودۆخەوە کە تێیان دا ژیاون و ، بە مردنی خۆیان موعجیزەکانیشیان نەماون ، بەڵام موعجیزەی

---

(١) بۆ وێنە : خوای بەرزو مەزن دەربارەی موعجیزەکانی مووسا علیه السلام فەرموویەتی :(ولقد آتینا موسی تسع آیات بینات ..) الأسراء / ١٠١ .

www.alibapir.net

پێغەمبەری سەردار علیە الصلاة والسلام ئەو سنوورە تەسکەی شکاندوەو هەر ماوەتەوە ، دیارە حیکمەت و هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئایین و بەرنامەی ئەو پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام تایبەت بووە بە کۆمەڵە خەڵکێکی دیاری کراوو رۆژگارێکی سنووردارەوەو ، لەدوای هەرکام لەو بەرنامانە خوا پێغەمبەرو بەرنامەی دیکەی ناردوون ، بەڵام بەرنامەی پێغەمبەری کۆتایی ئایینێکی گشتی و هەمیشەیی خەڵکی سەرزەوی یەو ، جارێکی دیکەش هیچ بەرنامەو رێڕوونی یەکی دیکە لەلایەن خواوە بەدوای وی دا نایەت ، کەواتە پێویستە هەم بەرنامەکە لە گۆڕان و لادان (تغییر وتحریف) بپارێزرێ و ، (إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون). الحجر / ٩ . ، وە هەم ئەو موعجیزەو بەڵگەیەش کە شایەدو پشتیوانیەتی بمێنێتەوەو بەسەرنەچێت !

دووەم : ئەگەر سەرنج بدەینە موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوو دەبینین هەموویان شتی یاسادر (خارق العادة) ی زەق و بەرچاوو بەرهەست (محسوس) بوو ون ، بەڵام موعجیزەی پێغەمبەری کۆتایی صلى الله علیه وآله وسلم موعجیزەیەکی فیکری و ئەدەبی و عیلمی یە !!

هەڵبەتە هەر خوا زانیاری ڕاستەقینەی لەوبارەوەو لە هەموو بارێکی دیکەشەوە هەیە ، بەڵام ڕەنگە هۆو حیکمەتی ئەم دیاردەیەش ئەوە بێت ، کە پێغەمبەرانی پێشوو لەنێو گەلانێک دا هاتوو ون و لەچەند قۆناغێک دا نێرراون کە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی لە قۆناغی پێنەگەیشتنی فیکر (مرحلة عدم النضج الفكري) ی دا بووە ، هەربۆیەش حەوجێی بەوەبووە کە زیاتر لەڕێی پێنج هەستەکانی یەوە

www,alibapir.net

بدوێنرێ و هەقی لە قالبی شتی بەرهەست دا بخرێتە بەرچاو، بەلام دوای هاتنی دوایین پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بە تەواوترین بەرنامەی خواوە مرۆڤایەتی لە قۆناغی کامل بوونی فیکر (مرحلة الرشد الفكري) نیزیک بووبووەو پێویست بوو پێغەمبەرێک و بەرنامەیەکی بۆ بنێرێ کە بەلگەو موعجیزەیەکی گونجاو لەگەل ئاستی فیکریی خۆی پالپشتی بێت، دیارە ئەو بەلگەو موعجیزەیەش قورئانە .

سێیەم : ئایین و بەرنامەی پێغەمبەرانی دیکە لە موعجیزەکانیان جیابوون ، بەلام پێغەمبەری کۆتایی علیه الصلاة والسلام بەرنامەو موعجیزەکەی هەر یەکن ، واتە بەرنامەیەکی پێ دراوە کە لە عەینی بەرنامەبوونی دا موعجیزەشەو لە عەینی موعجیزەبوونیشی دا بەرنامەیە .

چوارەم : هەرچەندە قورئانی بەرێزو قسەلەجێ یەکەمین و گەورەترین بەلگەو موعجیزەی (محمد) ﷺ صلی الله علیه وآله وسلم بەلام تاقە بەلگەو موعجیزەی ئەو زاتە پایەبەرزە نیە ، بەلکو بەلگەو موعجیزە ئیسپاتکەرەکانی پێغەمبەری نەخوێندەوارو پەسندئاکار یەکجار زۆرن ، بە دەیان (١) دەژمێررێن ، بەلام لەبەر دوو هۆیان کە باسی موعجیزەکانی ئەو زاتە دەکرێ ، بەس قورئان ناودەبرێ و کەمتر باسی موعجیزەکانی دیکەی دەکرێ :

---

(١) موعجیزەکانی پێغەمبەرمان علیه الصلاة والسلام لە زۆر سەرچاوان دا باس کراون و لێکۆلینەوەیان لەسەر کراوە ، بەلام بە بڕوای من چاکترینیان کتێبی (الشفا) ی (قاضي عیاض) ە ، کە لە چوار بەرگی قەبەدا چاپ کراوەو دوو شەرحی (علي القاري) و (خفاجي) بەسەرەوەیە .

www,alibapir.net

ا ـ چونكه زۆربەی هەرەزۆری موعجیزەكانی دیكەی بە كۆچكردنی نەماون و كۆتاییان پێ هاتووە .

ب ـ چونكه ئەوەی كە خوا وەك بەڵگەو شایەدی سەلماندنی دەعوای پێغەمبەرایەتی بە (محمد) ی بەخشیوە بەس قورئان بووە ، وە ئەو بەڵگەو موعجیزانەی دیكەی زیاتر پێشانی هاوەڵانی بەڕێزی داوە بەمەبەستی زیاتر قەناعەتهێنان و بڕوادامەزران نەك بڕواهێنان !!

ڕەنگە هۆو حیكمەتی ئەمەش كە پێغەمبەری كۆتایی صلی الله علیه وآله وسلم بەس قورئانی وەك بەڵگەو نیشانەی ڕاستیی خۆی و بەرنامەكەی بەكارهێناوە ، ئەوەبێ كە دوایی شوێن كەوتووانی ویش لەكاتی خەبات و بانگەوازی دا هەست بە بێ بەڵگەیی و بێ هێزی نەكەن و نەڵێن : حەیفی ئێمەش وێڕای قورئان فلان و فیسار یاسادڕیشمان لەدەست نایەت !! (١) بەڵكو هەست بكەن كە ئەوانیش وەك پێشەوای بەرزو بەڕێزیان پشتیان بە هەمان تاقە پاڵپشتی هەرە بەهێزەوە داوە كە كاتی خۆی ئەو كردوویەتە بەڵگەو شایەدی سەلماندنی ڕاستیی بانگەوازو ڕێبازەكەی !!

ئنجا شایانی باسیشە كە قورئانی بەپێز لەهەمان كاتدا كە بەڵگەو موعجیزەی دوایین پێغەمبەرە علیه الصلاة والسلام

---

(١) دیارە لە ئەنجامی شوێن كەوتنی ڕاست و ساغ و دڵسۆزانەی سونتەتی پێغەمبەردا علیه الصلاة والسلام زۆرجاران بەفەرمانی خوا (كرامە) ی جۆراوجۆر لەسەر دەستی بەندە خواناس و ساڵحەكان دەردەكەون ، بەلام هەروەك چۆن پێغەمبەرمان موعجیزەكانی خۆی ـ جگە لە قورئان ـ نەدەكردنە پاڵپشتی بانگەوازەكەی ، دۆستانی خوا (أولیاء الله) ش ئەو (كرامە) و یاسادڕانە (خوارق العادات) ی خۆیان بەمەبەستی بەڵگەهێنانەوەو پێ سەلماندن ناخەنەڕوو ، مەگەر لەچەند حاڵەتێكی كەم و ڕیزپەڕو لەكاتی ناچاری دا .

www,alibapir.net

بەڵگەو شایەدی ڕاستیی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرانی پێشووشە ، چونکە چ بەدرێژی (تفصیل) ی - وەک موعجیزەی هەرکام لە (إبراهیم و موسی و عیسی و صالح و داوود و سلیمان و یونس و زکریا ..) - وە چ بەکورتی (مجمل) ی - وەک باسکردنی موعجیزەی پێغەمبەرانی دیکە کە هەموویان خاوەن بەڵگەو نیشانەی ئاشکرابوون - باسی ئەو بەڵگەو نیشانانەشی کردوە کە بە باقی پێغەمبەران دراون .

کۆتایی ئەم باسەش بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر صلی الله علیه وآله وسلم دێنین کە دەفەرموێ :(ما مِنْ نَبيٍّ إلاّ وأوتي مِنَ الآيات ما مثله آمن عليه البشر ، وانما كان الذي أُوتيته وحيا أُوحى إلي ، فأنا أرجوا أن أكون أكثرهم تابعا يوم القيامة) . (1) رواه البخاري .
واتە : هیچ کەس لە پێغەمبەران نەبووە کە بەڵگەو نیشانەی وای نەدرابێ کە ئینسان بڕوایان پێ نەهێنێ ، وە بێگومان ئەو - موعجیزە - ەی پێم دراوە وەحییێک بوو بۆم نێرراوە ، بۆیە من ئومێدم وایە کە لەڕۆژی دوایی دا لە هەموویان شوێن کەوتووم زیاتربن .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

---

(1) بڕوانە (العقيدة الأسلامية وأسسها) نووسینی : عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني / ص ٣٣٧ ، ٣٣٨ ، وە بڕوانە کتێبی (الرسول) ج٢ ص٦ نووسراوی (سعید حوّی) ، وە (شرح وتحليل الأصول العشرين للإمام الشهيد حسن البنا) اعداد محمد عبدالحكيم خيّال ص ١٨١ .

www.alibapir.net

ئایا لەنێوان پێغەمبەران دا بەرزی و نزمی هەیە ؟!

لەوەڵام دا دەڵێین :

بەڵێ هەرچەندە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هەموویان لە یەک سەرچاوەیان خواردۆتەوەو ، لە یەک کڵاورۆژنەوە تیشکی هیدایەت و ڕێڕوونی خوایان بۆ هاتۆتەخوار ، وە هەرچەندە پێغەمبەران تێکڕایان و تاک تاکیان هەڵبژاردەی مرۆڤایەتی و شاگوڵی باغی کائیناتن و غەیری (١) خۆیان هیچ کەس نەک هەر شانیان لە شانی نادات بەڵکو تۆزی ڕێگاشیان ناشکێنی و دەسکانیشیان لەدوا ناکات ، بەڵام وەک گوتراوە :(پەنجەی دەستانیش وەک یەک نین) و ئەوانیش لەنێو خۆیان دا گەورەو گچکەیی و بەرزی و نزمی‌یان هەیە ، دەقی قورئان و سوننەتیش لەوبارەوە زۆرن و یەکجار ئاشکراو بێ پێچ و پەناشن ، بۆ وێنە :

أ ـ (تلک الرسل فضلنا بعضهم علی بعض ..) البقرة / ٢٥٣ .
واتە : ئەو پێغەمبەرانە هەندێکیانمان بەسەر هەندێکیان دا هەڵبژاردوە ـ و بەچاکترمان داناون ـ .

---

(١) لە هەندێک کتێبو سەرچاوەی مسوڵمانانی شیعەی دوازدە ئیمامی (الشیعة الاثناعشریة) دا خوێندوومەتەوە کە (علی بن أبی طالب) خوا لێی ڕازی بێ بێجگە لە (محمد) صلی الله علیه وآله وسلم لە هەموو پێغەمبەرانی دیکە بەگەورەتر دەزانن !! دیارە ئەمەش جگە لە خەیاڵێکی پووچی بێ بەڵگە چیدی نیە .

www,alibapir.net

ب ـ (ولقدْ فضلنا بعض النبيين على بعض ..) الاسْراء / ٥٥ .
واته : وه بێگومان هەندێک لە پێغەمبەرانمان بەسەر هەندێکیان دا هەڵبژاردوە ..

ج ـ (فاصبر كما صبر أُولوا العزم مِنَ الرسل ..) الأحقاف/ ٣٥.
واته : خۆراگره وەک چۆن خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران خۆیان ڕاگرت ..

((لەم ئایەتە دەفامرێتەوە کە پێغەمبەرانیش علیهم الصلاة والسلام هەندێکیان خاوەنی ئیرادەو عەزم و بڕوایەکی زۆر دامەزراوو پتەوو نەلەخشاو بوون کە بەهیچ شێوەیەک کول بوون و (لەقین) یان نەبووە ، بەڵام ئەوانی دیکەیان وانەبوون و لەو بوارەدا پلەیان نزمتر بووە ، تەنانەت هەندێکیان پلەی عەزم و ئیرادەو بەرهەڵستیان لەبەرانبەر کێشەو گیروگرفتان دا لەچاو ئی خاوەن عەزمەکان هێندە کەم بووە ، کە خوا بە ڕاشکاوی بەبێ عەزمی ناوبردوە ، یان بە پێغەمبەرمانی فەرمووە کە وەک وان نەبێت ،
(ولقد عهدنا إلى آدم مِنْ قبل فنسي ولم نجد له عزما ..)
طه / ١١٥ . (.. ولاتكن كصاحب الحوت ..) القلم / ٤٨ .
(کە مەبەستی لە " یونس " پێغەمبەرە علیه السلام) .)) .

د ـ (أنا سيد ولد آدم يوم القيامة ولافخر ، وبيدي لـواء الحمد ولافخر ، وما مِنْ نبيٍ آدم فمن سواه إلاّ تحت لوائي ولافخر ..) رواه الترمذي . واته :
ـ پێغەمبەرمان (محمد) عليه الصلاة والسلام فەرموویەتی ـ
من لە ڕۆژی دوایی دا گەورەی وەچەی ئادەمم وە بە شانازی کردن و خۆهەڵکێشانیشەوە وانالێم ـ بەڵکو مەبەستم ڕوونکردنەوەی هەق و واقیعە ـ وە ئاڵای سوپاس کردن ـ ی خوا ـ

www,alibapir.net

بەدەستی منەوە دەبیٚ و شانازیش ناکەم ، وە هیچ پیٚغەمبەریٚک نیە هەر لە ئادەمەوە هەتا ئی دوایە کە لەژیٚر ئالاّی - سەرکردایەتی - من دا نەبیٚ وە مەبەستیشم خۆهەڵکیٚشان نیە ..

هـ - (أنا سيد ولد آدم يوم القيامة) رواه البخاري ومسلم وأبوداوود .

جا خویٚنەری خۆشەویست !

لەبەرئەوەی لە خالّی نۆیەمیش دا کە باسی ژمارەو جۆری پیٚغەمبەرانی خوای تیٚدا دەکەین ، زیاتر تیشک داویٚنە سەر ئەم مەسەلەیە لیٚرەدا بەم ئەندازەیە وازی لیٚ دیٚنین ، بەلاّم بەرلەوەی ئەم باسە بەجیٚ بیٚلّین بەپیٚویستی دەزانم وەلاّمی پرسیاریٚک بدەینەوە :

یەکیٚک بۆی هەیە بپرسیٚ :

باشە چۆن دەتوانین بلّیٚین لەنیٚوان پیٚغەمبەران دا عليهم الصلاة والسلام بەرزی و نزمی هەیە لەحالّیٚک دا کە خوای دادگەر لەسەر زمانی بەندە خواناس و موسولّمانەکانی ، فەرموویەتی : (.. لانفرق بين أحد منْ رسله ..) البقرة/٢٨٥ . واتە : جیاوازی ناخەینە نیٚوان هیچ کام لە پیٚغەمبەرانی - خوا - یەوە ؟!

لەوەلاّم دا دەلّیٚین :

قورئان هەندیٚکی هەندیٚکی تەفسیر دەکات و لە سوورەتی (النساء) دا مەبەست و مەعنای وشەی (نفرق)و چۆنیەتی ئەو (جیاوازی دانان) ە ڕوونکراوەتەوە ، وەک دەفەرمویٚ: (إن الذين يكفرون بالله ورسله ويريدون أن يفرقوا بين

www.alibapir.net

الله ورسله ، ويقولون نؤمن ببعض ونكفر ببعض ..) /١٥٠.
واته : بێگومان ئەوانەی بەرانبەر بەخواو بە پێغەمبەرانی بێ بڕوان ، وە دەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان پێغەمبەرانی خواوە ، وە دەڵێن : بڕوا بەهەندێکیان دێنین و بڕوا بە هەندێکیان نایەنین ..

(لێرەدا بەئاشکرا دەبینرێ کە مەبەست لە وشـــەی (یفرقوا) جیاوازی خستنە نێوان پێغەمبەرانی خوایـــە صلی الله علیهم وسلم لەبواری بڕواپێ بوون و پێنەبوون دا ، نەک لەبواری هەڵبژاردن و بەچاکتر دانانی هەندێکیـــان بەسەر هەندێکیان دا کە لەچەند شوێنی دیکەدا ، خوا بۆخۆی وای فەرمووە ، وەک پێشتر باسکرا) .

.

تێ بینی :

نیمچە ڕستەی (إن الذین یکفرون بالله ورسله ..) وەک زانایانی ڕێزمان (علماء قواعد اللغة) دەڵێن لـــە (محل الرفع) دایەو نیهاد (مبتدأ) ە ، گـــوزارە (خبر) ەکەشی نیمچە ڕستەی (أولئک هم الکافرون حقا) ە کە ئەویش لە (محل الرفع) دایەو ، لە ئایەتی ژمـــارە (١٥١) دا هاتوە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

ژمارەو جۆری پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام

خوێنەری بەڕێز !

لەوەتی یەکەمین ئینسان پێی ناوەتە سەر زەوی ، خوای میهرەبان خەڵکی سەر زەوی لە پێغەمبەرانی بەڕێزی و بەرنامەکانی خۆی بێ بەش نەکردوەو ، لەهەموو چاخ و سەردەمێک داو بۆ هەموو گەل و کۆمەڵێک پێغەمبەرێک یان زیاتری ناردوە ، لەوبارەوە ئایەتی قورئان زۆرن ، بۆ وێنە :

أ ـ (.. وإن مِنْ أمة إلاّ خلا فيها نذير) فاطر / ٢٤ . واتە : .. وە هیچ کۆمەڵێک نیە کە ئاگادارکەرەوەیەکی تێدا رانەبردبێ . (لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئاگادارکردنەوەو ترساندن و ڕاچلەکاندن تایبەتی ترین خەسڵەتی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام ، لەزۆر جێی قورئانێ دا پێغەمبەران بە " نذير " یان " منذر " ناوبراون) .

ب ـ (ولقد بعثنا في كلّ أمة رسولا ..) النحل / ٣٦ . واتە : وە بێگومان لەنێو هەموو کۆمەڵێک دا پێغەمبەرێکمان ناردوە ..

جـ ـ (يا معشر الجن والأنس ألَمْ يأتِكُم رسلٌ منكم يقصّون عليكم آياتي ويُنذِرونكم لقاء يومِكُم هذا ؟ قالوا شهدنا على أنفسنا ..) الأنعام / ١٣٠ . واتە :

ئەی کۆمەڵی جندو ئینسان ! ئەدی پێغەمبەرانێک لەخۆتان نەهاتنە لاتان کە ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوەو لە دیداری ئەم ڕۆژەتان ئاگاداریان دەکردنەوە ؟ گوتیان

www.alibapir.net

شایەدی لەسەر خۆمان دەدەین .. (کە پێغەمبەرانی خواو ترسێنەرو بێدارکەرەوەمان بۆ هاتوون ..) .

بەڵێ بەدرێژایی مێژووی - وەک پێویست - نەزانـــراوی مرۆڤایەتی لەسەر خڕۆکەی زەوی ، خوای میهرەبان بەمەبەستی ڕێ پێشاندان و دەستگرتنی ئینسان بەرەولای خۆی و ژیانێکی ئینسانانەی وا کە ببێتە مایەی بەختەوەربوون و خێروخۆشی خۆی و ، ڕازی بوونی خوا ، پێغەمبەرانی زۆرو جۆراوجۆری ناردوون ، تاکو هەرکەسێک کە بیەوێ بەرەو ڕەزامەنـــدی خواو ژیانێکی خوانانسانەی پڕ شادی و بەختەوەریو شەڕافەت - مەندانە ڕێ بگرێتەبەر ، چراو ڕووناکی و مەشخەڵێکی وای لەبەرچاوان هەبێت کە بەرپێو دەوروبەری خۆی پێ ببینێ و ، لەبەر بێ دەلیلی و نەشارەزایی پەکی نەکەوێو دۆش دانەمێنێ ، بەڵام ئایا ژمارەی ئەو زاتە بەرزو بێ وێنانە چەندەو چەند جۆر بوون ؟ ئەوە لێرەدا دەمانەوێ لەبەر تیشکی قورئانو سوننەتدا بیخەینەڕوو :

لەپێشەوە دەڵێین ، خوای زانا بەئاشکرا فەرموویەتی : (ولقد أُرسلنا رسلا مِنْ قبلك منهم مَنْ قصصنا عليك ومنهم مَنْ لَمْ نقصص عليك ..) غافر / ٧٨ . واتە : وە بێگومان لەپێش تۆدا پێغەمبەرانێکمان ناردوون ، جـــا هەیانە بۆمان باس - ی بەسەرهاتەکەیان - کردووی و هەشیانە بۆمان نەگێڕاویەوە ..

کەواتە بێجگە لەو پێغەمبەرانەی کە ناویان لە قورئانێدا هاتووە و بەسەرهاتی زۆربەشیان چ بەکورتی چ بەدرێـــژی گێڕراوەتەوە ، پێغەمبەرانێکی دیکەش هەبوون کە خـــوا

www,alibapir.net

لەقورئانێ دا ناوی نەبردوون و بەسەرهاتەکانیشیانـــــی نەگێڕاوەتەوە ، ئەو پێغەمبەرانەش کە لەقورئانێدا ناویان هاتوە (٢٥) ن کە ئەمە ناوەکانیانن :

(آدم ، إدريس ، نوح ، إبراهيم ، إسماعيل ، إسحاق ، يعقوب ، داوود ، سليمان ، أيوب ، يوسف ، موسى ، هارون ، زكريا ، يحى ، يونس ، هود ، شعيب ، صالح ، لــوط ، إلياس ، أليسع ، ذو الكفل ، عيسى ، محمد) صلوات اللـه وسلامه عليهم .

وە لە فەرموودەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هاتوە کە ژمارەی تێکڕای پێغەمبەران (١٢٤,٠٠٠) ە ، لەو (١٢٤,٠٠٠) ە ، (٣١٥) یان پەیامبەر (رسول)بوو ونو ، ئەوانی دیکەش بەس (نبيّ) بوو ون ، پێشتریش باسمان کرد کە جیاوازی نێوان (رسول) و (نبي) ئەوەیە کە هەرچی (نبي) یە بەس خۆی لەسەرەو هیچ پەیام و بەرنامە ـ یەکی بۆ غەیری خۆی پێ نەسپێرراوە ، بەڵام (رسول) بابایەکە وێڕای خۆی دەبێ پەیام و بانگەوازی خوا بەخەڵکی دیکەش ڕابگەیەنێ ، کەواتە هەموو (رسول) ێک (نبيّ)یشە ، بەڵام مەرج نیە هەموو (نبيّ) ێک (رسول) بێت ، ئەو فەرموودەیەش کە ئەو ژمارانەی تێدا باسکراون ئەمەیە :

(عن أبى ذر رضي الله عنه قال : يا رسول الله أي الأنبياء كان أول ؟ قال : آدم ، قلت : يا رسول الله ونبيّ كان ؟ قال : نعم " نبيّ مكلم " ، قلت : يا رسول الله كَمْ المرسلون ؟ قال : ثلاثمائة وبضعة عشر جمًا غفيرا ، وفي رواية عن أبي امامه ، قال أبوذر : قلت يا رسول اللـه كم وفاء عدة الأنبياء ؟ قال : مائة ألف وأربعة وعشرون

www.alibapir.net

ألفا ، الرسل مِنْ ذلك ثلاثمائة وخمسة عشر جماً غفيرا) .
رواه الأمام أحمد .(١)

ئنجا بەرلەوەی ئەم باسەش بەجێ بێڵین پێویستە هەروا بەکورتی ئاماژە بۆ دوو مەسەلەی دیکەش بکەین :

یەکەم : لەنێو ئەو (٣١٥) پێغەمبەرەدا کە هەڵبـــزاردەو پێشەوای باقی پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام پێنج کەسیان بە خاوەن عەزم و ئیرادەی پتەوو بەهێز ناسراون ، ئەوانیش بە بۆچوونی زۆربەی توێژەرەوانی قورئـان و لێکۆڵەرەوان ئەمانەن : (نوح ، إبراهیم ، موسی ، عیسی ، محمد) علیهم الصلاة والسلام ، بۆیەش خوای دادگەر ئەم ناوو نیشان و شۆرەتەی بەو پێنجانە بەخشیوە ، چونکە هەرچەندە تێکرای پێغەمبەران خاوەنی هەموو خەسڵەتێکی بەرزو پەسند بوو ون ، کە یەکێک لەو خەسڵەتە پەسندانەش خۆراگری و عەزم و ئیرادەی پتەوو بەتین و (پۆڵابین) ە ، بەڵام ئەو پێنجانەیان خەسڵەتی ناوبراویان لە هەمووان زیاتر تێدا درەوشاوەتەوەو ، لەهەمووان پتر توانیویانە بەرهەڵستی کوفرو ستەم و فەساد بکەن و ، بەرەنگاری نەمروودو فیرعەون و ئەبوو جەهلەکانی سەردەمی خۆیان ببن و ، لەهەمووانیشیان زیاتر توانیویانە شەقڵی خۆیان لە گۆڕین و چاککردن و بەرەوپێش بردنی مرۆڤایەتیدا بنوێنن ، لە دوو شوێنانیشدا لە قورئانیدا ناوی ئەو

---

(١) بڕوانە (مشكاة المصابيح) فەرموودەی ژمارە (٥٧٣٧)، وە بڕوانە هەروەها لە (العقيدة الاسلامية وأسسها) ص ٤١٥، وە (النبوة والأنبياء) محمد علي صابوني / ص ١٤ .

www.alibapir.net

پێنج پێغەمبەرە مەزنە پێکەوە باسکراوە ، بەم شێوەیە :
١ـ(وإذ أخذنا مِنَ النَبِيِّين ميثاقهم ومنكَ ومِنْ نوح وإبراهيم وموسى وعيسى ابن مريم ..) الأحزاب / ٧ .
٢ـ (شرع لكم مِنَ الدين ما وصّى به نوحا والذي أوحينا إليك وما وصينا به إبراهيم وموسى وعيسى ..) الشورى / ١٣ .

وە شایانی باسە کە لەسەر ڕای زۆربەی زانایان ئەم پێنج پێغەمبەرە علیهم الصلاة والسلام پێشەواو سەرکردەیـ تاقە پێغەمبەرانی خاوەن پەیڕەوو بەرنامەی سەربەخۆ (مستقل) شن . (١)

دووەم : هەروەک چۆن لەنێو (١٢٤,٠٠٠) پێغەمبەرەکەدا (٣١٥)یان لەهەموویان پایەبەرزترن ، وە (٥) یش لەنێو ئەو(٣١٥)یەدا بە خاوەن عَزم (أولوا العزم) ناسراون ولەوانی دیکە مەزنترن ، لەو پێنجانەش یەکێکیان کە (محمد)ە ، صلى الله عليه وسلم گەورەترینیانەو ، پێشەواو سەروەری سەرلەبەریانە ، وەک لە خاڵی پێشووشدا باسمان کرد ، بەڵێ هەروەک چۆن قورئانی بەڕێزو پڕ پیت و پێز کە کۆتایی بەرنامەکانی خوای پێ هێنراوە گەورەترین و بەرزترینیانە ، (محمد) یش صلى الله عليه وآله وسلم کە دوایین خشتێکە کۆشکی بیری خوابەیەکزانین و پێغەمبەرایەتی (نبوة) ی پێ تەواوکراوە ، تەواوترین و مەزنترینیانە ، خودا لەوبارەوە کە (محمد) عليه الصلاة والسلام کۆتایی

---

(١) بڕوانە (مختصر تفسير الطبري) ص ٥٧٥ . ط /دار الشروق هەروەها بڕوانە تەفسیری (نمونه) ـ فارسي ـ ج ٢٠ ، ص ٣٧٩ ، ناصر مكارم شيرازي .

www,alibapir.net

پێغەمبەرانە فەرموویەتی :(ماكان محمد أبا أحدٍ مِنْ رِجالِكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين ..) الأحزاب/ ٤٠ . واتە : موحەممەد ـ صلى الله عليه وآله وسلم ـ بابی هیچ کام لە پیاوانتان نیە ، بەڵکو پەیامبەری خواو کۆتایی پێغەمبەرانە ..

کۆتایی ئەم باسەش بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر دێنین کە دەفەرموێ :

(مثلي ومثل الأنبياء مِنْ قبلي كمثل رجل بَنىٰ بُنيانا فأحسنه وأجمله إلاّ موضع لَبِنَةٍ مِنْ زاويةٍ مِنْ زواياه ، فجعل الناس يطوفون به يعجبون له ويقولون هلاّ وضعت هذه اللَّبِنَةُ ! فأنا اللَّبِنَةُ وأنا خاتم النبيينَ) متفق عليه .

واتە :

وێنەی من و وێنەی پێغەمبەرانی پێش من وەک ئەوە وایە کابرایەک خانوویێکی دروست کردبێ ، رێکی خستبێ و رازاندبیەوە بێجگە لە جێی (خشت) ێک لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی دا ، ئنجا خەڵکی بەدەوری دا بگەرێن و پێ سەرسام بن و بڵێن : بریا ئەم خشتەش رۆنرابا ! دەجا من ئەو خشتەیەم ؛ وە من کۆتایی پێغەمبەرانم .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

بانگەوازی پێغەمبەران لە ئەسڵدا یەکە و شێوەکانی جیاجیان

لەسۆنگەی ئەوەوە کە مرۆڤایەتی بەپێی ویستی خودا لەشێوەی چەند گەل و هۆزی جیاجیادا بەسەر ناوچەکانی زەوی دا بەش بوو ون و، لە هەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا نیشتەجێ بوو ون، ئەو ئایین و بەرنامانەش کە بە پێغەمبەرانی زۆرو جۆرا وجۆری خوادا بۆ ئەو خەڵکە پرژو بڵاوو جۆرا وجۆرە نێرراون، هەرچەندە لە کاکڵ و نێوەڕۆک دا یەک بوو ون و خاوەنی یەک ئەسڵ و بنەڕەتن، بەڵام لەشێوەو چۆنیەتی جۆرا وجۆردا خراونەڕوو، دەقی قورئانیش دەربارەی هەرکام لەم دوو (١) دیاردەیە زۆرن کە بۆ وێنە هەندێکیان لێ دەخەینەڕوو :

یەکەم : دیاردەی یەکیەتی ئایین و بەرنامەی پێغەمبەران لە ئەسڵ و نێوەڕۆک دا :

أ ـ (شرع لكم مِنَ الدين ما وصّى به نوحاً والذي أوحينا إليك وما وصينا به إبراهيم وموسى وعيسى أن أقيموا الدين ولاتتفرقوا فيه ..) الشورى / ١٣ . واتە :

ئەو ئایینەی کە بۆ ئێوەی کردۆتە بەرنامە هەمان شتە کە نووحی پێ ڕاسپاردبوو، وە ئەوەیە کە بۆتۆمان ناردووە،

---

(١) مەبەست دیاردەی یەکیەتی ئایین و بەرنامەی پێغەمبەرانە عليهم الصلاة والسلام لە ڕیشەو نێوەڕۆک دا و جیاجیایی (تعدد) یەتی لە شێوەو چۆنیەتی ڕواڵەتی دا .

www,alibapir.net

ئەوەیە کە ئیبراهیم و مووساو عیسامان پێ ڕاسپاردبوون ، کە ئاییین بەڕێوەبەرن و تێیدا پەرتەوازە مەبن ..

ب ـ (وما أرسلنا مِنْ قبلِكَ مِنْ رسولٍ إلآ نوحي إليه أنه لا إلهَ إلآ أنا فاعبدون) الأنبياء / ٢٥ .

(ئەم ئایەتە پێشتر مەعنا کراوە) .

ج ـ (ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ..) النحل / ٣٦ . واتە :

وە بەتەئکید لە هەموو کۆمەڵێکدا پێغەمبەرێکمان ناردوە کە خوا بپەرستن و لە طاغووت دوورەپەرێزبن ..

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست !

ئەسڵ و بنچینەو کاکڵ و نێوەڕۆکی بانگەوازو بەرنامە پەڕواڵەت جیاجیاکانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بریتی بووە لە خواناسین و خوابەیەکزانین و ڕوولەخواکردن لە هەموو بوارو لایەنەکانی تاکی و کۆمەڵایەتی ژیاندا و ، دوورەپەرێزی و خۆپاراستن لە کەوتنە تەڵەو داوی طاغووتە زۆرو جۆراوجۆرەکانەوە .

<u>دووەم</u> : دیاردەی جیاجیایی بەرنامەکانی پێغەمبەران لە شێوەو ڕواڵەتدا :

أ ـ (لِكلٍّ جعلنا منكم شِرعة ومنهاجا ..) المائدة / ٤٨ . واتە : بۆ هەرکامێکتان ـ مەبەست ئوممەتەکانە ـ بەرنامەو پەیڕەوێکی تایبەتیمان داناوە ..

ب ـ (وما أرسلنا مِنْ رسول إلآ بلسان قومه لِيُبَيِّنَ لهم ..) إبراهيم / ٤ . واتە :

وە هیچ پێغەمبەرێکمان بەزمانی گەلەکەی نەبێ نەناردوە ،

www,alibapir.net

تاكو بۆيان ڕوون بكاتەوە .. (كەواتە : ئەو زمانانەی كە كتێب و بەرنامەكانی خوايان پێ نێرراون و ، ئەو زمانانەی كە پێغەمبەران پێيان لەگەڵ گەلەكانيان دا دواون جياجيا بوو ون) .

جـ ـ (ثم جعلناك على شريعة من الأمر ..) الجاثية / ١٨ . واتە : ئنجا تۆمان خستە سەر بەرنامەيەك لە ـ شێوەو بەرنامەكانی ـ ئايين ..

كەواتە :

هەرچەندە ئايين و بانگەوازی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام لە ئەسڵ و بنچينەدا يەكەو خەڵكی بەرەو يەك هەوارو مەنزڵ دەبات و ، بۆ يەك ئامانج و مەبەست بانگيان دەكات ، بەڵام بە جۆرو چۆنيەتی جياجياو لە قاڵب و شێوەی جۆراوجۆردا ، ڕەنگە هۆو حيكمەتی ئەمەش ئەوەبێ كە ژيان و گوزەرانی ئینسان بەردەوام لە گۆڕان و پەرەستاندن دايەو ، ديسان تيرەو گەلەكانيش بەحوكمی جياوازی ی ناوچەو جياوازی ی ڕەنگ و زمان و داب و نەريت و جۆری گوزەران و پەيوەندی يەكانيان و ئاستی فيكری يان حەوجێيان بە بەرنامەو پەيڕەوی شێوە جياجياو جۆراوجۆر دەكات ، هەربۆيەش دەبينين پێغەمبەرانی بەڕێزو پايەبەرز عليهم الصلاة والسلام هەتا باسی بيروباوەڕو تێڕوانين بۆ گەل و كۆمەڵەكانيان دەكەن لە يەك نوختەی هاوبەشەوە دەست پێدەكەن و پێداگيری لەسەر چەند مەبەستێكی دياری كراو دەكەن و ، زۆر جاران هەر شێوەی دەربڕينەكانيشيان دەقاودەق وەك يەكە ، بەڵام كە دێنەسەر باسی لايەنی بەرنامەيی (الجانب التشريعي) ، ئەوە هەم ئەو بابەت

www,alibapir.net

(موضوع) انەی کە لەبارەیانەوە دەدوێن و هەم شێوەی تەعبیرەکانیشیان جیاوازی هەیە ، دیارە هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەرچی بیروباوەڕو تێڕوانین (العقیدة والتصور) ە لەسەر چەند ئەسڵ و بنەمایەک ڕادەوەستێ کە بریتین لە چەند ڕاستی (حقایق) یەکی چەسپاو و نەگۆڕ ، بەڵام هەرچی لایەنی بەرنامەو پەیڕەوە ئەوە پەیوەندی بە ژیان و گوزەران و جۆرو چۆنیەتی هەڵس و کەوت و پەیوەندی یەکانی خەڵکی‌یەوە هەیە ، دیارە ئەم مەسەلانەش لە گۆڕان و پەرەستاندن و گەشەکردنێکی بەردەوام دان .

ئەمەش چەند نموونەیەک لە دەقەکانی قورئان سەبارەت بە خستنەڕووی هەرکام لە لایەنەکانی بیروباوەڕو بەرنامە لەسەر زمانی پێغەمبەران بۆ گەلەکانیان :

یەکەم : لایەنی بیروباوەڕ :

أ- (لقد أرسلنا نوحا إلى قومه فقال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره إني أخاف عليكم عذاب يوم عظيم) . الأعراف / ٥٩ .

ب- (وإلى عاد أخاهم هودا قال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره أفلا تتقون ؟) الأعراف / ٦٥ .

جـ- (وإلى ثمود أخاهم صالحا قال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره قد جائتكم بينة مِنْ ربكم ..) الأعراف / ٧٣ .

د- (وإلى مدين أخاهم شعيبا قال يا قوم اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره قد جائتكم بينة مِنْ ربكم ..) الأعراف / ٨٥ .

وەک دەبینین لەبواری ڕاگەیاندنی بیروباوەڕدا دەنگی زوڵاڵی پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام پەردەی کات و

www,alibapir.net

شوێن (زمان و مكان) دەدرێ و بەهەموویان (كۆڕس) یەك پێك دێنن - بەڵام بەچەند زمانی جیاجیا - سروودی: (اعبدوا الله مالكم مِنْ إله غيره) دەڵێن!

با ئەمجار سەرنجی لایەنی بەرنامەیی بدەین:

دووەم: لایەنی بەرنامەیی:

أ- (كذبت قوم نوح المرسلين. إذ قال لهم أخوهم نوح ألا تتقون. إني لكم رسول أمين. فاتقوا الله واطيعون. وما أسألكم مِنْ أجر إنْ أجريَ إلاّ على رب العالمين. فاتقوا الله وأطيعون. قالوا أنؤمن لك واتبعك الأرذلون؟ قال وما علمي بما كانوا يعملون. إنْ حسابهم إلاّ على ربي لو تشعرون. وما أنا بطارد المؤمنين) الشعراء/١٠٥-١١٤.

ب- (كذبت عاد المرسلين. إذ قال لهم أخوهم هود ألا تتقون؟ .... أتبنون بكل ريع آيةً تعبثون؟ وتتخذون مصانع لعلكم تخلدون؟ وإذا بطشتم بطشتم جبارين؟). الشعراء/ ١٢٣ - ١٣٠.

جـ- (كذبت ثمود المرسلين. إذ قال لهم أخوهم صالح ألا تتقون؟ .... أتتركون فيما هٰهُنا آمنين؟ في جنات، وعيون؟ وزروع ونخل طلعها هضيم؟ وتنحتون مِنْ الجبال بيوتا فارهين؟ فاتقوا الله وأطيعون. ولاتطيعوا أمر المسرفين. الذين يفسدون في الأرض ولايصلحون).
الشعراء/ ١٤١ - ١٥٢.

د- (كذبت قوم لوط المرسلين. إذ قال لهم أخوهم لوط ألا تتقون؟ .... أتأتون الذكران مِنَ العالمين؟ وتذرون ما خلق لكم ربكم مِنْ أزواجكم بل أنتم قوم عادون..).
الشعراء/ ١٦٠ - ١٦٦.

www,alibapir.net

هـ - (كذب أصحاب لئيكة المرسلين . إذ قال لهم شعيب ألا تتقون ؟ .... أوفوا الكيل ولاتكونوا مِنَ المخسرين . وزنوا بالقسطاس المستقيم . ولاتبخسوا الناس أشياءهم ولاتعثوا في الأرض مفسدين ..) الشعراء / ١٧٦ - ١٨٣ .

وەک دەبینین بەرنامەو پەیرەوی گۆڕانکاری هەرکام لەم پێنج پیغەمبەرانە (نوح ، هود ، صالح ، لوط ، شعیب)، صلی اللە علیهم وسلم هەرچەندە تێکڕا لەسەر یەک ئەسڵ و بنچینە دامەزراون کە بریتیە لە ((پارێزکاری بۆ خواو فەرمانبەری بۆ پێغەمبەر)) (فاتقوا اللە وأطیعون) ، وە هەرچەندە نێوەڕۆک و مەبەستی هەموانیشیان یەک شتە ، کە بریتیە لە گۆڕین و چاککردنی کۆمەڵ ، بەڵام هەرکامێکیان شێوەو ببچمێکی تایبەتی هەبەو مۆرکێکی سەربەخۆی پێوەیە ، ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوو ون و لە چاککردن و گۆڕینیان وەخۆکەوتوون ، لێک جیاو جۆراوجۆر بوو ون و ، هەرکامێکیان لە بارودۆخ و کات و شوێنێکی جیا لەوانی دیکەدا بووەو ، بە جۆرە نەخۆشی و گیروگرفتێکی تایبەتی یەوە گیرۆدە بووە ، کە ئەگەر لە هەندێک خاڵانیشدا پێک بگەنەوە ، بەشێوەیەکی گشتی هەر لێک جودان و ، شێوەو چۆنیەتی یەکی سەربەخۆیان هەیەو، لەئەنجامی ئەمەشدا حەوجێیان بە شێوازو چۆنیەتی یەکی تایبەت و بەرنامەیەکی سەربەخۆش دەکات بۆ گۆڕین و چارەسەر .

با بزانین چۆن ؟!

www,alibapir.net

یەکەمی ئەو پێغەمبەرانە کە (نووح) ە لەگەڵ گەل و کۆمەڵێک دا دەستەویەخە بووە ، کە ڕژێمی چینایەتــی و چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسی بەسەری دا زاڵ بــووەو خەڵکەکە بۆتە دوو بەش ، زۆربەیەکی ڕەش و ڕووت و نەدارو چەوساوەو مافخوراو کە زلەزلە چەوسێنەرو خۆشگوزەرانەکان بە (الأرذلون) یان(١) ناودەبەن ! ، بەڵام قورئان بەزۆری بە چەوسێنراوەکان (المستضعفین) (٢) ناویان دەبات ، وە بەشی دووەمی کۆمەڵگای نووح دەستەیەکی کەمی خۆبەزلگرو خۆشگوزەران و چەوسێنەرەوەن ، کە لەزۆر جێی قورئانێ دا بە زلەزلان (الملأ) و بە خۆبەزلگران (المستکبرون)و بە خۆشگوزەرانان (المترفون) و بە زیادەڕۆکەران(المسرفون) ناویان دەبات ، جا لێرەدا نووح علیه السلام کە لەگــەڵ کۆمەڵگایەکی ئاوادا ڕووبەڕوو بووە کە دووچــاری دەردی چینایەتی و قڕی و پڕی و ڕژێمی ئاغاو مسکێنی بــووە ، دەبینین بەزۆری تەئکید لەسەر ئەوە دەکات ـ دوای پاریزکاری خواو فەرمانبەری پێغەمبەر کە بنچینەی گۆڕین و چاککردنــی کۆمەڵگان ـ کە بابە سەنگی مەحەک و تەرازووی گرانـــی و سووکیی بریتیە لە کردەوە (وما علمي بما کانوا یعملون)،

---

(١) پێشتر وشەی (الأراذل ـ الأرذلون) مان تەفسیر کــرد ، هەڵبەتە (أراذل) و (أرذلون) هەردووکیان هەر کــۆی (أرذل) ن ، ئەوەندە هەیە یەکەمیان (جمع التکسیر) ەو ئەوی دیکەیان (جمع المذکر السالم) ە .

(٢) لە وشەی (المستضعف) ەوە دەفامرێتەوە کە خەڵکـــــە چەوسێنراوەکە لەزاتی خۆی دا بێ هێز (ضعیف) نیە ، بەڵکو بەئانقەست بێ هێز کراوە ، چونکە (س) ی ســـــەر (مستضعف) سینی (طلب) ە .

www,alibapir.net

وه كه لەدوای كردەوەی چاك سەرەنجامی چاكیی و خراپیی بەندەكان بەس خوا دەیزانێ (إن حسابهم إلا على ربي ..) كەواتە :

ئەوەی كە ئێوە – ئەی چینی خۆبەزلگرو چەوسێنەر – خۆتانی پێوە هەڵدەكێشن و شانازی پێوە دەكەن لە دەسەڵات و سامان و ڕەنگ و دیمەنی جوان و بنەماڵەو وەچاخ و ڕەچەڵەك ، هیچیان لەلای خوا بە سەنگی مەحەك و پێوەری هەڵسەنگاندن دانانرێن ، بەڵكو پێوەرو سەنگی مەحەكی ناسینی چاكیی و خراپیی ئینسانەكان بەس كردەوەی چاكە !!

دووەمیشیان كە (هوود) ە علیه السلام بۆ كۆمەڵگایەك نێرراوە كە ئامانج و مەبەستی هەرەبەرزی ژیان لەلای وان بریتیە لە دروستكردنی گردو قەڵای بەرز بەرزو كۆشك و باڵەخانەی بڵیندو بێڕەزا لەسەر شوێنە بەرزەكان و ڕێ و بانان ، بەس بەمەبەستی كات بەسەربردن و ڕابواردنی بێ ئامانج و ڕێگری و دەست وەشاندن و فیزو كەشخەكردن بەسەر خەڵكی چەوساوەو بەشخوراودا ، بۆیە ئەویش لەوبارەوە ئامۆژگاری گەلەكەی دەكات و تێیان دەگەیەنێ ، كە ئەو جۆرە ڕەفتارانە پێچەوانەی ژیانێكی ئینسانانەن و لەگەڵ سوپاس و شوكرانە بژێریشدا بەراوەژوون و پێویستە شەرم لەخوا بكەن و دەستیان لێ هەڵگرن !

سێیەمیشیان كە (صالح) ە علیه السلام بۆ گۆڕین و چارەسەری واقیعی دوور لە خوایانەی كۆمەڵێك نێرراوە كە لەژیانێكی پڕ هێمنی و ئاسایش و بەزەرق و بەرق و پێشكەوتووی بەرزو (ڕاقي) دا سەرگەرمی ڕابواردنو گوزەران بوو ون كە باغ و باغات و كانی و سەرچاوەی زۆرو

www.alibapir.net

کشت وکاڵ و دارخورمای میوه پێگەیشتوو و خانوو و کۆشکی لە شاخ داتاشراوو نەخش و نیگار تێداکێشراو و چەند دیمەنێکی زەقی ئەو ژیانە ماددی یە پڕعەیش و نۆش و بەکەیف و سەفایە بوو ون ، بەڵام لەسۆنگەی ئەوەوە کە کۆمەڵگای (ثمود) لەسەر بنچینەی پارێزکاری و پابەندی ی بە فەرمانی پێغەمبەرەوە دانەمەزراوە ، شان بەشانی ئەو پێشکەوتنە ڕواڵەتی یە ماددی یەو، ئەو ڕابواردن و گوزەرانە جەستەیی یە ، لەلایەن دەستەیەکی دیکتاتۆرو بەزەبرو زۆری خۆشگوزەران و زیادەڕۆکەر (مُسْرِفْ) ەوە کە کارو پیشەیان خراپەکاری ی (إفساد) و ئاشووب گێڕانە ، چەندان نەخۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری پەرەیان گرتوەو ، ئەو عەیش و نۆش و ڕابواردنە ماددی یەیان کردۆتە ژارەمارو ژەقنەمووت ، بۆیە (صالح) لەو ڕووەوە گەلەکەی دەدوێنێ و هەوڵ دەدات لە خەوی قورسی ژیانی ئاژەڵی ی وەخەبەریان بێنێ و ، ئەو دەستە خۆبەزلگرە خۆشگوزەران و خراپەکارە کە شیرازەی کۆمەڵگایان پچڕاندوەو هەموو شتێکیان لەگرێژەنە بردوە ، بە خەڵکە عەوام و سادەو فریوخواردوە مافخوراوەکە بناسێنێ !

(لووط) یش کە چوارەمیانە لەسۆنگەی ئەوەوە کە کۆمەڵەکەی دووچاری نەخۆشی یەکی یەکجار نزم و پیسی ئەخلاقی بووە ، کە بریتیە لە نێربازی ، ئەویش وەک هاوەڵانی دیکەی دوای بانگەوازکردنی بۆ پارێزکاری و فەرمانبەری (التقوى والطاعة) بێ پێچ و پەنا بە خەڵکە سەرلێشیواوو ڕەوشت نزمەکەی ڕادەگەیەنێ کە ئەو کارە شتێکی یەکجار دزێوو پەست و نزمەو، خوا ئافرەتی بۆ پیاوو

www,alibapir.net

پیاوی بۆ ئافرەت خوڵقاندوە ، نەک بەپێچەوانەوە ، وە پێیان ڕادەگەیەنێ کە (أنتم قوم عادون) ئێوە گەلێکی یاخی و لەڕێ دەرچوو و سەرکێشن !!

(شوعەیب) یش کە بۆ چاککردن و گۆڕینی واقیعی بێ سەرەوبەرەو پەشێوی خەڵکی (مەدیەن) ـ کە بە خاوەن درەختەکە " أصحاب لَئيْكَة " ش ناسراون ـ نێرراوە ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵی ناوبراو لەبواری ئابووری و مامەڵەو بازرگانی دا تووشی تەرازووبازی و فێڵ و فەرەج و ئۆین و سەگیەتیی بوون و ، لەئەنجامی ئەمەش دا بوونە خراپەکاران (مُفسدين) ی سەرزەوی ، زۆربەی ئامۆژگاری و ئاگاداری یەکانی لەو سوورگەیەدا دەسووڕێنەوە .

ئێستاش بەپێویستی دەزانم بەرلەوەی ئەم باسە بەجێ بێڵم سەرنجی خوێنەر بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ڕابکێشم :

وەک لە سەرگوزشتەی ئەو پێنج پێغەمبەرە بەرزو بەڕێزەدا دەبینین هەرچەندە هەرکامێکیان لەبواری بەرنامەیی یەوە بەشێوەیەکی جوداو سەربەخۆ لەگەڵ گەلەکانیان دا دەدوێن ، لەسۆنگەی ئەوەوە کە هەرکام لەو گەل و کۆمەڵانە خاوەنی بارودۆخ و واقیعێکی تایبەتی‌یەو لەگەڵ چەند دەردو نەخۆشیو کێشەیەکی تایبەتی دا دەستەویەخەبووە ، بەڵام هەر پێنجیان لەبواری بیروباوەڕو بنچینەی خەبات و شۆڕشەکانیان دا پێیان لەسەر یەک زەمینەی هاوبەش چەسپاندوەو ، هەموویان بەیەک دەنگ و بەیەک شێوە تەعبیر پێداگیری لەسەر چەند مەسەلەیەک دەکەن ، کە بە ئەسڵ و بنەماو بەردی بناغەی شۆڕش و خەباتی پێغەمبەرانە دادەنرێن ، کە ئەمانەن :

www,alibapir.net

(.. ألا تتقون ؟ إني لكم رسول أمين . فاتقوا الله وأطيعون . وما أسألكم عليه مِنْ أجر إِنْ أجري إلاّ على رب العالمين) .

١- بێدارکردنەوەو ڕاچڵەکاندن (ألا تتقون ؟) .

٢- ڕابەرایەتی و چاوساغیەکی جێی دڵنیایی و متمانە پێکراو (إنی لكم رسول أمين) .

٣- فەرمان کردن بە پارێزکردن لەخواو فەرمانبەری کردنی پێغەمبەری پێشەوا (فاتقوا الله وأطيعون) .

٤- چاوەڕوانی نەکردن و داوانەکردنی پاداشت لە هیچ کەس (وما أسألكم عليه مِنْ أجر) .

٥- دڵی خۆ خۆشکردن و قەناعەتکردن بە کرێ و پاداشتی خوا (إِنْ أجريَ إلاّ على رب العالمين) .

هەڵبەتە ئەم پێنج بنچینە سەرەکیو هێڵە گشتیە نەک هەر لەڕابردوودا بەڵکو ئێستاش و لەمەودواش هەر بەبەردی بناغەی هەموو خەبات و شۆڕشێکی خواییانە دادەنرێنو، پێویستە شوێن کەوتووانی خەت و ڕێبازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام زۆرچاکیان سەرنج بدەن و هەمیشە لەبەرچاویان بن .

پێم وایە بەم برە توێژینەوەیەش ڕوون بۆوەو سەلمێنراش کە ڕاستە (بانگەوازی پێغەمبەران لەئەسڵدا یەکەو شێوەکانی جیاجیان) .

ئەلێرەشدا کۆتایی بەم (دە) (١) خاڵە دێنین کە

---

(١) هەرکەسێک بیەوێ شارەزایی زیاتر دەربارەی ئەو

www,alibapir.net

ویستمان جۆرو چۆنیەتی کەسایەتی (شخصیة) ی پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا (علیهم الصلاة والسلام) یان تێدا بخەینەڕوو ، ئومێدیشم وایە تا ڕاددەیەکی باش ئەو (ویست) و ئامانجە هاتبێتەدی .

ئێستاش دەچینە سەر باسێکی دیکە بەناوی :
(ئەنجام و بەرهەمی ئەم جۆرە بڕوا بەپێغەمبەران بوونە).

....

بابەتانە کە لەم (١٠) خاڵەدا تویژرانەوە ، یان هەر بابەتێکی دیکە کە پەیوەندی بە (پێغەمبەرایەتی و پێغەمبەران) ەوە هەبێ ، وەدەست بێنێ دەتوانێ سەرنجی ئەم سەرچاوانە بدات ، کە منیش کەمو زۆر بۆ نووسینی هەندێک لەم باسانەی ڕابردن سەرنجم داون و سوودم لێ وەرگرتوون :

١- (الشفا بتعریف حقوق المصطفی) نووسراوی (قاضي عیاض)ەو دوو شەرحی (ملا علی قاري) و (خفاجي) یشی بەسەرەوەیەو چوار بەرگی گەورەیەو لەوبارەوە بەچاکترین سەرچاوەی دەزانم .
٢- (کتاب النبوات) نووسراوی (إبن تیمیة) .
٣- (موقف العقل والعلم والعالم من رب العالمین وعبادە المرسلین) نووسراوی (مصطفی صبری) شیخ الأسلام للدولة العثمانیة ، کە چوار بەرگی قەبەیەو بەرگی چوارەم تایبەتە بە مەسەلەی (پێغەمبەرایەتی) یەوە ..
٤- (الوحي المحمدی) محمد رشید رضا .
٥- (العقیدة الأسلامیة وأسسها) عبدالرحمن حسن حبنكة المیداني .
٦- (النبوة والأنبیاء) محمد علی صابوني .
٧- (النبوة والأنبیاء) أبوالحسن الندوي .

www,alibapir.net

ئەنجام و بەرهەمی ئەم جۆرە بڕوا بە پێغەمبەران بوونە

خوێنەری بەڕێز !

وەک لە ئاڵقەی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا گوتمان ، هەروەک چۆن ڕووناک بوونەوەی نێوەوەو دەرگا و پەنجەرەکانی ژوورێک کە چرای تێدا داگیرساوەو ، میوەو بەردەرکردنی درەختێکی بەردار کە ڕواوەو فراژوو بووە ، ئەنجامێکی سروشتی و مسۆگەرو چاوەڕوان کراوە ، کردارو ڕەفتارو ڕەوشت و ئاکاری مسوڵمانانەش میوەو بەرهەمێکی مسۆگەرو سروشتی یە لەهەر کەسێکدا کە بیروباوەڕی خواناسی تێدا سەقامگیرو پنج گرتوو بووە .

جا با لێرەشدا بزانین ، ئەنجام و بەرهەمی مسۆگەرو چاوەڕوان کراوی بڕوابوون بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام لە دەرو دەروون (ظاهر و باطن) ی مرۆڤی مسوڵمان دا چیەو چۆنە بەوجۆرەی کە باسکرا ؟!

یەکەم : خۆشترویستنیان لەهەموو کەسێک

بەڵێ یەکەمین ئەنجام و بەرهەمی چاوەڕوان کراوی بڕوابوون بە پێغەمبەران ئەوەیە ، کە بابای بڕوادارو مسوڵمان ، ئەو پێغەمبەرە بەرزو بەڕێزانەی لەهەموو کەس و هەموو شتێک خۆشتر بوێن ، تەنانەت لە نەفسی خۆشی !!

خوای بەرزو بێ وێنە لەوبارەوە فەرموویەتی : (النبیّ

www,alibapir.net

أولى بالمؤمنين مِنْ أنفسهم) الأحزاب / ٦ . واته :
پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - سەبارەت بە بڕواداران
لە نەفسی خۆیان لەپێشترە !

وە فەرموویەتی :(ماكان لِأهل المدينة وَمَنْ حولهم مِنَ الأعراب أنْ يتخلفوا عن رسول الله ولايرغبوا بأنفسهم عن نفسه ..) التوبة / ١٢٠ . واته :
خەڵکی - شاری - مەدینەو ئەو عارەبە خێڵەکییانەی لە دەوریانن ، بۆیان نیە کە لەپێغەمبەری خوا دوابکەون - و نەچن بۆ جەنگ - وە نابێ نەفسی خۆیان لە - فیداکردن لەپێناوی - نەفسی وی دا لێ وەچاو بێ !

پێغەمبەرمان علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی :(ثلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وَجَدَ بِهِنَّ حلاوةَ الأيمان : أن يكون الله ورسوله أحب إليه مما سواهما ..) متفق عليه . واته :
سێ - شت - لەهەرکەسێک دا هەبن بەهۆی وانەوە شیرنایەتی بڕوای دەستگیربووە :- یەکەمیان - کە خوداو پێغەمبەرەکەی لەغەیری وان لەلا خۆشەویستتر بن .

دیسان فەرموویەتی :(لايؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه مِنْ والده وولده والناس أجمعين) متفق عليه . واته :
یەکێکتان بڕوا نایەنێ ، تا منی لەلا خۆشەویستتر نەبێ لە بابی و ڕۆڵەی و تێکڕای خەڵکی !

هەڵبەتە لەهەموو شتێک خۆشترویستنی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام زۆر شتان لەسەر ئینسان پێویست دەکات و نیشانەشی زۆرن ، بەڵام زەقترین و بەرچاوترینیان ئەوەیە کە بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە ناویان بێنێ و لەدەمی ناوهێنانیان دا داوای پایەبەرزتر بوون و خێروخۆشییان

www,alibapir.net

بۆ لەخوا بکات ، وەک خودا دەربارەی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وآله وسلم فەرموویەتی :(إن الله وملائكته يصلون على النبي يا أيها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما) الأحزاب / ٥٦ . واتە :

بێگومان خوداو فریشتەکانی سەڵەوات دەنێرنە سەر پێغەمبەر ، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە سەڵەواتی لەسەر بدەن و سەلامی بۆبنێرن .

بۆیەش لەدەمی ناوهێنانی هەرکام لە پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام دا، گوتنی (صلى الله عليه وسلم) یان (صلى الله عليه وآله وسلم) (١) سوننەت و ئەدەبێکی بەرزی ئیسلامییە ، بەڵام بەتایبەتی پێغەمبەرمان (محمد) صلى الله عليه وسلم ، وەک فەرموویەتی :(مَنْ صَلّىٰ عَلَيَّ صلاةً صلى الله عليه بِها عشرا) رواه مسلم . واتە : کەسێک سەڵەواتێکم لەسەر بدات ، خوا بەوە (١٠) سەڵەواتی لەسەردەدات .

وە فەرموویەتی :(البخيل مَنْ ذُكِرْتُ عنده فلم يصل عليّ) رواه الترمذي وقال حسن صحيح . واتە : ڕژدو چرووک کەسێکە کە ناوی منی لەلا باس دەکرێ بەڵام سەڵەواتم لەسەر نادات .

---

(١) ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی مەعنای :
(صلاة) و (سلام) :
وشەی (صلاة) لەئەسڵی زمان دا وەک (راغب الاصفهاني) دەڵێ لەلای زۆربەی زانایان واتە : پاڕانەوەو بەپیرۆز گرتن و بەگەورەگرتن ، لەزاراوی شەرعیش دا لەلای جەماوەری زانایان (جمهور العلماء) بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی لێیەوە دەنێرڕێ واتاکەی دەگۆڕێ ، ئەگەر لەخواوە بێ بۆ

www,alibapir.net

دووەم : گرتنی خەت و ڕێبازیان .

یەکی دیکە لە ئەنجام و بەرهەمە سروشتییەکانی بڕوابوون بە پێغەمبەرانی خوا صەلات و سەلامی خوایان لێ بێ ، ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان ئەو خەت و ڕێبازە بگرێ کە ئەوانی لەسەربوون و ، بێجگە لەوان هیچ کەسێکی دیکە بە ڕابەرو چاوساغ و پێشڕەوی خۆی دانەنێ ، چونکە خوا پێغەمبەرانی بۆ ڕابەرایەتیی و چاوساغیی خەڵکی ڕەوانەکردوون و ، بۆ ئەوەش کە بەچاکی بتوانن ئەو ئەرکە مەزنە جێ بەجێ بکەن، سەرڕاست و شارەزای ڕێ ی ڕاست (الصراط المستقیم) ی کردوون و دڵ و مێشکی بە زانیاری ڕاست و پێویست ڕوون کردوونەوەو ، لەهەڵەو پەڵەو لادان و ڕێ بزرکردن پاراستوونی .

....

بەندەکانی ئەوە مانای (بەزەیی نواندن) و (پایە بەرزکردنەوە) و (پێهەڵگوتن ـ ثناء) دەگەیەنێ، وە ئەگەر لە فریشتان یان لە مرۆڤانەوە بێ بۆ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ، وە بۆ غەیری وانیش لە بڕواداران ، ئەوە بریتیە لە لەخودا داواکردنی (بەزەیی و پایەبەرزکردنەوەو پێهەڵگوتن) بۆیان .
وشەی (سلام) یش لەئەسڵی زماندا وەک (راغب) دەڵێ واتە : ساغ و سەلامەتی و بێ عەیبیی دەرو دەروون، وە (سلام) ناردنیش وەک (صلاة) ناردن ، بەپێی ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە دەنێرێ ماناکەی دەگۆڕێ ، (سلام) ناردنی خوا بۆ بەندەکانی یانی ڕەخساندنی سەڵامەتی و بێ عەیبی بۆیان ، وە (سلام) ناردنی فریشتان و مرۆڤان بۆ پێغەمبەران و غەیری وانیش واتە : داواکردنی هاتنەدی و زیادبوونی سەلامەتی و بێ عەیبی بۆیان .

بڕوانە :(معجم مفردات ألفاظ القرآن) ص ٢٣٩ ، ٢٨٥.
وە بڕوانە :(إعانة الطالبین) ج١ ص ١٢ .

www,alibapir.net

خوای شارەزاو زانا فەرموویەتی :(لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة ..) الأحزاب / ٢١ . واتە :

بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا پێشرەوایەتی‌یەكی چاك هەیە بۆ ئێوە ..

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی :(فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ ..) رواه ابوداوود والترمذي وقال حسن صحيح .

واتە : جا ڕێ و شوێنی من و ڕێ و شوێنی جێ نشینە سەرڕاستە ڕێڕوونی كراوەكان بگرن ، ددانانی لەسەر ڕۆگرن .. !

بێگومان كەسێكیش پێغەمبەرانی لەهەموو كەس لەلا بەڕێزترو خۆشەویست تربن و ، بڕواشی وابێ كە سەرتۆپی مرۆڤایەتی‌و كامڵ ترین ئینسانن ، بەهیچ ڕەنگێك بەخۆی ڕەوا نابینێ بێجگە لەوان وەدوا كەسی دیكە بكەوێ .

مادام وابێ كەسانێك كە خەت‌و ڕێبازو ڕێ و شوێنی پێغەمبەرانیان لەبەردەست دایەو دەكەونە شوێن ئەم‌ملاولاو ملی كوێرە ڕێ و (ڕێچكان !) دەگرن ، شایەدی یەكی زۆر، بەهێز لەسەر خۆیان دەدەن كە مەسەلەی بڕوابوونیان بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام لاف لێدانێكی ڕووت‌و بێ بنچینەیەو ، قسەیەكی بێ پشت‌و پەناو بۆشەو هیچی دیكە .

سێیەم : خۆشویستنی دۆستانیان و پشتگرتنیان .

بەڵێ یەكی دیكە لە ئەنجام و بەرهەمە مسۆگەرو چاوەڕێ كراوەكانی بڕوابوون بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئەوەیە كە هەموو ئەو كەسانەی كە خەتی وان دەگرن و

www,alibapir.net

دۆست و پشتیوانیانن ، خۆشی بوێن و دۆستایەتی و برایەتییان لەگەڵ بگرێ .

خوای بێ وێنەو تاک فەرموویەتی : (والمؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض ..) التوبة / ٧١ . واتە :
وە پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار هەندێکیان پشتیوانی هەندێکیانن ..

دیسان خوای پایەبەرزو بەخشەر لەوەسفی ئەو مسوڵمانانەدا کە لەپاش کۆچکەرو پشتیوانەکان (المهاجرون والأنصار)ەوە دێن ، کە ئێمەو هەر مسوڵمانێکی دیکەش دەگرێتەوە ، هەر لەسەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم بەملاوە تا ڕۆژی دوایی ، دەفەرموێ :
(والذين جاؤوا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا ولأخواننا الذين سبقونا بالأيمان ولاتجعل في قلوبنا غلاً للذين آمنوا ربنا إنك رؤوف رحيم) الحشر / ١٠ . واتە :
وە ئەوانەی لەدوایانەوە ـ لەدوای (المهاجرون والانصار) ـ دێن ، دەڵێن :
پەروەردگارمان لە ئێمەو لەو برایانەمان ببوورە کە پێش ئێمە بڕوایان هێناوە ، وە ڕق و کینەمان مەهاوێ دڵی سەبارەت بەو کەسانەی بڕوایان هێناوە ، پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ میهرەبان و بەبەزەییی !
پێغەمبەریش صلى الله عليه وآله وسلم فەرموویەتی :
(والذي نفسي بيده لاتدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ، ولاتؤمنوا حتى تحابوا ..) رواه مسلم . واتە :
سوێند بەو زاتەی گیانمی بەدەستە ! هەتا بڕوانەیەنن ناچنە بەهەشتێ ، وە بڕوانایەنن هەتا یەکدیتان خۆش نەوێ ..

www,alibapir.net

جا بێگومان چاکترین و گەورەترین دۆست و پشتیوانی پێغەمبەرمان علیه الصلاة والسلام برادەرە بەڕێزەکانی خوا لێیان ڕازی بێ ، بەتایبەتی کۆچکەرو پشتیوانەکان (المهاجرون والأنصار) ، کەواتە لەسەر هەرکەسێک پێویستە کە بڕوای بە پێغەمبەرمان هەیەو خۆشی دەوێت ، ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیشی هەبێ بۆ برادەرە بەڕێزەکانی بەگشتی و بۆ کوچکەرو پشتیوانەکانیش بەتایبەتی ، خوا لێیان ڕازی بێ ، گەورەترین و زەقترین نیشانەی ڕێزو خۆشەویستیش سەبارەت بەو زاتە مەزنانە ، ئەوەیە کە بەڕێزەوە ناویان بهێنرێ و لەدەمی ناوهێنانیان دا ڕەزامەندی خودایان بۆ داوابکرێ و بگوترێ (رضي الله عنهم) خوا لێیان ڕازی بێ(1) چونکە خودا جل جلاله لەگەڵ ئەو هەموو گەورەیی و بەرزییەیدا لەکاتی ناوبردنیان دا فەرموویەتی :(رضي الله عنهم ..) التوبة / ١٠٠ .

---

(1) گوتراوە :(هەموو یاسایەک ڕیزپەڕ ـ شاذ ـ ی هەیە) ، لەنێو برادەرانی پێغەمبەریش دا خوا لێیان ڕازی بێ ، ئی وا هەیە ، کە دەبێ لەجیاتی (رضي الله عنه) خوا لێی ببورێ (غفر الله له) ی بۆ بگوترێ ، بۆ نموونە : (ابوسفیان و معاویة و عمرو بن العاص و مغیرة بن شعبة)! خوا لێیان ببورێ .
کەسێکیش کە بەم قسەیەم قەڵس دەبێ ، وادیارە بە " چاوپێچکی " (وما جرى بين الصحابة نسكت عنه) بەرچاوی خۆی گرتوەو وەک پێویستیش ئاگای لە مێژوو نیە .

بەڵام لێرەدا خستنەڕووی چەند ڕاستییەک بەپێویست دەزانم :
ا ـ من کە دەڵێم هاوەڵانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام هەموویان لەیەک ئاستدا نین و ئی وایان هەیە (غفر الله له) ی لێ دەوەشێتەوە نەک (رضي الله عنه) ، تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە لە ناسینی ئیسلام دا بەهەڵەدا نەچین و

www,alibapir.net

لەکاتی ڕوونکردنەوەی بەرنامەی خوادا خاتری هیچ کەس نەگرین، کەواتە با هیچ کەس واتێ نەگات من دەمەوێ لە ڕێزو پلەوپایەی هەندێک لە (أصحاب) دابشکێنم !! نەخێر، بەڵام ئامادەش نیم بۆخاتری هیچ کەس چاو لە ڕاستییەکانی ئیسلام بقووچێنم !

٢- بێگومان ئەو جۆرە کەسانەی کە من ئاماژەم پێ کردن زۆر نین و بە پەنجەی دەستان دەژمێررێن، کەواتە با هیچ کەس ئەم ڕایەی من نەکاتە دەستەچیلەی لە (أصحاب) کەوتنە گومان و دوودڵییەوە، چونکە زۆر ناماقووڵ و بێ جێ یە کەسانێک خوا بەگشتی پاکانە (تزكية) ی کردبن، تۆش لێیان بکەویە گومانەوە !

٣- ئەو کەسانەی کە لەژێر پەردەی خۆشویستنی (أهل البيت)و بنەماڵەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وآله وسلم هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر بەگشتیو ناودارانیان بەتایبەتی دەبوغزێنن و، ناوو ناتۆرەی خراپیان بەدوا دەخەن، ئەوانە هیچ جیاوازی یان لەگەڵ ئەوانەدا نیە کە کاتی خۆی لەژێر پەردەی لایەنگری (أصحاب) دا (أهل البيت)یان دەبوغزاند، هەربۆیەش جەماوەری زانایان هەرکام لەم دوو تاقمەیان بەهەڵە داناون و، هەر لەکۆنەوەش بە تاقمی یەکەمیان گوتوە (رافضي)یەکان و، بە ئی دووەمیش (ناصبي) یەکان.

ئنجا جەماوەری مسوڵمانان کە بە (أهل السنة والجماعة) ناسراون ڕێزگرتن و خۆشویستنی هەرکام لە هاوەڵانی پێغەمبەرو صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم بنەماڵەکەییان بەپێویست زانیوە، هەربۆیەش ئیمامی (شافعي) خوا لێی خۆش بێ دەربارەی خۆشویستنی بنەماڵەی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم فەرموویەتی :

إنْ كان رَفْضاً حُبُّ آل أحمد
فليشهد الثقلان أني رافضي

وە (إبن تيمية) ش دەربارەی خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر فەرموویەتی :

إن كان نَصْباً حبُّ أصحاب محمد
فليشهد الثقلان أني ناصبي

www,alibapir.net

٤- هیچ کاتێکیش زاناو پێشەوایانی ناوداری بنەماڵەی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ، چ دوازدە پێشەوایەکان - کە شیعە بە لەگوناح پارێزراو (معصوم) یان دەزانن - وە چ غەیری وانیش ، بیروڕایان دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم بەگشتیو سێ خەلیفەکان بەتایبەتی خراپ نەبووەو ، هەر شتێکی خراپ و سەلبی لەوبارەوە لەو زاتانە نەقڵ کرابێ ، درۆو بوختانێکی هەڵبەستراوە ، بۆ وێنەش ئەم بەسەرهاتە دەگێڕینەوە :

(محمد) ی کوڕی (علي) کوڕی (حسين) ی کوڕی (علي ابن أبي طالب) خوا لێیان ڕازی بێ ، لە بابی - کە بە (زين العابدين) ناسراوە - دەگێڕیتەوە کە کۆمەڵێک لە خەڵکی عێراق هاتنەلای و دەستیان کرد بە قسەگوتن بە (أبوبكر و عمر) خوا لێیان ڕازی بێ ، ئنجا (عثمان) خوا لێی ڕازی بێ ، وە زۆریان گوت ! ئەویش - واتە (زين العابدين) - پێی گوتن : ئایا ئێوە لە (المهاجرين الأولين) ن ؟! گوتیان : نەخێر ، فەرمووی : ئەدی لە (الذين تبوؤا الدار والأيمان من قبلهم) ن ؟! گوتیان : نەخێر ، فەرمووی : دەجا بێگومان کە بۆخوتان شایەدی ی دەدەن لەم دوو کۆمەڵە نین ، منیش شایەدی ی دەدەم کە لەوانەش نین کە خوا لەبارەیانەوە فەرموویەتی : (والذين جاؤا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا ولأخواننا الذين سبقونا بالأيمان ولاتجعل في قلوبنا غلاً للذين آمنوا ...) ، دەهەستن بڕۆن خوا ئاواو ئاواتان پێ بکات !! *

---

* بڕوانە تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن) ی قرطبي ، ج١٨ ص ٣١ ، ٣٢ .

قوڵە نەزیلەیەک :

شێخ حەسەنی گلەزەردە کە یەکێک بووە لە ناودارانی کورد لەبواری (تصوف) دا ، وە بەڕەچەڵەک سەییدەو دەچێتەوە سەر بنەماڵەی بەرزی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم ، لەوەڵامی نامەیەکی (نادر شا) دا کە لەکاتی داگیرکردنی شاری (سلێمانی) دا بۆی ناردوەو لافی خۆشویستنی (أهل البيت) ی لێداوە ، لەنامەیەکیدا پێی گوتوە : (.. ئەوەش کە لافی خۆشویستنی (أهل البيت) ت لێداوە ، ئەگەربێت و بوغزاندنی (أصحاب) ی تێکەڵ بووبێ ، هیچ نرخی نیەو دادت نادات ..) .

بڕوانە کتێبی (شێخ معروف النودهي) ی شیخ محمد الخال .

www.alibapir.net

ئنجا لەدوای برادەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەر خوا لێیان ڕازی بێ ، زاناو پێشەوا خواناسە چاوساغ و تێکۆشەرەکان کە میراتگرو جێگری پێغەمبەرن صلی اللە علیە وسلم لە هەموو کەسێک پتر جێی ڕێزو خۆشەویستی باوای مسولمانن ، بۆیە واچاکە لەدەمی ناوهێنانی هەر یەکێکیان دا دوای بەزەیی و ڕەحمی خوای بۆ بکرێ و بگوترێ :(رحمە اللە) خوا ڕەحمی پێ بکات .

بەڵام بێگومان خۆشەویستی و ڕێزنواندن سەبارەت بە دۆستانی پێغەمبەران بەگشتی و پێغەمبەرمان بەتایبەتی ، ئەگەر نەچێتە قالبی کردارو ڕەفتارەوەو لە دنیای واقیعدا نەیەتە بەرچاو ، نە بوونی خۆی ئیسپات دەکات ، وە نە هیچ بایەخێکیشی هەیە ، کەوانە پشت گرتن و لەسەرکردنەوەو هاوکاری کردنی دۆستانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام کە زانایانی ڕاستەقینەو تێکوشەر لەڕیزی پێشەوایانن ، بەڵگەیەکی پێویست و گرنگە بۆ هەرکەسێک کە دەیەوێ دەعوای خۆشویستنی پێغەمبەران و خەت و ڕێبازو دۆستانیان ئیسپات بکات .

چوارەم : بوغزاندنی دوژمنانیان و جەنگ لەگەڵ دا کردنیان

چوارەمیش بەرجەمی بڕوابوون بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان کەسانێک ببوغزینێ کە دوژمنایەتی پێغەمبەران و خەت و ڕێ و شوێن و جێگرانی ڕاستەقینەیانیان کردوە ، نەک هەر بوغزاندن و ڕق لێ هەستان ، بەڵکو بەگوێرەی تواناو بۆلوان جەنگیشیان لەگەڵ دا بەرپا بکات !!

www,alibapir.net

وەک خودا لە وەسفی برادەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا خوا لێیان ڕازی بێ فەرموویەتی :(محمد رسول الله والذين معه أشداء على الكفار رحماء بينهم ..) الفتح / ٢٩ .
واتە : موحەممەد ـ صلى الله عليه وسلم ـ نێرراوی خوایە ، وە ئەوانەی لەگەڵنی لەسەر کافران توندوتیژن و لەنێو خۆیان دا میهرەبانن ..

بەڵێ بێ ڕەحمی نواندن و ڕەقیو توندوتیژی لەئاقار ناحەزانی خەتو ڕێبازی پێغەمبەران دا عليهم الصلاة والسلام کە وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە ، ناحەزو دوژمنانی پێغەمبەرانی خوداش بەزۆری هەر لە چینی طاغووتو خۆبەخوازان و زۆردارو چەوسێنەردا خۆی دەنوێنێ ، ئەنجامو بەرهەمێکی سروشتیو ئاسایی بڕوابوونە بە پێغەمبەرانو خەتو ڕێبازیان ، هەربۆیەش خوای کاربەجێو بێ هاوتا فەرموویەتی:(يا أيها الذين آمنوا قاتلوا الذين يلونكم من الكفار وليجدوا فيكم غلظة واعلموا أن الله مع المتقين) . التوبة / ١٢٣ . واتە :
ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لەگەڵ ئەو کافرانەدا بجەنگن کە لێتان نیزیکن ـ و وەبەر پەلتان دەکەون ـ وە با ڕەقیتان پێوە شک بەرن ، وە بزانن کە خوا لەگەڵ پارێزکاران دایە .

وەک دەبینین خودا ڕەقی نواندن و پارێزکردن ، یان ڕەمی (غلظة) و پارێزکاری (التقوى) ی پێکەوە باس کردوون . تاکو کەس وانەزانێ کە ڕەقیو توندوتیژی و بێ ڕەحمی لەگەڵ تەقوادا دژن یان پێکەوە نەگونجاون !! وەک هەندێک فەریکە مسوڵمانی فەقیرحاڵۆکەو دەستوپێ سپی و

www,alibapir.net

کەم دەمار گومان دەبەن !

بەڵێ بەڵگەی مسوڵمانەتیو خۆشویستنی خواو پێغەمبەرەکەی علیه الصلاة والسلام ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان بەخوێنی سەری ناحەزانی خواو پێغەمبەر تینوو بێو ، وەک رابەرە بەرێزەکەی صلی الله علیه وآله وسلم وێرای پێ قەڵشینی و لەش سربوونی بە شەونوێژان ، ددان شکاوو روومەت قەڵشاویش بێ لە مەیدانی جەنگ و شۆرش دا لە دژی کافرانی زۆردارو چەوسێنەرو خۆبەخوازان !

پێنجەم : هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی رێ و شوێنیان

یەکی دیکە لەو خەسڵەتانەی کە بڕوابوون بە پێغەمبەران وەک ئەنجامو بەرهەمێکی سروشتی لە بابای مسوڵمان دا دەیهێنێتەدی ، ئەوەیە کە لە یەکەمین رۆژی خۆبەشوێنکەوتووی پێغەمبەران لەقەڵەم دانییەوە ، خۆشەویستیو عیشقی خواو پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لە دەروونیدا ببێتە بڵێسەیەکی بەتین و ئارامی لێ هەڵبگرێ و ئیسراحەتی لێ تێک بدات و ، وای لێ بکات خەوو خۆراکی لێ تێک بچێو شەوو رۆژان پێکەوە گرێ بدات ، لەرێی گەشەپێدانی رێ و شوێنی پێغەمبەرماندا علیه الصلاة والسلام ئەگەر لەئارادا بێو، بووژاندنەوەو هەڵستاندنەوەی ئەگەر لەگۆڕێ دا نەمابێو شێوێنرابێ !

پێغەمبەری بەرێزمان لەوبارەوە فەرموویەتی :
(المتمسک بسنتي عند فساد أمتي له أجر شهيد) أخرجه الطبراني في الأوسط . واتە :
دەستگرتوو بە رێ و شوێنی منەوە لەکاتی تێکچوونی ئوممەتمدا پاداشتی شەهیدێکی هەیە .

www,alibapir.net

جا بێگومان گرتنی ڕێ و شوێنی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم لەکاتی سەرگەردان بوونی خەڵکیو ڕێ لێ بزربوونیاندا کارێکی یەکجار سەخت و دژوارەو عەزمو هیممەتێکی مەردانەی دەوێ و کاری پیاوانەو ، بە منداڵان ناکرێ ، وەک پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام فەرموویەتی :(المتمسک بسنتي عند إختلاف أمتي کالقابض علی الجمر) رواه الترمذي . واتە : دەستگرتوو بە ڕێ و شوێنی منەوە لەکاتی جیاجیایی ئوممەتمدا وەک کەسێک وایە دەستی بە پۆلووان[1] گرتبێ.

هەڵبەتە دەست بە ڕێ و شوێنی پێغەمبەرەوە گرتن شتێکی گەورەیەو پاداشتێکی یەکجار بەرزی هەیە ، بەڵام لەوە گەورەترو پاداشت بەرزتر ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان ویڕای دەست بە سوننەتەوە گرتنی خۆی ، هەوڵ بدات خەڵکی دیکەش بەو ڕێ و شوێنە ئاشنا بکات ، واتە هەروەک چۆن لە ژیانی خۆی دا ڕێ و شوێنی پێغەمبەری بووژاندۆتەوە ، هەوڵ بدات لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاش دا بیبووژێنێتەوەو ڕاستی بکاتەوە ، پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام لەوبارەوە فەرموویەتی :(.. فطوبی للغرباء ، وهم الذین یصلحون ما أفسد الناس مِنْ بَعدي مِنْ سنتي) رواه الترمذي . واتە : .. جا خۆشیو بەختیاری بۆ غەریبان ، ئەوانیش ئەوانەن کە ئەو ڕێ و شوێنەم کە خەڵک دوای من تێکیان داوە چاکی دەکەنەوە .

جا بێگومان ڕێ و شوێنی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام دوو واتای هەن ، یەکیان گشتی ، کە مەبەست ئەو ڕێبازو

---

(١) پۆلوو : پشکۆ

www,alibapir.net

ڕاستەشەقامەیە کە لە قورئانی بەهێزو سوننەتی بەپێزەوە هەڵدەقوڵێ ، وە ئەوی دیکەیان تایبەتی ، کە مەبەست ئەو ڕەفتارو ئاکارو خوو و ڕەوشتە بەرزو پەسندانەن کە لە پێغەمبەردا علیە الصلاة والسلام هاتوونەدی و ، بۆ ئێمەش سوننەتە پێیانەوە پابەندبین و لەخۆمانیاندا بێنینەدی .

جا ئەوەی زۆر مایەی داخو خەفەت و پەژارەو ناسۆرە لەدڵی هەر مسوڵمانێکی ڕاست و ساغدا ، ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا زۆربەی ئۆممەتی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم سەبارەت بە سوننەتەکانی پێغەمبەرو ڕەوشت و ئاکارو ڕەفتارە بەرزو هەڵبژاردەکانی ، یەکجار کەمتەرخەمو بێ مشوورە ، ئنجا ئەوەی پتر قوڕەکەی خەست تر کردوەو بگرە مایەو ئەسڵی دروست بوونی ئەو قوڕەیە ، ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی خۆشیان بە زاناو چاوساغی خەڵکیو میراتگری پێغەمبەران دەزانن ، لە خەڵکی عەوامو ڕەشۆکی پیستر دووچاری دەردی پشت لەسوننەت کردن بوو ون و ، لەبەرانبەر دەست بەسوننەت گرتن دا گیرۆدەی چەندان دیاردەو خەسڵەتی پیس و بۆگەنیوی نامسوڵمانانە بوو ون ، بۆ وێنە : ڕیش تاشین ، جگەرەکێشان ، نوکتەبازیو قسەی هەڵلەق و مەڵلەق گێڕانەوە ،(١) دمبەدمەی بێ سوودو بەناهەق ، پێکەنینی زۆرو بەقاقا ، دامەو شەترەنجو دۆمینەو نۆڕبزکێنە ، کەڵەمستێنە ،(٢) سەردانی طاغووت و زۆرداران و

---

(١) کتێبی (ڕشتەی مرواری) کە کتێبێکی قەبەی چەند بەرگییەو ، لە قسەی پووچو پیس و بی کەڵک هەڵاخنەراوە ، پەرێزو بەرهەمی یەکێک لەو جۆرە کەسانەیە !

(٢) ئەمانە چەند جۆرە یاری یەکن بەس بۆ کات گوزەراندن و

www,alibapir.net

ورگ ئاخنین لە خواردنی حەرام و پیسیان ، غەیبەتکردن ، پارانەوە بۆ کاربەدەستانی زۆرداروخوانەناس ، بەرهەڵدا کردنی کوڕوکچ و خێزان و گوێ نەدان بە بارهێنانیان لەسەر ئیسلامەتی و ... هتد .

بەڵێ بەدەردی کورد دەڵێ :(ئەگەر دار خوار بوو سێبەری هەر خوار دەبێ) و دیارە (ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە) !!

بەڵام هیچ دەرد بێ دەرمان نین و ، گەڕانەوەشمان بۆسەر ڕێ و شوێنی پێغەمبەر صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم و لەخۆدا ڕەنگدانەوەو درەوشاندنەوەی سوننەت و ڕەوشت و ئاکارە پەسندەکانی چاکترین بەڵکو تاقە دەرمانی چارەسەرە !

با هیچ کام لە سوننەتەکانی پێغەمبەرمان بەکەم نەگرین و پشتگوێ نەخەین و نەڵێین : جاخۆ سوننەتەو فەرز نیە !

وە با گەورەترین پەندیش لە تێشکانی مسوڵمانان لە جەنگی (ئوحود) دا وەربگرین ، ئایا تاقە هۆی بەزین و لەدەستدانی (٧٠) شەهید ، ئەوەنەبوو کە یەک تاقە فەرمانی پێغەمبەریان شکاندو تیرئاوێژەکان چیای ئوحودیان بەجێ هێشت ؟!

جا ئەگەر شکاندنی فەرمانێکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و بەگوێ نەکردنی یەک تاقە قسەی ، ئەو ئەنجام و ئاکامەو سەرەنجامە شوومەی بەدواوە بێ ، دەبێ پشتگوێ خستنی زۆربەی فەرمان و سوننەتەکانی چ سەرەنجامێکی هەبێ؟!

....

تەمەن کوشتن دەکرێن ، دیارە ئەگەر لەسەر شت بکرێن ، ئەوە زانایان یەکدەنگ (بالأجماع) بەحەرامیان دەزانن ، بەڵام ئەگەر هەروا لەسەر هیچ بکرێن ، زانایان ڕایان جیاجیایە سەبارەت بە حەڕامی و ناحەڕامیان ، بۆ زیاتر حاڵیبوونیش لەو مەسەلەیە دەتوانی سەرنجی ئاڵقەی سێیەمی ئەم زنجیرەیە بدەی .

www,alibapir.net

خوێنەری بەڕێزو سەنگین !

لەڕاستیدا بڕواهێنان بە پێغەمبەران و علیهم الصلاة والسلام بەو شێوەیەی کە قورئان و سوننەت فەرمانیان پێ کردووەو ئێمەش لە (١٠) خاڵی سەرەکیدا خستمانەڕوو، ئەنجامو بەرهەمی یەکجار زۆرو زەوەندی هەن و، بەرپرسیاری - یەکی گەورەو قورس داوێتە سەرشانی مرۆڤی مسوڵمان، بەڵام ئێمە لەم باسانەدا نامانەوێ لەبنی کوولەکەی بدەین و هەموو شتێک بڵێین، چونکە وەک لە پێشەکی ئەم زنجیرەیەدا گوتمان ئامانجمان لە نووسینی ئەم باسانەدا بەس ڕوونکردنەوەی چەمک و واتا و نێوەڕۆکی چەند وشەو زاراوەیەکی بنەڕەتییە، کە گرنگیو بایەخێکی تایبەتیو بەرچاویان هەیە لە بەرنامەی ئیسلامدا، بۆیە لە هەموو ئاڵقەکانی ئەم زنجیرەیەدا کورتیی و پوختیی ڕەچاودەکەین و، بۆ لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی ئەو باسانەی کە ئێمە بەچڕی و پڕی و گوشراوی دەیانخەینەڕوو، خوێنەر حەواڵەی ئەو شوێن و سەرچاوانە دەکەین کە بۆ توێژینەوەی ئەو جۆرە باسانە تەرخان کراون. (١)

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

---

(١) پێشتر ئاماژەمان بە هەندێک لەو کتێب و سەرچاوانە کرد.

www,alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

پاشکۆ

www,alibapir.net

خوێنەری خۆشەویست !

خوا پشتیوان بێ لەم پاشکۆیەدا چوار مەسەلەی دیکەش دەتوێژینەوە ، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زیاتر ئاشنابوون بە کەسایەتیی پێغەمبەرانەوە هەیە :

یەکەم

هەقی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم بەسەر ئوممەتەکەیەوە چی یە ؟! (1)

بێگومان هەر پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرانی بەرێز و پایەبەرزی خوا علیهم الصلاة والسلام ئەرک و مافێکی زۆری بەسەر ئەو کۆمەڵ و ئوممەتەوە هەیە کە خۆی بە شوێن کەوتووی دەزانێ ، جا ئێمە لێرەدا هەرچەندە بەگشتی باسی هەقی پێغەمبەران دەکەین بەسەر ئوممەتەکانیانەوە ، بەڵام زیاتر مەبەستمان پێغەمبەری پێشەوا و سەروەرمان (محمد) ە علیه الصلاة والسلام ، کە دەتوانین بەکورتی و گوشراوی لەچوار خاڵان دا باسی ئەو ئەرک و مافە بکەین کە لەسەر هەموو

---

(1) بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لە کتێبی (الشفا بتعریف حقوق المصطفی) وەرگرتوە ، بۆ زیدە شارەزایی بڕوانە : (القسم الثاني : فیما یجب علی الأنام من حقوقه) علیه الصلاه والسلام ، لە ص ٣٠١ تا ٥٤١ ، ج٣ . وە شایانی باسە کە ئەم باسە پوختەو کورتکراوەی یەکێک لەو وتارانەیە کە بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرمانەوە دراون .

www.alibapir.net

ئەندامێکی ئوممەتی ئەو زاتە پایەبەرزە پێویستە جێ بەجێی بکات :

أ- بڕوا پێ بوونی :

بەڵێ یەکەمین هەقی پێغەمبەر علیه من الله أفضل الصلوات وأتم التسلیمات بەسەر ئوممەتەکەیەوە ئەوەیە کە لەناخی دەروون و قووڵایی دڵەوە بڕوای پێ بێنن ، کە لەلایەن خواوە هەڵبژێرراوەو پلەوپایەی بەرزی پێغەمبەرایەتی پێ خەڵات کراوەو ، بەمەبەستی ڕێڕوونیو دەستگرتنی خەڵکی بە بانگەوازێکی تەواوو بەرنامەیەکی بێ پەڵەوە ڕەوانەکراوە ، وە لەسەدا سەد بڕواو قەناعەتیان وابێت کە هەرچی لەلایەن خواوە هێناویەتیو پێی ڕاگەیەنراوە ، هێندەی دەنکە خەرتەلەیەک و بەقەدەر سەری دەرزی یە هەڵەو کەم و کورتی تێدا نیە ، وە بڕوایان وابێ کە ئەو زاتە چاکترین و تەواوترین و ڕاستترین ڕابەرو پێشەوایە لەهەموو بوارەکانی فیکری و ئەخلاقیو مەعنەوی و سیاسیو کۆمەڵایەتی داو ، هیچ سەرکردەو ڕابەرێک هەرچەندە پیتۆڵ و بلیمەت و هەڵکەوتوو و ناوازە بێت ، نەک هەر شانی لە شانی نادات ، بەڵکو تۆزی ڕێ یەشی ناشکێنێ ، پەرێزو بەرهەمیش چاکترین شایەدە .

دیارە دەقی قورئان و سوننەتیش لەوبارەوە زۆر زۆرن بەڵام ئێمە بەس دووانیان بەنموونە دێنینەوە :

أ- (.. فآمنوا بالله ورسوله النبي الأمي الذي يؤمن بالله وكلماته ..) الأعراف / ١٥٨ . واتە : .. دەجا بڕوا بە خواو بەو پێغەمبەرە هەواڵدەرە نەخوێندەوارەی بێنن کە بڕوای بەخواو بە وشەکانی هەیە ..

www,alibapir.net

ب- (أمرت أن أقاتل حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله ويؤمنوا بي وبما جئت به ..) أخرجه الخمسة . واته : فەرمانم پێکراوە کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم هەتا شایەدی دەدەن کە جگە لەخوا هیچ خوا نین ، وە بڕوا بەمن و بەوە دێنن کە - لەلایەن خواوە - هێناومە ..

٢- فەرمانبەری کردنیو شوێن کەوتنی :

بێگومان سەرەکی ترین ئەرکی پێغەمبەر صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم ئەوەیە کە ببێتە پێشرەوو سەرمەشقی خەڵکی ، وەک خودا فەرموویەتی :(وما أرسلنا مِنْ رسول إلاّ ليُطاع بأُذن الله ..) النساء / ٦٤ .. واته : وە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە مەگەر بۆئەوە کە بەفەرمانی خوا فەرمانبەری بۆبکرێ ..

دیسان فەرموویەتی :(لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة ..) الأحزاب / ٢١ . واته : بێگومان لە پێغەمبەری خوادا بۆ ئێوە پێشڕەوایەتییەکی چاک هەیە ..

بەڵێ پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام بۆیە نێرراوون کە پێشەوایەتیو چاوساغیی خەڵکی بکەن ، کەوابێ لەسەر هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە ئوممەت و شوێن کەوتوویان دەزانن فەرزە کە گوێ ڕایەڵیو فەرمانبەری یان بکەن و لە وردو درشتی ژیانیان دا بیانکەنە سەرمەشق و پێشرەوی خۆیان و ، لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتییان دا بە جێ پێی وان دا هەنگاو هەڵێننەوە ، دیارە لەوبارەشەوە دەق (نص) زۆرن کە ئەمانە چەند نموونەیەکیانن :

www.alibapir.net

أ- (يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله ورسوله ولاتولوا عنه وأنتم تسمعون) الأنفال / ٢٠ . واته : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە فەرمانبەری ی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ، وە پشتی تێ مەکەن لەحاڵێک دا کە - هەق - دەبیستن .

ب- (يوم تقلب وجوههم في النار يقولون ياليتنا أطعنا الله وأطعنا الرسولا) الأحزاب / ٦٦ . واتە : ئەو ڕۆژەی کە ڕووی - تاوانبار - ان لە ئاگر - ی دۆزەخ - دا ئەمدیوەودیو دەکرێ ، دەڵێن : ئەی خۆزگە فەرمانبەری خوامان کردبایە ، وە فەرمانبەری پێغەمبەرمان کردبایە !

٣- ڕێزو حورمەت‌گرتنی :

یەکی دیکە لە مافەکانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەسەر ئۆممەتەکەی ئەوەیە کە بە دەرو دەروون (ظاهر و باطن) یان ئەوپەڕی شەرمو ڕێزو حورمەتی بۆ دابنێن و ، بەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە ناوی بێنن و لەگەڵی بجووڵێنەوە .

ئنجا بێگومان ئەو ئەدەب‌نواندن و شەرم لێ کردن و ڕێزگرتنە لە زۆر شتان دا خۆی دەنوێنێ ، کە ئێمە لەبەر تیشکی ئەم چەند ئایەتە بەرزو بەپێزەدا هەوڵ دەدەین گرنگەکانیان بخەینەڕوو :

أ- (يا أيها الذين آمنوا لاتقدموا بين يدي الله ورسوله واتقوا الله إن الله سميع عليم . يا أيها الذين آمنوا لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي ولاتجهروا له بالقول كجهر بعضكم لبعض أن تحبط أعمالكم وأنتم لاتشعرون ، إنّ الذين يغضون أصواتهم عند رسول الله أولئك الذين امتحن الله قلوبهم للتقوى لهم مغفرة وأجر عظيم) الحجرات /١، ٢، ٣ .

واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە - هیچ شتێک -

www.alibapir.net

وەپێش (١) دەستی خواو پێغەمبەرەکەی مەخەن ، وە پارێز لەخوا بکەن بێگومان خوا بیسەرو زانایە ، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە دەنگی خۆتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرزمەکەنەوە ، وە وەک چۆن هەندێکتان لەگەڵ هەندێکتاندا دەنگ هەڵدێنن ، ئاوا بەدەنگی بەرز قسەی لەگەڵ مەکەن ، نەوەک بێ ئەوەی ئاگاتان لێ بێت کردەوەکانتان هەڵبوەشێنەوە ، بێگومان ئەوانەی کە لەخزمەت پێغەمبەری خوادا دەنگیان نزم دەکەنەوە ، ئەوانە کەسانێکن کە خوا دڵیانی بۆ پارێزکاری تاقی کردۆتەوە ، وە لێبوردن و پاداشتێکی مەزنیان هەیە .

ب - (لاتجعلوا دعاء (٢) الرسول بينكم كدعاء بعضكم بعضا ..) النور / ٦٣ . واتە : با بانگ کردنتان بۆ پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - لەنێو خۆتان دا وەک بانگ کردنی هەندێکتان بۆ هەندێکتان نەبێ .. (واتە زێدە رێزو حورمەتێک بنوێنن بۆ وێنە : نابێ بەناوی شەخسی کە " محمد " ە بانگی بکەن ، بەڵکو بەشۆرەتی پێغەمبەرایەتی - یەوە بانگی بکەن و بڵێن : یا رسول الله ! ، یا نبيّ الله ! نەک : یا محمد !) .

---

(١) لەکتێبی (رێبازی پێغەمبەر کامەیە ؟!) دا روونتر ئەم ئایەتە توێژراوەتەوە ، بڕوانە لاپەرە (٥٨، ٥٩، ٦٠) ، هەروەها بۆ زیاتر شارەزابوون بە چەمک و واتای ئایەتی ناوبراو دەتوانی سەرنجی (الجامع لِأحكام القرآن) ی قرطبي ، ج١٦ ص ٣٠٠ ، وە (الميزان) ی محمد حسين طباطبائي ج١٨ ص ٣٠٧ ، بدەی .

(٢) ئەم رستە قورئانی‌یە واتایەکی دیکەشی هەیە کە ئاوایە : (بانگ هێشتنی پێغەمبەر بۆ ئێوە وەک بانگ هێشتنی هەندێکتان بۆ هەندێکتان سەیرمەکەن) .

www.alibapir.net

جـ ـ (وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا ..) الحشر / ٧ . واته : ئەو ـ فەرمان ـ ەی کە پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بەسەرتان دا دەدات وەری بگرن و ، ئەوەی ئەو لێتان قەدەغە دەکات وازی لێ بێنن ..

کەواتە : ئەدەب و ڕێزنواندن لەگەڵ پێغەمبەردا عليه الصلاة والسلام بەوەدەبێ کە :

یەکەم : هەتا فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەکەی وەستابێ ـ کە قورئان و سوننەتن ـ ئینسان هیچ قسەو بڕیارو هەڵوێستێکی سەربەخۆ نەخاتەڕوو .

دووەم : دەنگی خۆی ڕەسەر دەنگی وی نەخات ، بێگومان بیروڕای خۆیان خەڵک هەڵبژاردنیش بەسەر فەرموودەی ویدا جۆرێکە لە دەنگ هەڵبڕین !

سێیەم : بەدەنگی بەرز قسەی لەخزمەتدا نەکات ، ئێستاش کە تەشریفی لەبەین دا نەماوە لە مزگەوتەکەی دا یان لەنیزیک مەزارەکەیەوە بەدەنگی بەرز قسە نەکات ، وە هیچ هەڵوێست و ڕەفتارێکی وا پێشان نەدات کە ئەوەی تێدا بێتە بەرچاو کە لەگەڵ خەڵکی دیکە فەرقی پێ ناکات !!

چوارەم : بەشەرم و ڕێزەوە بیدوێنێ ، ئێستاش کە ناوی پیرۆزی دەبات بەئەدەب و شەرمو ڕێزەوە ناوی ببات .

پێنجەم : قەت بەناوی شەخسیی خۆی بانگی نەکات ، ئێستاش لەکاتی ناوهێنانیدا مەگەر لەبەر پێویستیو ناسین دەنا قەت نەڵێت (محمد) صلى الله عليه وسلم وابوو و (محمد) واچوو ، بەڵکو هەر بڵێ (رسول الله) پێغەمبەری خوا ..

شەشەم : هەر ئەمرو فەرمانێکی لەلایەن ئەوەوە پێ گەیشت بێ سێ و دوو وەری بگرێو بەپێی توانا جێبەجێی بکات .

www,alibapir.net

حەوتەم : هەر کە بیستی ئەو زاتە شتێکی قەدەغە کـــردوە یان بە ناپەسند (مکروه) ی زانیوە ، بەکسەر وازی لـــێ بێنێو شێرو رێویان نەهێنێتەوە .

٤ــ خۆشویستنی :

هەقێکی دیکەی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بەســـەر ئۆممەتەکەیەوە ئەوەیە کە نەک هەر خۆشیان بوێ ، بەڵکـــو لە هەموو شتێک و هەموو کەس و نەنانەت لەخودی خۆشیـــان خۆشتر بوێ ، چونکە (عمر بن الخطاب) خوا لێی ڕازی بـێ دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکی بەپێغەمبەری خوای گوت : ئــــەی پێغەمبەری خوا ـ صلّى الله عليه وسلم ـ بێجگە لەخۆم ئەتـــۆم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێ ، دەڵێ ئەویش فەرمووی :(لـــن يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من نفسه) واتە : یەکێکتان بڕوا نایەنێ هەتا منی لەخۆی لەلا خۆشەویستتر نەبـــێ ، عومەر دەڵێ : ئنجا گوتم :(والذي أُنزل عليك الكتاب لأنْتَ أحب إلي من نفسي التي بين جنبي) واتە : سوێند بـەوەی کتێبی ناردۆتە سەرتۆ ، تۆم لەخودی خۆشم خۆشتر دەوێ ، ئەویش فەرمووی :(الآن يا عمر) ئێستا ئەی عومـــەر ، (واتە ئێستا بڕوایەکەت تەواو دامەزراوەو کامڵ بووە). ئەم فەرموودەیەش (بخاري) گێڕاویەتەوە .

دیارە دەقی دیکەش لەوبارەوە لە قورئان و سوننەتدا زۆرن ، بەڵام ئێمە بەچەند نموونەیەک قەناعەت دەکەین :

أ ــ (قل إن كان آباؤكم وأبناؤكم وإخوانكم وأزواجكم وعشيرتكم وأموال اقترفتموها وتجارة تخشون كسادها ومساكن ترضونها أحب إليكم من الله ورسوله وجهاد في سبيله فَتَرَبَّصوا حتَّى يأتي الله بأمره والله لايهدي القوم الفاسقين) التوبة/٢٤.

www.alibapir.net

واته : بەڵێ ! ئەگەر باب‌تان و کوڕانتان و برایانتان و هاوسەرانتان و تیرەو هۆزتان و سامانێک کە پەیداتان کردوەو ، بازرگانی‌یەک کە لە ڕەواج‌کەوتنی دەترسن و خانوو و بەرەیەک کە دڵپەسندتانە لەلاتان خۆشەویست‌ترن لە‌خواو پێغەمبەرەکەی و تێکوشان لەپێناوی دا ، ئەوە چاوەڕێ بن هەتا خوا فەرمانی خۆی دەنێرێ ، وە خوا کۆمەڵی لاڕێ بووان ڕێرووونی ناکات .

ب - (لایؤمن أحدکم حتی أکون أحب إلیه من والده وولده والناس أجمعین) متفق علیه . (پێشتر لێکدراوەتەوە) .

ج - (ثلاث من کن فیه وجد بهن حلاوة الأیمان : أن یکون الله ورسوله أحب إلیه من سواهما ..) رواه الشیخان .

(پێشتر لێکدراوەتەوە) .

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست !

خۆشویستنی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بەو شێوەیەی کە خواو پێغەمبەرەکەی دەیانەوێ لەسەر هەموو مسوڵمانێک فەرزەو مەرجی مسوڵمانەتی‌یە ، جا بێگومان مەگەر چۆنەکاییو بەدەگمەن دەنا تێکڕای مسوڵمانان لافی خۆشویستنی پێغەمبەر لێ دەدەن و هیچ کەس نیە لەوبارەوە گلەیی لەخۆی هەبێت ! بەڵام بێگومان خۆشویستنی ئەو زاتە - ڕووحم بەقوربانی بێ - بەو شێوەیەی کە خواو پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام داوایان کردوەو پێی ڕازین هەروا شتێکی سووک و سادە نیەو ، بە دەعوای بێ بەڵگەو قسەی ڕووت ئیسپات نابێ ، جا بۆئەوەی لەم دەعواکردنەی خۆمان و خەڵکیش حاڵی بین ، ئەوە لەپێشەوە لەچەند خاڵێکی کورت دا هەندێک لە هەڵوێستەکانی

www,alibapir.net

زانا و خواناسانی پێشینمان دەربارەی مەرج و نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ڕوون دەکەینەوە :

هەڵوێستی پێشینانمان لەئاقار پێغەمبەردا :

١- پرسیار لە (علی بن أبي طالب) کرا خوا لێی ڕازی بێ کە ئایا خۆشەویستیتان بۆ پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام چۆن بوو ؟! ئەویش فەرمووی : بەخودا لە ماڵ و سامانمان و ڕۆڵەکانمان و بابمان و دایکمان وە لە ئاوی سارد لەکاتی تینوەتیدا ، لەلامان خۆشەویستتر بوو !!

٢- (زید بن أسلم) دەگێڕێتەوە کە شەوێکی (عمر بن الخطاب) پاسەوانیی خەڵکی دەکرد ، چاوی بەچرایەک کەوت لەماڵێکیدا دیتی پیرێژنێک (خوری) بە دەشکنێتەوەو لە (شە) ی دەکات و دەڵێت:

علی محمد صلاة الأبـرار   صلی علیه الطیبون الأخیار
قد كنت قوّاماً بُكاً بالأسحار   یالیت شعري والمنایا أطوار
هل تجمعني وحبیبي الـدار ؟!(١)

ئیدی عومەریش دانیشت و دەستی کرد بەگریانێ !

٣- جارێکی عومەر خوا لێی ڕازی بێ تەماشای بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود) ی کردو گوتی : بێگومان تۆ بەردێکی

---

(١) واتە : سەڵەواتی چاکان لەسەر موحەممەد ، ئینسانە پاک و هەڵبژاردەکان سەڵەواتی لەسەر بدەن ، بێگومان تۆ پێش سبەینان شەونوێژت دەکردو دەگریای ، خۆزگە زانیبام و مردنیش جۆراوجۆرە ، ئایا ماڵێک من لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا کۆدەکاتەوە ؟!

www.alibapir.net

نه زیان و نه قازانج ناگه‌یه‌نی ، وه ئه‌گه‌ر هاتبـــــــا و پێغه‌مبه‌ری خوام صلی الله علیه وسلم نه‌دیبایه که ماچـــی ده‌کردی ، ماچم نه‌ده‌کردی ، ئنجا ماچی کرد .

(بخاري و مسلم) گێڕاویانه‌ته‌وه .

٤- یه‌کێک له والی‌یه‌کانی (عمر بن عبدالعزیز) بۆ عومــه‌ری نووسی‌و حالی ولاته‌که‌ی خۆی پێ ڕاگه‌یاند که (دز) ی زۆرن ، جا ئایا به گومان (ظن) ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ بکه‌ین ـ و خه‌ڵکـــــــی بگرین ـ ؟ یان هه‌ر به‌پێی به‌ڵگه (بێنة) ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ بکه‌ین و به‌و شێوه‌یه به‌ڕێوه‌بچین که ڕێبازی پێغه‌مبه‌ر صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم بریاری داوه ؟! ئه‌ویش بۆی نووسی : کـه هه‌ر به به‌ڵگه‌ی شه‌رعی بیانگره‌و به‌پێی سوننه‌ت ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ بکه ، جا ئه‌گه‌ر خوای به‌رز چاکی نه‌کردن ، یاخوا قه‌ت چاک نه‌بن !

٥- (عبدالله بن عمر) یان دی له‌شوێنێک حوشتره‌که‌ی خـــۆی سووڕانده‌وه ، له‌وباره‌وه پرسیاری لێ کرا ، فه‌رمووی : نازانم ، ئه‌وه‌نده هه‌یه پێغه‌مبه‌ری خوام دی علیه الصـــلاة والسلام که ئه‌ویش له‌و ئاقاره وای کرد !!

٦- له (أحمد بن حنبل) گێڕراوه‌ته‌وه فه‌رموویه‌تی : ڕۆژێکـی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێک دابووم ، ئه‌وان خۆیان ڕووت کرده‌وه‌و چوونه نێو ئاو ، به‌ڵام من ئیشم به‌م فه‌رمووده‌یه کرد که ده‌فه‌رمویٚ: (مَنْ کان یؤمن بالله والیوم الآخر فلایدخل الحمام إلا بمئزر) رواه الترمذي . وه خۆم ڕووت نه‌کرده‌وه ، هه‌ر ئه‌و شــه‌وه یه‌کێکم له‌خه‌ویٚ دا دی ده‌یگوت : ئه‌ی ئه‌حمه‌د موژده‌ت لێ بێ که خوا لێت خۆش بووه به‌هۆی ئیش پێ کردنی سوننه‌تـــه‌وه ، وه کیڕاویشی به پێشه‌وا (إمام) ، گوتم : تۆ کێی ؟! گوتی : جوبرائیل ـ علیه السلام ـ م .

www.alibapir.net

مەرج و نیشانەکانی خۆشویستنی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام

یەکەم : شوێن کەوتنی و پابەندبوونی موو بەموو بە ڕێ و شوێنەکەیەوە .

دووەم : زۆر یادکردنی و باسکردنی بەچاکە .

سێیەم : تامەزرۆبوونی دیداری و بەخزمەت گەیشتنی .

چوارەم : ڕێز لێ گرتنی و بەگەورەگرتنی لەکاتی ناوهێنانی دا و سەڵەوات بۆناردنی .

پێنجەم : خۆشویستنی هەرکەسێک کە ئەو خۆشی ویستوە لە بنەماڵەی و هاوەڵانی و ، دۆستایەتی کردنی ئەوانەی ئەو دۆستایەتی کردوون .

شەشەم : بوغزاندنی هەرکەسێک کە ئەو بوغزاندوویەتی و ، دوژمنایەتی کردنی ئەو کەسانەی کە ئەو دوژمنایەتی کردوون .

حەوتەم : خۆشویستنی قورئان و بەگەورەگرتنی و پابەندبوون بە یاساکانییەوە و بەرگری لێ کردنی .

هەشتەم : خۆشویستنی سوننەت و پێوەپابەندبوونی و بەرگری لێ کردنی .

نۆیەم : بەزەیی هاتنەوە بە ئۆممەتەکەی دا و کۆشش کردنی لە جێ بەجێ کردنی پێداویستی یەکانیان داو ، پاراستنیان لە زەرەرو زیان .

دەیەم : دنیا بەکەم گرتن و زیاد لە ئەندازەی پێویست گرنگی پێ نەدانی .

کەواتە :

هەرکام لەم (١٠) مەرجو نیشانەیە ، وە هەمووشیان وێکرا

www,alibapir.net

وەک ئاوێنەیەک وان کە ئینسانی مسوڵمان دەتوانێ خۆی تێدا ببینێ‌و بزانێ داخوا تا چ رادەیەک لە دەعوای خۆشویستنی پێغەمبەردا علیه الصلاة والسلام راست دەکات .

چونکە شتێکی مەحاڵ و چاوەڕوان نەکراوە تۆ پێغەمبەرێکت خۆش بوێ ، کە تایبەتی ترین خەسڵەتی بریتییە لە سەرمەشق بوون و پێشڕەوبوونی بۆ خەڵکی ، کەچی شوێنی نەکەوی و مووبەموو شوێن پێی هەڵنەگری !

وە زۆر جێی سەرسووڕمانە کەسێکت خۆش بوێ ، کە باسکردنی‌و یادکردنی بەچاکەی بە عیبادەت بۆت لەقەڵەم بدرێ ، بەڵام تۆ یادی نەکەی ، یان کەمتەرخەمی بکەی لە باسکردن و یادکردنی‌دا !

وە زۆر سەیرە کەسێکت لەناخی دڵەوە خۆش بوێ‌و عەوداڵ و تامەزرۆی دیداریشی نەبی ! (١)

وە هیچ رێ ی تێ ناچێ‌و ناگونجێ کەسێکت لە هەموو شتێک و هەموو کەس و تەنانەت لەخۆشت خۆشتر بوێ ، کەچی بەرێزو حورمەت و گەورەگرتنەوە ناوی نەیەنی !

وە شتێکی زۆر نامەنتیقی‌یە کە ئەوپەڕی رێزو خۆشەویستیت بۆ کەسێک هەبێ ، بەڵام دۆست و خۆشەویستەکانی ویت خۆش نەوێن و ، دوژمن و ناحەزەکانی نەبوغزێنی‌و ، دۆستایەتی دۆستانی‌و دوژمنایەتی ناحەزانی نەکەی !

---

(١) دەگێڕنەوە کە (بلال) ی حەبەشەیی خوا لێی رازی بێ گەیشتە حاڵەتی سەرەمەرگ خێزانەکەی گوتی: (واحزناه) ئەی خەم‌و پەژارە بۆمن ! ئەویش فەرمووی : (بل وا طرباه غدا ألقى الأحبة محمدا وحزبه) بەڵکو ئەی خۆشحاڵی بۆمن ! سبەینێ بەدیداری خۆشەویستان دەگەم ، موحەممەدو کۆمەڵەکەی !!

www.alibapir.net

دیسا ن خۆشویستن و ڕێزگرتن لە قورئا ن و سوننەتیش دوو نیشانەو مەرجی خۆشویستنی پێغەمبەرن علیە الصلاة والسلام ، چونکە قورئا ن بەڕێزترین و خۆشەویستترین شت بووە لەلای پێغەمبەرو سوننەتیش شەرحو لێکدانەوەی وی یە ، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێین بێگوما ن کەسایەتی پڕ ڕێزو حورمەتی پێغەمبەرما ن علیە الصلاة والسلام پەیوەستە بە قورئا ن و سوننەتەوەو ، لەوان دا دەدرەوشێتەوەو ئینسانیش هەر شتێکی خۆشویست هەموو ئەو شتانەشی خۆش دەوێن کە پێیەوە پەیوەستن .

بەزەیی هاتنەوەش بە ئوممەتی پێغەمبەردا صلى الله علیه وآله وصحبه وسلم و هەوڵ دان بۆ دابین کردنی سوودو بەرژەوەندی یەکانیا ن و ، پاراستنیا ن لە گیروگرفت و ناخۆشیو زیانەکانیش شتێکی سروشتیو چاوەڕوان کراوەو ، مەرجو نیشانەیەکی پێویستە لە هەرکەسێک کە بەڕاستی پێغەمبەری خۆش بوێ ، چونکە بەدەردی پێشینا ن دەڵێن (لەپەنا گوڵە گەنمێکیەوە سەد گوڵە جۆ ئاوێ دەخوانەوە)و (مِنْ أجلِ عَيْنٍ ألْفُ عَيْنٍ تُكْرَمُ) !

دنیا بەکەمگرتن و زیاد لەپێویست پێوە خەریک نەبوونیو گرنگی پێ نەدانیشی ، لەسۆنگەی ئەوەوە کە خەسڵەتێکی هەرە بنەڕەتیو سەرەکی پێغەمبەرما ن بووەو ، شتێکی یەکجار سروشتیو مەنتیقیشە لەهەرکەسێک دا کە زیانی دنیا بە قۆناغی تاقیکرانەوە دەزانێو ، بڕوای وایە کە ژیانی ڕاستەقینەو جێگای ڕابواردن و لەززەت وەرگرتنی ئەواو ئەنیا ژیانی دواڕۆژە ، یەکی دیکە لە نیشانەو مەرجەکانی خۆشویستنی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام پێک دێنێ .

www,alibapir.net

لەكۆتایی ئەم باسەش‌دا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ دوو مەسەلان بکەم :

یەکەم : ئینسان هەتا بە بیروباوەڕو ژیان و گوزەران و ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەر صلی اللە علیە وآلە وصحبە وسلم ئاشناتر بێت و چاکتر بیناسێ ، زیاتر دەتوانێ بڕوای پێ بێنێ‌و شوێنی بکەوێ و قەدرو ڕێزی بگرێ و خۆشی بوێ ، کەواتە بۆ بەهێزکردن و قووڵ کردنەوەی ئەو خەسڵەتانە لەخۆمان دا با هەوڵ بدەین هەرچی زیاترو چاکتر بە بیروباوەڕی پێغەمبەر ـ کە ئیسلامە ـ و مێژووی ژیانی و هەڵوێستەکانی‌و شێوەی هەڵس و کەوتی‌و ڕەوشت و ئاکاری شارەزاتر بین .

دووەم : هەرچەندە هەرکام لە (بڕوا پێ بوون) و (شوێن کەوتن) و (خۆشویستن) ئەرک و مافی پێغەمبەرن صلی اللە علیە وسلم بەسەر شانی ئێمەوە ، بەڵام بێگومان بەهرەمەندو سوود وەرگر (رابح) ی هەرە بەختەوەر لەو سەودایەدا هەر ئێمەین و ، پشک و بەشی هەرەزۆری سوودو قازانجی ئەو مامڵەتە هەر بۆخۆمان دەگەڕێتەوە ، چونکە پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام ئەگەر ئێمەش خوانەخواستە بڕوای پێ نەیەنین و شوێنی نەکەوین و ڕێزی نەگرین و خۆشمان نەوێ ، هیچ زیانی پێ ناگات و هەر پێغەمبەری خودایە !!

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

دووەم

بەسەرهاتێکی پڕ مانا (نیشانەکانی پێغەمبەر) صلى الله عليه وسلم

خوێنەری بەڕێز !

ئەم بەسەرهاتەی کە من ئێستا بۆت دەگێڕمەوە ، بەلام لەبەر درێژی دەقە عارەبی‌یەکەی نانووسمەوەو ، یەکسەر وەری دەگێڕمە سەر زمانی کوردی ، بەسەرهاتێکی یەکجار گرنگ و واتادارو پڕ پەندو عیبرەتە ، سەبارەت بە زیاتر ناسینی پێغەمبەران بەگشتی‌و پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم بەتایبەتی ، بەلام لەبەر کەم ماوەیی من بە دەقەکەیت بۆ دەگێڕمەوەو ئەنجا مگیری و وەرگرتنی پەندو عیبرەتەکان حەواڵەی خۆت دەکەم :

((بوخاري و مسلم - خوا لێیان خۆش بێ - لە عەبدوللای کوڕی عەبباسەوە - خوا لەخۆی و بابی ڕازی بێ - دەگێڕنەوە کە (أبوسفیان) هەواڵی پێداوە کە (هیرەقل) لەگەڵ کاروانێک لە قورەیشی‌یەکان بەدوای دا ناردوە ، کە لەو ماوەیەدا کە پێغەمبەری خوا علیه الصلاة والسلام بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەبووسفیان و کافرەکانی قورەیش ڕێک کەوتبوو بۆ بازرگانی چووبوونە شامێ ، ئەوانیش لە (ئیلیـاء) چوونەلای ، - کە گەیشتنەوێ - بانگی کردنە نێو کۆڕەکەیەوە ، لەحاڵێک دا کە زلەزلانی ڕۆمیشی لەدەورەبوون ، ئنجا بانگی کردن و بانگی تەرجومانەکەیشی کرد وە گوتی :

کامەتان بەڕەچەڵەک لەو پیاوە نیزیکترن کە پێی وایە

www.alibapir.net

پێغەمبەرە ؟! ئەبووسوفیان گوتی : منیش گوتم : من لە هەموویان بەڕەچەڵەک لێی نیزیکترم ، (هیرەقل) گوتی : لێم نیزیک بخەنەوە ، وە برادەرەکانیشی نیزیک بخەنەوە لەپشتوی یەوە دایان بنێن ، ئنجا بە تەرجومانەکەی خۆی گوت : پێیان بڵێ : من دەربارەی ئەو پیاوە پرسیار لەمە (واتە : ئەبووسوفیان) دەکەم ، جا ئەگەر درۆی لەگەڵ کردم ئێوەش وەدرۆی بخەنەوە ، جا بەخودا ئەگەر لە شەرمی ئەوە نەبووایە کە درۆم لێ بگێڕنەوە ، لەبارەی(محمد) ەوە درۆم دەکرد .

ئنجا یەکەمین شت کە لێی پرسیم لەوبارەوە ، ئەوەبوو کە گوتی :

ڕەچەڵەک (نَسَب) ی لەنێوتان دا چۆنە ؟!

گوتم : ئەو خاوەن وەجاخە لەنێومان دا (واتە ڕەچەڵەکی بەرزە) .

گوتی : ئایا هیچ کەس لەئێوە لەپێش وی دا ئەم قسەیەی کردوە ؟! (واتە هیچ کەس بەرلەوی داوای پێغەمبەرایەتی کردوە لەنێو ئێوەدا ؟)

گوتم : نەخێر !

گوتی : ئەدی هیچ کام لە باب و باپیرانی حوکمڕان بوو ون ؟!

گوتم : نەء .

گوتی : باشە خەڵکی پلەوپایەدار شوێنی دەکەون ، یان بێ هێزەکانیان ؟ (مەبەست خەڵکی سادەو ڕەش و ڕووتە) .

گوتم : بەڵکو بێ هێزەکانیان .

گوتی : زیاد دەکەن یان کەم دەکەن .

گوتم : بەڵکو هەر زیاد دەکەن .

www,alibapir.net

گوتی : ئایا کەسیان هەیە دوای ئەوەی دەچێتە نێو ئایینە ـ کەیەوە لەرووی بێزاری یەوە پاشگەز بێتەوە ؟!

گوتم : نەء .

گوتی : ئایا بەرلەوەی ئەوەی دەیلێ بیلێ ، تۆمەتی درۆتان دەدایە پالی ؟!

گوتم : نەء .

گوتی : ئایا پەیمان دەشکێنێ ؟!

گوتم : نەء ، بەلام ئێمە پەیمانێکمان لەنێوان دا هەیە نازانین چی تێدا دەکات (ئەبووسوفیان) گوتی : وە هیچ قسەیەک نەبوو کە بتوانم شتێکی رەگەل بخەم بێجگە لەم قسەیە !

گوتی : ئایا لەگەلی‌دا بەشەر هاتوون ؟!

گوتم : بەلێ .

گوتی : جەنگەکەتان لەگەل وی دا چۆن بووە ؟!

گوتم : جەنگ لەنێوانمان دا بەنۆرەیە ،(١) لێمان دەباتەوەو لێشی دەبەینەوە .

گوتی : بەچی فەرمانتان پێ دەکات ؟!

گوتم : دەلێ خوا بەتاکی بپەرستن و هیچ شتێک مەکەنە هاوبەشی ، وە واز لەوە بێنن کە باب و باپیرانتان دەیانگوت ، وە فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژو زەکات و راستی و پاکی و خزمدۆستی .

---

(١) سجال : لە (سجل) ەوە هاتوە کە بە دۆلکەی ئاو هەلهێنجان لە بیر دەگوترێ ، واتە : بەنۆرەیە هەروەک چۆن دۆلکەی ئاو هەلهێنجان نۆرەو دەستاودەستی پێ دەکرێ بروانە (فتح الباري) ج١ ص٢٩ .

www,alibapir.net

بە تەرجومانەکەی گوت : پێی بڵێ : لەبارەی نەسەبی یەوە پرسیارم لێ کردی ، باست کرد کە خاوەن وەجاخە ، هەروەها پێغەمبەران لە وەجاخ ـ ی بەرز ـ ی گەلەکانیان دا دەنێررێن .

وە پرسیارم لێ کردی ، کە ئایا لەپێش وی دا هیچ کەس لەئێوە شتێکی وای گوتوە ؟! گوتت نەخێر ، گوتم ئەگەر کەسێک لەپێش وی دا شتێکی وای گوتبێ ، وادیارە لاسای قسەیەک دەکاتەوە کە لەپێش وی دا گوتراوە .

وە پرسیارم لێ کردی ، کە ئایا هیچ کام لە باب و باپیرانی حوکمرانیی یان کردوە ؟! گوتت : نەء ، گوتم (ئەگەر وابا) ڕێ ی تێ دەچێ کە داوای ملکی بابی بکاتەوە .

وە لێم پرسی ، کە ئایا بەرلەوەی ئەم دەعوایە بکات درۆتان پێوە شک بردوە ؟! گوتت : نەء ، دەجا من دەزانم کە ناگونجێ درۆ لەگەڵ خەڵکی نەکات ، بەڵام درۆ بەناوی خواوە بکات !!

وە لێم پرسی ، کە ئایا خەڵکی پلەوپایەدار شوێنی دەکەون ، یان بێ هێزەکانیان ؟! باستکرد کە بێ هێزەکان دوای کەوتوون ، دیارە هەر ئەوانیش شوێن کەوتووی پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام) .

وە لێم پرسی ، کە ئایا زیاد دەبن ، یان کەم دەکەن ؟! باستکرد کە زیاد دەکەن ، دیارە بڕواش هەروایە هەتا تەواو دەبێت .

وە پرسیارم لێ کردی کە هیچ کامیان دوای ئەوەی دەچێتە نێو ئایینەکەیەوە ، لێی بێزار دەبێ و هەڵدەگەڕێتەوە ؟!

www,alibapir.net

گوتت : نەخێر ، دەجا بڕواش کە ڕووناکیی‌یەکەی دەچێتـــــە دڵانەوە هەروایە .

وە لێم پرسی ، کە ئایا پەیمان دەشکێنێ ؟! گوتت : نەء ، هەر ئاواش پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) پەیمـــان ناشکێنن .

وە پرسیارم لێ کردی ، کە ئایا فەرمانتان بەچی پــێ دەکات ؟! باست کرد کەوا فەرمانتان پێ دەکات کە خـــوا بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ، وە پەرستنـــــــی بتانتان لێ قەدەغە دەکات ، وە فەرمانتان پێ دەکات بە نوێژو ڕاستیی و پاکیی ، جا ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵـــێ ی ڕاست بێ ، ئەوە شوێن ئەو دوو پێیانەی منیش دەگرێ ، وە بەتەئکید من دەمزانی کە پەیدا دەبێ ، بەڵام پێم وانەبـوو کە لەئێوە دەبێ ، بێگومان ئەگەر زانیبام دەتوانم خـۆی بگەیەنمێ ، ڕەنجی دیداریم قبووڵ دەکرد ، وە ئەگـــەر لەخزمەتی دابام پێیەکانیم دەشۆری .

ئنجا (هیرەقل) داوای ئەو نامەیەی پێغەمبەری خـوای کرد صلی الله علیه وسلم کە بە (دوحیة) دا بۆ گەورەی (بوصرا) ی ناردبوو ، ئەویش وە هیرەقلی دا ، ئنجــا خوێندیەوەو ئەمەی تێدابوو (بسم الله الرحمن الرحیم ، من محمد عبدالله ورسوله إلی هرقل عظیم الروم ... سلام علـــى مَن اتبع الهدى ، أما بعد : فأنّي أدعوک بدعایة الأسلام ، أسْلِمْ تَسْلَمْ ، يؤتک الله أجرک مرتين ، فأن توليت فـــأن عليک إثم اليرسيين ، و " يا أهل الکتاب تعالوا إلــــى کلمة سواء بيننا وبينکم : أن لانعبد إلّا الله ، ولانشـرک به شيئا ، ولايتخذ بعضنا بعضا أربابا مِنْ دون الله ، فـأن

www.alibapir.net

تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون ") .

واته : بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە ، لە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خواوە بۆ هیرەقلی مەزنی رۆم ... سڵاو لەوکەسەی کە بەدوای رێرەوونی – خوا – دەکەوێ ، دوای سڵاو ، بەتەئکیدەوە من بەرەو بانگەوازی ئیسلام بانگت دەکەم ، مسولمان بە سەلامەت دەبی ، خوا دووقات پاداشتت دەداتەوە ، ئەگەر پشتت لە رێرەوونی خوا کرد ، ئەوە بێگومان گوناحی جوتیارەکان (١) لەستۆی تۆیە ، وە " ئەی خاوەن کتێبەکان وەرن بۆلای قسە – و بانگەواز – ێک کە لەنێوان ئێمەو ئێوەدا یەکسانە : کە جگە لەخوا نەپەرستین ، وە هیچ شتێکی نەکەینە هاوبەش ، وە هەندێکمان هەندێکمان لەجیاتی خوا نەکەینە سەروەر ، جا ئەگەر پشتیان تێ کردن ، ئەوە بڵێن : شایەدی بدەن کە ئێمە مسوڵمانین " .

ئەبووسوفیان دەڵێ : دوای ئەوەی ئەوەی گوتی گوتی ، وە لە خوێندنەوەی نامەکە بۆوە ، بۆڵەبۆڵ لەلای زۆر بوو ، وە دەنگەکان بەرزبوونەوە ، وە ئێمەیان وەدەرنا ، جا کاتێک وەدەرێ نراین بە هاوەڵەکانم گوت ، بێگومان ئیشی (ابن أبي كبشة) (واتە موحەممەد) بەهێزبووە ، چونکە پادشای (بەنی لئەصفەر " واتە رۆمەکان ") لێی دەترسێت ، جا لەوکاتەوە من دڵنیابووم کە سەردەکەوێ ، هەتا خوا

---

(١) الأريسيين : جمع (أريس) وهو الأكار أي الفلاح .
بڕوانە :
(فتح الباري شرح صحيح البخاري) نووسینی :
إبن حجر العسقلاني ، ج١ ص ٣٢ ، ٣٣ .

www,alibapir.net

ئیسلامەتی بەسەردا هێنام)) .(١)

جا خوێنەری سەنگین و شیرین !

ئەمە دەقی (٢) ئەو بەسەرهاتە بوو کە ناوم لێ نـاوە (بەسەرهاتێکی پڕ مەعنا) و پێم وایە لەو ناو لێ نانەشدا پێکاومەو بەهەڵەدا نەچووم ، ئیدی تۆش بە دڵی بێدارو زەینی هۆشیارەوە دەست بکە بە سەرنج دانی و تێوەڕامانی و، هەڵهێنجان و دەرهێنانی گەوهەرو مرواری پەندو باسـاو حیکمەتەکانیو ، دۆزینەوەی ئەو درووشم و نیشانانەی کـە پێغەمبەرانی خوایان پێ دەناسرێن و ، پێیان لە غەیـری خۆیان جوێ دەکرێنەوە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

(١) بروانە (الخصائص الكبرى) ی سیوطي ، وە بروانە : (العقيدة الأسلامية وأسسها) عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني ، ص ٣٢٤ ، ٣٢٥ ، ٣٢٦ .

(٢) بروانە (فتح الباري ...) إبن حجر العسقلاني . ج١ ص ٢٦ — ٣١ .

www,alibapir.net

سێیەم

ململانێی هەق و ناهەق (وتووێژی نێوان پێغەمبەران و سەرانی کوفر)

خوێنەری خۆشەویست و بەڕێز !

لەم باسەدا دەبەرێک ڕاچوون و وتووێژێکی یەکجار گرنگی نێوان پێغەمبەرانی خوا علیهم الصلاة والسلام و سەرانی کوفر (طواغیت) دەخەینەڕوو ، جا هیوادارم زۆر بەئارامیو وردبینییەوە تێیەوە ڕابمێنیو ، زۆر بەقوولی سەرنجی تابلۆو دیمەنە دڵبزوێنەکانی بدەی ، چونکە هەرچەندە هەموو چیرۆک و بەسەرهات و وتووێژەکانی قورئانی گرنگ و بایەخدارن و ، پڕپڕن لە پەندو حیکمەت ، بەڵام گرنگیو بایەخی تایبەتی ئەم بەسەرهات و دەبەرێک ڕاچوونە لەوەدایە کە بریتییە لە ململانێو وتووێژی هەموو هەق لەگەڵ سەرجەمی باطل دا ، بەڵێ هەموو هەق لە پێغەمبەرانی خوادا کورتکراوەتەوەو (باطل) یش هەمووی بەبالای سەرانی کوفر بڕاوە ، کەوابێ ئەم ململانێو گفتوگۆیە ، کە لەنێوان هەموو پێغەمبەران و علیهم الصلاة والسلام نێتکرای سەرانی کوفردا ڕووی داوە ، بە زۆراسازی و وتووێژی نێوان هەق و ناهەق دادەنرێ .

دیارە مەبەستیشمان لە خستنەڕووی ئەم دەبەرێک ڕاچوونە ئەوەیە کە هەرچی زیاتر کەسایەتی پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا علیهم الصلاة والسلام بناسین و ، پتر تیشک باوێینە سەر بانگەوازە بەرزو پیرۆزەکەیان ، ئیدی ئەتۆو ئەو

www,alibapir.net

وتوویێژە گرنگ و مەزنە کە لە سوورەتی (إبراهیم) دا خراوەتەڕوو لە ئایەتی ژمارە (٩) هەتا ژمارە (١٧) :

خوای بەرزو مەزن و بێ وێنەو هاوەڵ و تاک و پاک فەرموویەتی :

(ألَمْ يأتكم نبؤا الذين مِنْ قبلِكُم قوم نوح وعاد وثمود والذين مِنْ بعدهم لايعلمهم إلاّ الله جاءتهم رسلهم بالبينات فردوا أيديهم في أفواههم وقالوا إنّا كفرنا بما أرسلتم به وإنا لفي شك مما تدعوننا إليه مريب. قالت رسلهم أفي الله شك فاطر السموات والأرض. يدعوكم ليغفر لكم مِنْ ذنوبكم ويؤخركم إلىٰ أُجل مسمى قالوا إن أنتم إلاّ بشر مثلنا تريدون أن تصدونا عما كان يعبد آباؤنا فأتونا بسلطان مبين . قالت لهم رسلهم إنْ نحن إلاّ بشر مثلكم ولكن الله يمن على مَنْ يشاء مِنْ عباده وماكان لنا أنْ نأتيكم بسلطان إلاّ بأذن الله وعلى الله فليتوكل المؤمنون . وما لنا ألاّ نتوكل على الله وقد هدٰينا سبلنا .ولنصبرن على ما آذيتمونا وعلى الله فليتوكل المتوكلون . وقال الذين كفروا لرسلهم لنخرجنكم مِنْ أرضنا أو لتعودن في ملتنا فأوحىٰ إليهم ربهم لنهلكن الظالمين . ولنسكننكم الأرض مِنْ بعدهم ذلك لمن خاف مقامي وخاف وعيد . واستفتحوا وخاب كل جبار عنيد . مِنْ ورائه جهنم ويُسقىٰ مِنْ ماء صديد . يتجرعه ولايكاد يسيغه ويأتيه الموت مِنْ كل مكان وما هو بميت ومن ورائه عذاب غليظ) ابراهيم / ٩ - ١٧ .

لەم ئایەتانەدا خوای کاربەجێ سەرگوزشتەو بەسەرهاتی تێکرای پێغەمبەرانمان بەگشتی بۆ دەگێڕێتەوە ، هەر لە

www.alibapir.net

نووحەوە علیه السلام بیگرە هەتا هەموو ئەوانەی کە لەپاش وی هاتوون کە بێجگە لە خودا کەس بەتەواوی زانیاری دەربارەیان نیە ، کەواتە ئەوەی کە لە دووتوێ ی ئەم کۆمەڵە ئایەتەدا ڕاگەیەنراوە سەبارەت بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام چەند یاسایەکی بنەڕەتی و سەرەکین کە هەموو ئەو زاتە بەرزو پیرۆزانە تێیان دا هاوبەشن بێ جیاوازی .

جا ئێستا با ناوی خوای لێ بێنین و ئەم (٩) ئایەتە بەپێزە بکەینە بابەتی تێفکرین و سەرنج دانێکی وردو قووڵ و ، بزانین داخوا پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام چۆن لەگەڵ مرۆڤایەتی‌دا بەگشتی‌و سەرانی کوفر بەتایبەتی ڕووبەڕوو بوو ون و چی‌یان گوتوەو چی‌یان پێ بووەو چی‌یان لەنێوان دا ڕابردوەو سەرەنجامی هەردووکلایان بە چ گەیوە ؟!

خوای بەرزو مەزن لەسەرەتاوە ڕوومان تێ دەکاو دەفەرموێ: (ألم یأتکم نبؤا الذین من قبلکم قوم نوح وعاد وثمود والذین من بعدهم لایعلمهم إلاّ الله) (ئایا هەواڵی ئەو گەل ـ انەی پێش خۆتان پێ نەگەیوە ، گەلی نووح و گەلی عادو گەلی سەموود ، وە ئەوانەی دوای وان کە جگە لەخوا کەس نایانزانێ) .

ئنجا بێ ئەوەی چاوەڕێ ی وەڵامی ئێمە بکات ، چونکە بۆخۆی چاکتر دەزانێ کە بەسەرهاتی ڕابردووان مەگەر لە هەگبەی زانیاری بێ سنووری خوادا پارێزرابێ ، دەنا هیچ کەس شارەزایی‌یەکی ڕاست و دروستی لەوبارەیەوە نیە ، دەفەرموێ :(جائتهم رسلهم بالبینات) (پێغەمبەرانیان بە بەڵگەوە هاتنەلایان) .

www,alibapir.net

لەم ڕستە (١) بەبڕستەوە دەزانرێ کە سەرەکی ترین و زەق ترین خەسڵەت و نیشانەی پێغەمبەرانی خوا ئەوەیە کە خودا بەڵگەو موعجیزەیەکی وایان دەداتێ کە بشێ پاڵپشتیی دەعوای پێغەمبەرایەتیەکەیانی پێبکەن و ببکەنە شایەدی ڕاستیی و تەواوی ی بانگەوازیەکەیان . (٢) چونکە پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی (النبوة) پلەوپایەیەکی یەکجار بەرزو گەورەیەو حەتمەن دەبێ هەرکەسێک ئەو پلەوپایە بەرزەی پێ بەخشرا درووشمو نیشانەیەکی وای هەبێ کە پێیەوە بناسرێ ، بۆئەوەی ڕێگە لە کەسانێکی درۆزن و هەلپەرست و خۆبەزلگرو خەڵک فریودەر بگیرێ کە بەناهەق لافی پێغەمبەرایەتی لێ دەدەن ، وە هەرکاتێکیش لافێکی وایان لێ دا ، بێ بەڵگەییو بێ موعجیزەیی ڕیسوا و شەرمەزاریان بکات و خەڵکیان لێ تێ بگەیەنێ .

ئنجا خوای زانا بەرلەوەی بێتە سەر خستنەڕووی قسەو پەیامی پێغەمبەران کە بەخەڵکیان ڕاگەیاندوە ، (٣) یەکسەر

---

(١) هەروەها لەم ڕستەیە ئەوەش دەفامرێتەوە کە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بەدوای خەڵکیدا عەودال بوون و ئەوان دەچوونە لای خەڵکی (جائتهم رسلهم) نەک وەک گەلێک خۆبەجێگرو میراتگری پێغەمبەرزانی ئەم سەردەمە لە ماڵێ لێی پاڵ بداتەوەو چاوەڕێ ی خەڵکی بکات داخوا کەنگێ پرسیارێکی لێ دەکەن و پرس و ڕایەکی پێ دەکەن !! چونکە باپای کریار بەدوای شتیدا دەڕوات و خۆی ماندوو دەکات .

(٢) لە خاڵی حەوتەم (بۆچی پێغەمبەران خاوەنی موعجیزەن؟!)دا ئەم مەسەلەیە چاک ڕوون کراوەتەوە .

(٣) هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەندازەی سەرەخەری دژایەتی و ناحەزی ی بێ بڕوایان سەبارەت بە پێغەمبەران بخاتەڕوو ، چونکە ئەم تەعبیرو شێوازە وادەگەیەنێ کە بێ بڕوایان هیچ دەرفەتی پێغەمبەرانیان نەداوەو یەکسەر دوای هاتنیان دەستیان بەزاریەوە ناون ، چونکە بە ئیحتیمالی زۆر نیزیک (ف) ی سەر وشەی (فردوا) بۆ بەدواداهاتن (تعقیب) ە .

www,alibapir.net

دێته سەر پێشاندانی هەڵوێستی ناحەزانەو سەر ڕەقانەی گەلەکانیان و دەفەرموێ :(فردوا أيديهم في أفواههم) (یەکسەر ـ زلەزلەکانیان [1] ـ دەستیان بەزاریانەوە نا) لێرەدا دەست بەزاری یەوە نان ئەگەر ڕواڵەتەکەی مەبەست بێ دوو واتایان هەڵدەگرێ :

ا- دەستیان بەزاری خۆیانەوە نا ، جا بەمەبەستی گاڵتە پێ کردنی پێغەمبەران بووبێ ـ وەک فیتووکێشان و جرت لێدان ـ یان بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین و سەرسامی دەربڕین بووبێ .

ب- دەستیان بەزاری پێغەمبەرانەوە نا ، واتە نەیان هێشت پەیامی خۆیان ڕابگەیەنن و ڕێ ی قسەکردنیان نەدان ، یان ئیشارەیان بۆکردن کە بێ دەنگ بن .

وە ئەگەر ئەم ڕستەیە ڕواڵەتەکەی مەبەست نەبێ ، ئەوە دەست بەزارەوەنانەکە بە (مجاز) بەکارهێنراوە بۆ پێشاندانی ئەندازەی سەرسامیو ڕق هەستان و بێزاری سەرانی کوفر ، یان هەوڵ دانیان بۆ کپ کردنەوەی بانگەوازی پێغەمبەران و عليهم الصلاة والسلام ڕێگەنەدانیان بۆ قسەکردن و ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەی پێیان دا نێرراوە .

---

(١) هەرچەندە لەم ئایەتانەدا بەگشتی قسە لەو گەلانە دەکرێ کە پێغەمبەرانیان بۆ نێرراون ، بەڵام (القرآن يفسر بعضه بعضا) و لە سەرلەبەری قورئانیش دا ئەو جۆرە هەڵوێستانە بە (الملأ) و (المستكبرين) دانراون و ، خەڵکە سادەکە ئەوەی لەتوانادا نەبووە کە هەڵوێستێکی ئاوا بنوێنێ .

www.alibapir.net

تێڕوانین و هەڵوێستی خوارو خێچی بێ بڕوایان لە ئاکارەکەدا

ئنجا پاش ئەوەی هەڵوێستی بێ بڕوایانی لە دیمەنێکی وادا خستەڕوو کە ئەوپەڕی بێ شەرمیو بێ ئەدەبیان دەگەیەنێ ، هەڵبەتە بێ شەرمیو بێ ئەدەبیو ڕەفتاردزێویش هەموو دەمێ نیشانەی زەقی بێ بڕوایان بووە بەتایبەتی زلەزلەکانیان ، بەڵێ دوای ئەوەی هەڵوێست و تێڕوانینی خوارو خێچ و سەر ڕەقانەی بێ بڕوایان سەبارەت بە پێغەمبەرانی خوا علیهم الصلاة والسلام دەخاتەڕوو و دەفەرموێ :(وقالوا إنّا كفرنا بما أُرسلتم به وإنا لفي شك مما تدعوننا إليه مريب) (وە گوتیان ئێمە بڕوا بەوە ناکەین کە ئێوەی پێ ڕەوان کراون ، وە بەڕاستی ئێمە لەبارەی ئەوەوە کە ئێمەی بۆ بانگ دەکەن لەگومان داین و دوودڵین) .

لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە کە سەرانی کوفر پاش ئەوەی بەخەستی بێ بڕوایی خۆیان دەردەبڕن لەبارەی بانگەوازی پێغەمبەرانەوە ، دەڵێن : وە ئێمە لەبارەی بانگەوازی یەکەتانەوە دوودڵین و لەگومان داین !

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بیری بێ بڕواییو لامەزەبی هیچ کاتێک مرۆڤ تێیدا ناگاتە پلەی یەقینو دڵ دامەزران ، بەڵکو بابای بێ بڕواو دژئایین لەکاتێک دا کە دەگاتە لووتکەی هەرە بەرزی بیری پزیوو تەپیوی بێ بڕوایی ، ئنجا

www,alibapir.net

لەگێژی گومان و دوودڵیدا دەخولێتەوەو سەرسوورەکەی دەگاتێ!

هۆی ئەمەش ئەوەیە کە بیری بێ بڕوایی شتێکی نامۆو نەگونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤداو دژی واقیعی شتانە!

بەڵێ لەڕاستیدا بێ بڕوایی و خوانەناسی شتێکی بێ ڕەگ و ڕیشەو بێ بنچینەیە لە سروشتی مرۆڤ و بوونەوەردا و، شتێکیش دژی عەقڵ و سروشت (فطرة) ی ئینسان بێ، بەڵگە پشتیوانی لێ ناکەن و، مرۆڤیش قەت قەت لەشتێکدا ناگاتە پلەی دڵنیابوون و دڵ دامەزران کە لەدنیای بەڵگاندا بێ بەشەو لەلای عەقڵ و سروشت ڕوورەشەو سەربەهەشە.

وەڵامدانەوەی پێغەمبەران

ئنجا دێتەسەر وەڵامدانەوەو پەیام ڕاگەیاندنی پێغەمبەران و دەفەرموێ: (قالت رسلهم أفي الله شك، فاطر السموات والأرض؟) (پێغەمبەرەکانیان گوتیان: ئایا لە بوونی خودای بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی دا گومان هەیە؟).

لێرەدا دەبینین کە پێغەمبەرانی ژیرو لێزان عليهم الصلاة والسلام توند بەرۆکی بێ بڕوایان دەگرن و نایەڵن بەملاو لایاندا وەک ڕێوی فێڵباز قۆرت و پێچان بکەن و دەیان بەنە سەر ئەسڵی مەبەست کە خواناسینە، چونکە بیروباوەڕی ئیسلامی بیروباوەڕێکە لەسەر بنچینەی عەقڵ و

www.alibapir.net

زانست دامەزراوەو وەک چەند ئاڵقەی زنجیرێک هەرکـــام لە بەندەکانی توند لەوی دیکە قایم کراوەو ، بڕواهینـان بە یەکەمیان ، بەشێوەیەکی سروشتیو مەنتیقی پەلکێشـــت دەکات بۆ بڕواهێنان بەوەی دوای خۆی وە هەروەها ، مادام وابی هیچ ماقوولێ نیە هەتا یەکێک نەگەیەنیە قەناعـەتو دڵنیایی سەبارەت بە یەکەمین ئاڵقەی ئەو بیروبـاوەڕە ، بچیە سەر توێژینەوەی ئاڵقەکانی دیکە ، چونکە لەحاڵێکـی وادا ماندووبوونت بێ سوودەو ئەگەر گریمان بێ سوودیـش نەبێ ڕێ یەکی زۆر زەحمەتت گرتوەو ژیرانەو لێزانانــە دەستت پێ نەکردوە .

ئنجا با ڕامێنین !

پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ڕووحم فیدایان بـێ ، چەند کارزانانەو ژیرانە مەسەلەی بڕوابەخوابوون دێننەپێش : (ئایا لە بوونی خوای بەدیهێنەری ئاسمانەکـان و زەوی دا گومان هەیە ؟) . وەک دەبینین ئەم شێوازە (هجومــي) هێرش بەرانەیە نەک (دفاعي) بەرگری کەرانە ، بەڵــێ بیری ڕاستی خواناسی تاوانبار (متهم) نیە تا بەرگـری لێ بکەین ، بەڵکو بیری بێ باوەڕی و خوانەناسی تاوانبارو بێ جێو ناماقوولەو شایستەی هێرش کرانەسەرو سەروپۆتـەلاک کوتانە ، جا بێگومان ئەم شێوازەش سەرکەوتووترین شێوازە لە وتووێژو دەمبەدەمەدا ، چونکە تۆ هەر لەسەرەتـــاوە بەهێزی ی و پتەوی ی بیروباوەڕەکەت و بێ هێزی و هیــچ لەدەست نەهاتوویی بیری بەرانبەرەکەت دەخەیەڕوو !!

ئنجا با سەرنج بدەین !

ئەم قسەیەی پێغەمبەران :(ئایا لە بوونی .. هتد) خـۆی

www.alibapir.net

لەخۆی دا سێ ئەرکان ئەنجام دەدات ، بەم شێوەیە :

١- وەڵامە بۆ هەڵوێست و قسەی بێ شەرمانەی بێ بڕوایان .

٢- پرسیارێکی هێرشکەرانەیەو وەک فیشەکێک ئاراستەی بیری ڕزیوی بێ بڕوایی کراوە ، کە مادام لە بوونی خوادا گومان نەبێ ، چەنەچەن و زمان درێژی بێ بڕوایان بێ جێیە .

٣- وە لەهەمان کاتیش دا پتەوترین بەڵگەی مەنتیقیو عاقڵانەی تێدایە لەسەر سەلماندنی بوونی خودا ، با بزانین چۆن ؟:

پاش ئەوەی فەرموویەتی :(أفي الله شك) ، وەسفی خوای کردوە (فاطر السموات والأرض) ، کەواتە لە بوونی خوادا گومان و دوودڵی ڕێ ی تێ ناچێ ، چونکە ئاسمانەکاو زەوی حەوجێی بەدیهێنەرن و لەخوداش بترازێ هیچ شتێکی دیکە لە بەدیهێنەرایەتی بوونەوەر ناوەشێتەوە .

ئاسمانەکان و زەوی حەوجێی بەدیهێنەرن ، چونکە بە پێ لێنانی بڕوادارو بێ بڕوایان ئاسمانەکانو زەوی هەربوو (أزلي) نین و پەیداکراون ، ئنجا بەپێی یاسای هۆکاری (قانون السببية) یش هەموو پەیدابوویێک پەیداکەرێکی هەیەو ، بوونەوەریش مادام پەیداکراو بێ حەوجێ ی، پەیداکەرە ، هەڵبەتە ئەو پەیداکەرەش حەتمەن دەبێ غەیری بوونەوەر بێ ، غەیری بوونەوەریش خوای بەدیهێنەرو پەروەردگارە . هەڵبەتە ئێمە لێرەدا نامانەوێ ئیسپاتی بوونی خودا بکەین ، چونکە توێژینەوەی ئەو مەسەلەیە پێویستی بە کتێبی تەرخان کراو هەیە .(١)

---

(١) لە پاشکۆی ئاڵقەی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا تا ڕاددەیەک مەسەلەی ناوبراو توێژراوەتەوە ، هەروەها لە ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەی(دەبەرێک ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان)یش هەر قسەی لێ کراوە ، بەڵام شوێنێ تەرخان کراوی کتێبی(گەورەترین ڕاستی)یە ، کە بەرگی یەکەمی چاوەڕێ ی چاپە .

www.alibapir.net

پێغەمبەران ئامانجی خۆیان ڕادەگەیەنن

ئنجا پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام دوای چەسپاندنی ئەسڵ و بنچینەی پەیامو بانگەوازی یەکەیان دێنەسەر باسی خستنەڕووی ئامانجو مەبەستی خۆیان و بانگەوازەکەیان و دەفەرموون :(یدعوکم لیغفر لکم من ذنوبکم ویؤخرکم إلی أجل مسمی) (ـ خودا ـ بانگتان دەکات تا تاوانەکانتان بۆ بپۆشێو هەتا کاتی دیاری کراو دواتان بخات) .

بەڵێ ئامانجو مەبەستی پێغەمبەران و ئەو پەیامەی هەڵیان گرتوە ، ئەوەیە کە بەندەکان ، خوای میهرەبان و باڵادەستی خۆیان بناسن و بەندایەتی بۆ بکەن ، بۆئەوەی وەبەر بارانی ڕەحمەتو بەخشندەیی خودا بکەون و مەیدانی تاقیکردنەوەی ژیانی دنیا بەسەلامەتیو سەربەرزی ببڕن و لە سزاو ئەشکەنجەی دادگەرانەی خودا چەپاڵەدراو بن .

کەواتە کە خوای بەخشندەو کاربەجێ پێغەمبەرانی ڕەوانە دەکاتە لای خەڵکی لەبەر ئەوە نیە کە خودا ـ پاکی بۆوی ـ حەوجێی خەڵکی بێت ، یان پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام چاویان بڕیبێتە تەماعو بەرژەوەندی یەکێ دنیایی کە لەدەستی خەڵکی دایە ، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە خودا جل جلالە بەخشندەو چاکەکارەو حەزناکات بەندەکانی ڕێیان لێ تێکچێو تووشی ئازارو ئەشکەنجەی خوا ببن و پێی خۆشە هەموویان خواناسانەو چاکەکارانە بژین بۆئەوەی لەوە بوەشێنەوە کە بچنە بەهەشتی بەرینەوەو بە ڕەزامەندی خودا شادبن .

www,alibapir.net

وخاب كل جبار عنيد) (وه پێغه‌مبه‌ران داوای یارمه‌تی و سه‌ركه‌وتنیان كرد ، وه هه‌ر زۆرداریكی كه‌لله‌ ره‌ق زیانبار بوو) .

به‌ڵێ حه‌تمه‌ن كه‌سانێك له‌گه‌ڵ دۆست و خۆشه‌ویستانی خوادا به‌شه‌ڕبێن و ده‌گژیان ڕابچن ، ده‌بێ هه‌ر باری بنه‌وه‌یان پێ ببرێ و له‌ مه‌یدانێ دا تخێڵ بن .(1)

به‌ڵام وه‌نه‌بێ كه‌سانێك كه‌ له‌گه‌ڵ خوا و دۆستانی خوادا ده‌جه‌نگن هه‌ر به‌وه‌نده‌ وازیان لێ بهێنرێ كه‌ له‌دنیادا بدۆڕێن و تێ بشكێن ، (من وراءه جهنم ویسقی من ماء صدید) (دۆزه‌خیش له‌دوا وه‌یه‌تی ، وه‌ له‌ئاوێكی به‌گه‌رووی‌دا ده‌كرێ كه‌ كێم و زووخاوه‌) .

جا ئایا كێم و زووخاو قووت ده‌چێ ؟!

(یتجرعه ولایكاد یسیغه) (به‌زه‌حمه‌ت قم‌قم قووتی ده‌دات و خه‌ریكه‌ بۆی قووت نه‌چێ !) .

هه‌ڵبه‌ته‌ كه‌سێك له‌حاڵێكی وادا بێ ، مردن و گیان ده‌رچوونی شتێكی یه‌كجار نیزیك و چاوه‌ڕوان كراوه‌ ، بۆیه‌ فه‌رموویه‌تی :(ویأتیه الموت من كل مكان) (له‌هه‌موو لایان ڕا مردنی بۆدێ) .

واته‌ هێنده‌ ئازار و ئێشێكی به‌سفت و سۆو ژانی هه‌یه‌ ، كه‌ ئازاری هه‌ر شوێنێك و هه‌ر ئه‌ندامێكی به‌سه‌ بۆ مراندنی !

به‌ڵام ئایا به‌مردن قوتاری ده‌بێ و ، خودای دادگه‌ر و تۆڵه‌ستێن مردنیش به‌كه‌سانێكی ئاوا ڕه‌وا ده‌بینێ ؟!

(وما هو بمیت) (به‌ڵام نامرێ) .

---

(1) تخێڵ بوون : له‌سه‌ر گازی پشت كه‌وتن .

www,alibapir.net

١ـ ئێوەش بەس مرۆڤێکن وەک ئێمە !
٢ـ دەتانەوێ لە ڕێ و شوێنی پێشینانمان لامان بدەن !
٣ـ بەڵگەو موعجیزەیەکی ڕوونمان بۆ بێنن !

لەڕاستیدا ئەگەر سەرنجی مێژووی بەسەرهاتو ژیانی هەرکام لە پێغەمبەران بدەین علیهم الصلاة والسلام، دەبینین ئەم سێ ڕەخنەو بەهانەیە دەستەگیرەو چاوپێچکی سەران و زلەزلانی خۆبەزلگرو خۆشگوزەرانی تێکڕای ئەو گەل و کۆمەڵانە بووە کە لەگەڵیان دا ڕووبەڕوو بوون.
بەڵام با لەم سێ ڕەخنەو بیانووە ڕامێنین داخوا بۆئەوە دەشێن کە بکرێنە ڕەخنەو لە پێغەمبەران بگیرێن یان نا؟

ڕووچاندنەوەی بەهانەی یەکەم

ئەم ڕەخنەیە شتێکی یەکجار بێ جێیە لەبەر دوو هۆیان:
یەکەم: بەسووک لێ ڕوانین و نرخاندنی مرۆڤ، چونکە بێ بڕوایان کە لێکدا لێکدا بە پێغەمبەرانیان گوتوە بۆیە بڕواتان پێ نایەنین چونکە ئێوەش بەس ئینسانێکی وەک ئێمەن، مەبەستیان ئەوە بووە کە ئینسان ڕێ ی ناکەوێ و زۆر لەوە نزمترو کەمترە کە بتوانێ لەگەڵ خوادا پەیوەندی هەبێ و گفتوگۆی لەگەڵ بکات و پەیامی لێ وەربگرێ، جا بێگومان بەکەم سەیرکردنی مرۆڤ و بەبێ نرخ لەقەڵەم دانی درووشم و نیشانەی هەرە زەقی خوانەناسی بووەو مۆرێکە

www,alibapir.net

پێیەوە دەناسرێ و هەرکام لە بیردۆزەی مارکسیزم و دارویێنیزم و فرۆیدیزم یش بە ڕوونترین شێوە ئەم جۆرە تێڕوانینەیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە .

هەڵبەتە بەبێ نرخی نرخێنرانی مرۆڤیش لە بیری ماددیو بێ باوەڕی دا ئەنجام و بەرهەمێکی سروشتیو چاوەڕوانکراوە ، چونکە مرۆڤ مادام بەس ئەم جەستە بەرهەستە بێ ، کە لە ئەندازەیەک ئاو خوێ و ئاسن و هەوا و گۆگردو فۆسفۆرو .. هتد پێک هاتبێ کە بەهەمووان بایی شەش دینارو نیوان نابن ، وە مادام دەستی خودا لە دروست بوونی دا نەبێ و بەرەچەڵەک بچێتەوە سەر قەوزەو بۆق و قرژاڵ و قۆڕی و سەرمازەڵەو کیسەڵ و چەقەڵ و مەیموون و بەراز .

بەڵێ ئینسانێکی ئاوا حەتمەن حەتمەن سووک و بێ نرخەو دەبێ لە ڕیزی چوارپێو ماڵات بژمێردرێ و .. ، بێگومان شتی هێندە گچکەو سووک و چرووک و نزمیش لێی ناوەشێتەوە ببێتە پەیامبەرو لەگەڵ خوادا بدوێ و نوێنەری خوا بێ بۆلای بەندەکانی .

دووەم : بێ بڕوایان کە بە پێغەمبەران دەڵێن : ئێوە مادام ئینسانێکی ئێمە ئاسان ڕێتان ناکەوێ ببنە نێرراوی خوا ، بەدەردی کورد دەڵێن (لەهەمبانەی خۆیان دا گوێزان دەژمێرن) ، دزیش پێی وایە هەموو کەس دزە .

بەڵێ پێغەمبەرانیش وەک خەڵکی مرۆڤن بەڵام مرۆڤ تا مرۆڤ فەرق دەکات و ، مرۆڤ هەیە لە فریشتە بەرزترو ، هەشە لە ئاژەڵ نزمتر ، شاعیرێک لەوبارەوە کە مرۆڤەکان هەرچەندە لە ئەسڵی سروشت دا یەکن بەڵام لە چۆنیەتی و ماهیەت دا جیاوازن ، دەربارەی پێغەمبەری ڕابەرمان

www.alibapir.net

عليه الصلاة والسلام گوتوويەتی :

محمد بشر وليس كالبشر
بَلْ هو ياقوتة والناس كالحجر

واته :
موحەممەد مرۆڤە ، بەڵام وەک مرۆڤی ئاسایی نیە ، بەڵکو ئەو مرواری یەو خەڵکیش وەک بەرد وان !!

هەڵبەتە مرواریش هەر جۆرێکە لە بەرد بەڵام چ بەردێک !

پووچاندنەوەی بەهانەی دووەم

ئنجا بێینە سەر بەهانەی دووەمیان (دەتانەوێ لە رێ و شوێنی پێشینانمان لامان بدەن) .

یەکی دیکە لەو درووشمو نیشانە بەرچاوانەی بیری بێ بڕوایانی پێ دەناسرێ ئەوەیە کە کەللە ئیشک و کۆنەپەرستن و چاو لەسەر خووخدەو داب و نەرێتی پێشینانیان چڕدادەگرن و کوێرانە لاسایان دەکەنەوەو ئامادەی وەرگرتنی هیچ شتێکی نوێ نین با هەقیش بێ مادام لەگەڵ رچەی ڕابردووانیاندا دانووی ناکوڵێ . جا بێگومان دەردی لاساکردنەوەو شوێن کەوتنی کوێرانەش پیسترین و کوشندەترین دەردەو هەرکەس دووچاری بێ پەکی دەخاو لەمرۆڤی دەکات .

www,alibapir.net

بەرچاندنەوەی بەهانەی سێیەم

بەهانەی سێیەمیشیان بریتیە لە داواکردنی بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوون .

هەڵبەتە بێ بڕوایان کە داوای بەڵگەی ڕوونیان لە پێغەمبەران کردوە علیهم الصلاة والسلام ، هەر ویستوویانە پەڵپ و بەهانان بگرن و خۆلاباز بدەن ، دەنا هیچ پێغەمبەرێک بەبێ بەڵگەو موعجیزەی ڕوون و ئاشکرا ڕەوانە نەکراوە .

بەڵام دیارە کە بەڵگەو موعجیزە دادی کەسێک دەدات و کەسێک قەناعەتی پێ دێ ، کە بیەوێ بڕوا بێنێو بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ ، دەنا کەسێک کە هەر تەشقەڵەچیو نیازخراپ بێ ، بێ سوودە ، چونکە بەدەردی کورد دەڵێن :

(بەتۆبزی کەچەڵی بنێریە مازووان لەدارێ هەڵنا ڕوانێ) .

ئنجا با بزانین پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام چۆن وەلامی ئەم سێ بەهانەیەی بێ بڕوایان دەدەنەوە ؟ :

وەلامی دراوی شکێنی پێغەمبەران

(قالت لهم رسلهم إنْ نحن إلاّ بشر مثلكم ولكن الله

www,alibapir.net

يمن على مَنْ يشاءُ مِنْ عباده) (١).

پێغەمبەرانیا ـ علیهم الصلاة والسلام ـ پێیان گوتن : ئێمەش بەس مرۆڤین وەک ئێوە . بەڵام خوا هەرکەسێک کە بیەوێ لە بەندەکانی چاکەی لەگەڵ دەکات . ـ واتە پلەی پێغەمبەرایەتی پێ دەبەخشێ ـ) .

وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە ئەم قسەیە وەڵامی پڕبەپێستی ڕەخنەو بەهانەی یەکەمی بێ بڕوایانە .

لە وەڵامی بەهانەی سێیەمیش دا دەڵێن : (وماكان لنا أن نأتيكم بسلطان إلا بإذن الله) (وە بۆمان نیە کە هیچ بەڵگەیەکتان بۆ بێنین بەبێ فەرمانی خودا(١) .

بەڵێ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بەندەی خودان و زۆر لەوە بەئەدەبترن کە پێشنیاران پێشکەشی خودا بکەن و داوای بەڵگەو موعجیزەیەکی لێ بکەن کە فەرمانی لەسەری نیە .

وەک دەبینین پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هیچ وەڵامی بەهانەی دووەمیان نەدایەوە ، چونکە ناماقووڵی و بێجێیی وی ئاشکراو بەڵگەنەویستەو حەوجێی بەرپەرچدانەوە ناکات . ئاخر ڕچەی باب و باپیران ئەگەر ڕاست و بەجێ بێ ئەوە پێغەمبەران هەوڵی پتر چەسپاندنی دەدەن ، ئەگەر هەڵەو خواریش بێ ، ئەوە لەجیاتی گلەیی و گازندە دەبوو ئەو زلەزلە دنیاخۆرانە زۆریش سوپاسی پێغەمبەرانیان کردبایە کە لە ڕێی چەوت و خوار دەیانگێڕنەوە و ڕێی ڕاستیان پێشان دەدەن .

www,alibapir.net

ئنجا لەکۆتاییدا پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بێ منەتانە پشت بەقەڵای مەحکەمی دەستەڵاتی خواوە دەدەن و دەڵێن :(على الله توكلنا وعلى الله فليتوكل المؤمنون) (بەس پشتمان بەخوا بەستوە ، وە با بڕواداران بەس پشت بەخواوە بدەن) .

ئنجا بۆ زیاتر بێ منەتیو بێ باکی دەربڕین و پیشاندانی خۆیان دەڵێن :(وما لنا ألّا نتوكل على الله وقد هَدٰينا سبلنا ولنصبرن على ما آذيتمونا وعلى الله فليتوكل المتوكلون) (وە لەبەرچی پشت بەخوا نەبەستین ، مادام لە کاروبارمان دا ڕێڕوونی کردووین ؟ وە بێگومان خۆڕادەگرین لەسەر ئەو ئازاردانەی ئێوە ، وە با پشت بەستوان بەس پشت بەخوا ببەستن) .

بەڵێ ڕێ ی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بەگوڵان نەچێنراوەو لەهەمووی ئارەق و خوێن ڕژاوەو ، هەرکەسێک بیەوێ بێ قۆرتو گرێ و فیسق و گەوە ئەو ڕێ یە سەختو دژوارە ببڕێ ، دەبێ دەیان و سەدان جۆرە مەینەتیی و ئێش و ژان و چەرمەسەری لەخۆی بگرێ ، دەنا با دانیشێ و دەست لەکاری پیاوان نەدات و پارووی لە گەرووی زلتر نەکات !!

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

هەڕەشەو گوڕەشەی بێ بڕوایان باش تێشکان و بەزین

ئنجا لەکۆتایی‌دا سەرانی کوفرو بێ بڕوایانی کەللەئیشک و کۆنەپەرست و ستەمکار ، وەک عادەتی هەمیشەیی‌یان دوایین تیری نێو تیردانیان داوێن و ، دەست دەکەن بە هەڕەشەو هەڕو کیف و قسەپڕژاندن و دەڵێن :

(وقال الذین کفروا لرسلهم لنخرجنکم مِنْ أرضنا أو لتعودن في ملتنا) (وە ئەوانەی بێ بڕوان بەپێغەمبەرەکانی خۆیانیان گوت : حەتمەن یان لەخاکی خۆمان وەدەرتان دەنێین یان دەبێ بگەڕێنەوە سەر ڕچەی ئێمە !) .

بەواتایەکی ڕوونتر : بێ بڕوایان بەپێغەمبەرەکانی خۆیانیان گوت : ئەگەر بەوجۆرەی ئێمە دەمانەوێ لەخاکی ئێمەدا دەژین چاکە ، دەنا لێرە جێتان نابێتەوە !

بێگومان ئەم شێوە گوتارو ڕەفتارەش یەکی دیکەیە لە نیشانەو درووشمە هەرە زەقەکانی خوانەناس و بێ بڕوایانی ستەمکار بەدرێژایی مێژوو !

دیسان دەربەدەری و ئاوارەبوون و خاک و ئاو بەجێهێشتن و کۆچکردنیش یەکی دیکەیە لە خەسڵەت و نیشانە بنەڕەتی‌یەکانی پێغەمبەرانی خوای زاناو تواناو شوێن کەوتووانی ڕەسەن و راستەقینەیان لەهەموو چاخ و ڕۆژگارێک دا .

چونکە هەرچەندە باباى خواناس و مسوڵمان خاک و ئاوو نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ و حەز لە تێدامانەوەی دەکات ،

www.alibapir.net

بەڵام دڵی پێوە نابەستێ و ناپەرستێ و، هەرکاتێک بارو دۆخێکی وا هاتەپێش کە ڕێی خواپەرستی و بەڕێوەبردنی بەرنامەی خوای لێ بگرێ، خوداو بەرنامەکەی هێندە لەلا شیرین و بەڕێزو خۆشەویستن کە بتوانێ لەپێناوی واندا دەست بەرداری هەموو شتێک بێ و هەموو شتێک وەلابنێ کە دەبێتە پەرچ و تانەی خواپەرستی و خوا ڕازی کردنی.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

خودا لەسەر بەندە چاکانی وەدەنگ دێ

ئنجا پاش ئەوەی بێ بڕوایانی ستەمکار ئەو بڕیارە بێ ویژدانە دڕندانەیان لەبارەی پێغەمبەرانەوەدا، علیهم الصلاة والسلام، دۆست و یاریدەدەرو پشتیوانی میهرەبان و بەهێزیان لەسەریان وەدەنگ دێ و دەفەرموێ: (فأوحى إليهم ربهم لنهلكن الظالمين) (جا پەروەردگاریان پێی ڕاگەیاندن، کە بێگومان ئێمە ستەمکاران لەنێو دەبەین).

بەڵێ ئەگەر بێت و بەندە ڕەسەنەکانی خودای دادگەر هەرچی لەدەستیان دێ لەپێناوی خوادا بیکەن، دوای ئەوەی بڕستیان لێ بڕاو تینیان تێ نەما، خودای بەبەزەیی و تۆڵەستێن لەباتی وان وەدەنگ دێ و دەست بەکار دەبێ!

ئنجا پاش ئەوەی خودا موژدەی لەنێوبردنی ستەمکارانی

www,alibapir.net

بەپێغەمبەران دا ، موژدەی وەسەرخستن و نیشتەجێبوونیشیان لەزەوی دا پێ دەدا :(ولنسكننكم الأرض مِنْ بعدهم) (وە بێگومان لەپاش وان لەزەوی دا نیشتەجێتان دەكەین). واتە دەتانكەینە میراتگری ستەمكارانی دنیاخۆرو ، دەستەڵاتتان پێ دەبەخشین و جڵەوی هەڵسووڕاندنی كاروباری وڵاتتان پێ دەسپێرین .

بەڵام ئایا ئەو موژدەو بەڵێنە لەهەموو كەس دەوەشێتەوەو بەهەموو كەس ڕەوا دەبینرێ ؟

خودای قسەلەجێ وەڵام دەداتەوەو دەفەرموێ :(ذلك لِمَنْ خاف مقامي وخاف وعيد) (ئەوە ـ واتە ئەو موژدەیە ـ بۆ كەسێكە كە لە پلەوپایەی من بترسێ و لە هەڕەشەی من بترسێ) .

بەڵێ موژدەو بەڵێنی خوا تایبەتە بەكەسانێكەوە كە ترس و سامو ڕێزی پلەوپایەی بڵێندی خوایان دڵی پڕ كردوون و ، جێی ترس و سامی كەسی دیكەی تێدا نابێتەوە ، وە موژدەی خوا تایبەتە بەوانەوە كە بەس لە هەڕەشەی خوا دەترسێن و گوێ نادەنە هەڕەشەو گوڕەشەی كەسی دیكە .

ئەنجامی دەبەرێك ڕاچوونی هەردوولا

ئنجا خوای بێ وێنە ئەنجامو ئاكامی دەبەرێک ڕاچوونی پێغەمبەران و سەرانی كوفرمان بۆ دەخاتەڕوو (واستفتحوا

www.alibapir.net

وخاب كل جبار عنيد) (وە پێغەمبەران داوای یارمەتی و سەرکەوتنیان کرد ، وە هەر زۆردارێکی کەللەڕەق زیانبار بوو) .

بەڵێ حەتمەن کەسانێک لەگەڵ دۆست و خۆشەویستانی خوادا بەشەڕبێن و دەگژیان ڕابچن ، دەبێ هەر بارێ بنەوەیان پێ ببرێ و لە مەیدانێ دا تخێڵ بن . (۱)

بەڵام وەنەبێ کەسانێک کە لەگەڵ خوا و دۆستانی خوادا دەجەنگن هەر بەوەندە وازیان لێ بهێنرێ کە لەدنیادا بدۆڕێن و تێ بشکێن ، (من وراءه جهنم ويُسقى مِنْ ماء صديد) (دۆزەخیش لەدواوەیەتی ، وە لەئاوێکی بەگەرووی دەکرێ کە کێم و زووخاوە) .

جا ئایا کێم و زووخاو قووت دەچێ ؟!

(يتجرعه ولايكاد يسيغه) (بەزەحمەت قمقم قووتی دەدات و خەریکە بۆی قووت نەچێ !) .

هەڵبەتە کەسێک لەحاڵێکی وادا بێ ، مردن و گیان دەرچوونی شتێکی یەکجار نیزیک و چاوەڕوان کراوە ، بۆیە فەرموویەتی :(ويأتيه الموت مِنْ كل مكان) (لەهەموو لایان ڕا مردنی بۆدێ) .

واتە هێندە ئازار و ئێشێکی بەسفت و سۆو ژانی هەیە ، کە ئازاری هەر شوێنێک و هەر ئەندامێکی بەسە بۆ مراندنی !

بەڵام ئایا بەمردن قوتاری دەبێ و ، خودای دادگەر و تۆڵەستێن مردنیش بەکەسانێکی ئاوا ڕەوا دەبینێ ؟!

(وما هو بميت) (بەڵام ناشمرێ) .

---

(۱) تخێڵ بوون : لەسەر گازی پشت کەوتن .

www,alibapir.net

بەڵێ تەنانەت مردنیش کە ناخۆشترین شتە بە سەرانی کوفرو شوێن کەوتووانیان ڕەوا نابینرێ !

ئنجا لەکۆتاییدا دەفەرموێ : (ومن وراءه عذاب غليظ) (وە ئازارێکی سەخت و قەبەی لەدواوەیە ـ و چاوەڕێی دەکات ـ) .

بەڵێ ئەمەیە ئاکام و سەرەنجامی دەبەرێک ڕاچوونی هەق و باطل ، بەڵام بەمەرجێک !

دەزانی ئەویش چییە ؟!

ئەوەیە کە هەروەک چۆن (باطل) بەڕاستی و بە مەعنای وشە باطل و ناهەقە ، هەقیش بەڕاستی و بە مەعنای تەواوی وشەی (حق) هەق بێت و ، خڵتەوخاڵ و گرێ و گۆڵی (باطل) ی پێوەنەمێنی و تەواو بۆخوا ساغ و یەکلا ببێتەوەو ، لەڕیزی ناهەق جودا ببێتەوە !!

ئیدی بەهیوای هاتنەدی بەرەیەکی هەقی ئەوتۆ ، لە داهاتوویەکی نیزیکدا لە نێوگەلی کورد و تێکڕای ئوممەتی ئیسلامدا .

وما ذلك على الله بعزيز .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

چوارەم

بڕگۆلێك دەربارەی بیرەوەری لەدایك بوونی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم

پێش خۆشکردن

خوێنەری بەڕێز !

ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی بیرەوەری لەدایک بوونی شاگوڵی باغی بوونەوەر پێغەمبەری ڕابەرو سەروەر صلی اللە علیه وآله وسلم ەو بۆچەند سەدەیەک دەچێ لەنێو جیهانی ئیسلام دا بۆتە باوو ڕەواجی پەیداکردوەو هەموو ساڵێ مسوڵمانان (١) لە (١٢) ی مانگی (ربیع الأول) دا کەیف و شادی دەردەبڕن و خواردەمەنی و شیرینی دەبەشنەوەو ، وتاران دەنووسن و دەخوێننەوە ، سەبارەت بەوەی کە لەو ڕۆژەدا گەورەترین ئینسان و ڕاستترین بەندەو مەزنترین پێغەمبەرو چاکترین پێشەوا ، بە پێی بەپێزی خۆی زەوی پیرۆز کردوەو ، بەڕووناکی و شەبەقی بوون (وجود) ی تاریکیی کوفرو نەفامی و خراپەکاری و ستەم و چەوساندنەوەو بێدادی ڕامالیوەو دنیای شوعلەوەر کردوە .

ئنجا حەوجێ بە باسکردنێ ناکات کە عادەتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەرەوە علیه الصلاة والسلام دیاردەیەکی نوێ و پەیداکراوەو لەسەردەمی پێغەمبەرو خەلیفە ڕاشیدەکان دا نەبووە .

---

(١) مسوڵمانانی شیعە مەسلەک (١٧)ی مانگی (ربیع الأول) بەڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام دادەنێن .

www,alibapir.net

ئنجا ئایا دیاردەی گۆڕین بە داهێنراو (بدعة)

لەقەڵەم دەدرێ یان نا ؟! وە ئەگەر بە بیدعەش لەقەڵەم بدرێ ئایا بە داهێنراوێکی چاک (بدعة حسنة) دادەنرێ یان بە داهێنراوێکی خراپ (بدعة سیئة) ، ئەوە لەنێو زانایان دا کێشەو وتوویژی زۆر لەسەر کراوەو ئێستاش دەکرێ ، بەڵام من نە بەپێویستی دەزانم و نە ئێرەش ئەو دەرفەتەم دەدات کە خۆم تێکەڵی ئەو مشتومڕە بکەم ، ئەوەندە هەیە هەروا بەکورتی هەڵوێستی خۆم لەوبارەوە لەچەند خاڵێکدا ڕادەگەیەنم :

١- من ڕام وایەو ڕایەکەشم هەڵهێنجراوی قورئان و سوننەت و قسەی زانایانی ئیسلامە نەک ئی گیرفانی خۆم ، کە بیدعەت بەس بەو شتانە دەگوترێ کە لەبواری خواپەرستیی ڕووت (العبادة المحضة) دا دادەهێنرێن ، وەک : نوێژ ، ڕۆژوو ، حەج ، زیکر ، سوێندخواردن ، نەزر ، قوربانی ..

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاو بۆچوونەشم بەڵگەم زۆرن ، بەڵام لێرەدا دەرفەتی خستنەڕوویانم نیە .

٢- کەواتە : مادام بیدعەت لەجوغزی خواپەرستیدا کورت هەڵاتبێ ، هیچ پێویست ناکات قسە لەوە بکەین داخوا مەسەلەی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرمانەوە علیه الصلاة والسلام بیدعەتە یان نا ، وە ئایا بیدعەتێکی چۆنەو چۆن نیە ، چونکە مەسەلەی ناوبراو لەجوغزی هەڵس و کەوتان (دائرة المعاملات) دایە ، نەک خواپەرستییەکان (العبادات) ، دیارە بیدعەتیش لەڕوانگەی شەرعەوە ئەوەیە - کە وەک گوتمان - لەبواری خواپەرستیدا دابهێنرێ ، چونکە وەک زانایانی (أصول الفقه) فەرموویانە : (الأصل في

www.alibapir.net

العبادات الحظر ، والأصل في المعاملات الأباحة) .[1]

٣ـ ئەوە کە هەندێک لە زانایان بیدعەتیان کردۆتە دوو بەش چاک و خراپ ، وەک : (شافعيو نووي و ابن حجر الهيتمي) خوا لێیان خۆش بێ ، یان فەرموویانە : بیدعەت پێنج حوکمەکان (الأحكام الخمسة) ی بەسەردا دەچەسپن ، واتە بیدعەت هەیە فەرزەو هەیە سوننەتەو هەیە ناپەسند (مکروه)ەو هەیە موباحەو هەیە حەرام ، ئەوە بۆیە هەڵوێستیان وابووە چونکە واتای وشەی بیدعەتیان زۆر بەفراوانی تەماشاکردوەو هەردووک بواری هەڵس و کەوتەکان و خواپەرستیەکان (المعاملات والعبادات) یان پێ گرتۆتەوە ، دیارە لەحاڵێکی واشدا ، دابەش کردنی بیدعەت بەچاک و خراپ یان بە فەرزو سوننەت و موباحو ناپەسندو حەرام ، ڕاست دەردەچێ ، ئەوەندە هەیە ئەوکاتە ناچاردەبین بڵێین : فەرموودەی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام (.. فأن كل بدعة ضلالة ..) [2] ، بەس مەبەستي پێ بیدعەتە لەبواری خواپەرستیدا ، بەڵام ئەگەر گوتمان بیدعەت بەس بەو شتانە دەگوترێ کە لەبواری خواپەرستیدا لە ئایین زیاد دەکرێن و دادەهێنرێن ، ئەوکاتە فەرموودەی ناوبراو حەوجێی بە (تخصيص) و (تأويل) کردن ناکات و دیارە هەر ئەوەش ڕاستترو چاکترە ، بگرە هەر ئەوەش ڕاست و چاکە !![3]

---

(١) بۆ وێنە بڕوانە کتێبي (القواعد النورانية الفقهية) نووسراوی (ابن تيمية) .

(٢) رواه أبوداوود والترمذي .

(٣) لەکتێبی : (ڕێبازی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کامەیە ؟!)دا باسێکي سەربەخۆمان دەربارەی بیدعەت نووسیوە ؛ دەتوانی بۆ زیاتر شارەزابوون لەوبارەوە سەرنجی بدەی . بڕوانە لاپەڕە (٢٥٧ تا ٢٧٢) چاپی یەکەم .

www.alibapir.net

٤- کەواتە : ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرەوە علیه الصلاة والسلام ئەگەر بەشێوەو چۆنیەتێکی شەرعیيانەو بۆ مەبەستێکی چاک و شەرعی بەڕێوەببرێ ، هیچ کەس ناتوانێ بەناوی شەرعەوە بەخراپی دابنێ ، چونکە ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ کە بیدعەتە ، بیدعەت نییە ، لەبەرئەوەی کە لەبواری خواپەرستیدا نیە ، لەبواری (معاملات) یشدا بۆ حەرام کردن و بەخراپ دانانی هەرشتێک و هەر هەڵس وکەوتێک پێویستە بەڵگەی شەرعی سەربەخۆمان هەبێت ، چونکە وەک پێشتر گوتمان لەبواری هەڵس وکەوتەکاندا ئەسڵ و بنچینە حەڵاڵیو ڕێگادانە مەگەر بەڵگە هەبێ لەسەر قەدەغەکردن ، بەپێچەوانەی بواری خواپەرستییەوە کە ئەسڵ و بنچینە لەوی داپابەندکیە بەدەقان (نصوص) ەوەو بەملاولادا نەچوونە !

ڕوونتر بڵێین :

ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەری سەروەرمانەوە علیه الصلاة والسلام لەزاتی خۆیدا خراپ نیە ، بەڵام ئەگەرهاتو بەشێوەیەکی بێ شەرعیيانە بەڕێوەبرا ، یان شتی بێ شەرعی تێدا ڕوودا وەک تێکەڵ بوونی ئافرەتو پیاو ، یان خوێندنەوەی شیعرو تارێک کە لەگەڵ شەرع دا دژ بوەستێو زیانی ئیسلامی تێدا بێت ، ئەوە ئەوکاتە ئاهەنگی ناوبراو بەخراپ و بێ شەرعی لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام نەک لەبەر زاتی خۆی بەڵکو لەبەر ئەو خراپەو بێ شەرعیيانەی کە تێیدا ڕوودەدەن !

خوێنەری خۆشەویست !

لەسۆنگەی ئەوەوە کە مەسەلەی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی

www,alibapir.net

یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرەوە علیه الصلاة والسلام لەرابردوودا و ئێستاش کێشەو مشت ومڕی زۆر لەسەرکراوەو دەکرێ ، وای بەچاک دەزانم بەرلەوەی ئەم (ڕێ خوشکردن) ە بەجێ بهێڵین ، نەختێک دەربارەی شەرعیی بوونی بدوێم :

هەرچەندە وەک پێشتر گوتمان مەسەلەی (مەولوود خوێندنەوە) و هەر مەسەلەیەکی دیکەش کە دەکەوێتە جوغزی (معاملات) ەوە ، بۆ شەرعیی بوونیان پێویستیمان بە بەڵگەهێنانەوە ناکات ، چونکە ئەسڵ لە هەڵس وکەوتەکاندا حەلاڵییە ، بەڵکو کەسێک کە لافی حەرام بوونی یەکێک لەو شتانە لێ بدات ، ئەو پێویستی بەبەڵگە هەیە بۆ ئیسپاتی دەعوایەکەی ، ئەمەش بۆخۆی بەتەنیا گەورەترین و پتەوترین بەڵگەی شەرعیی بوونی مەسەلەی ناوبراوە ، بەلام بۆ زێدە دڵنیایی و لاچوونی گرفت و خوتخوتەی هەندێک دڵان ئەم چەند قسەیەش دەکەم :

یەکەم : خوای بەرزو زانا دەربارەی پێغەمبەرمان علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی :(إنا أرسلناك شاهدا ومبشرا ونذيرا لتُؤمنوا بالله ورسوله وتُعَزِّروه وتُوَقِّروه وتُسَبِّحوه بُكَرةً وأصيلا) الفتح / ٨ ، ٩ . واتە :

ئێمە تۆمان ناردوە کە چاودێرو موژدەدەرو ترسێنەربی ، بۆئەوەی ـ ئەی بڕوادارینە ـ بڕوا بەخواو بەپێغەمبەرەکەی بێنن وە پشتیوانیی بکەن و ڕێزی بگرن ، وە بەیانیان و ئێواران ـ خوا ـ بەپاک بگرن .

هەڵبەتە دەگونجێ کە مەبەست لە ڕاناوی سەر هەرسێک وشەکانی (تعزروه وتوقروه وتسبحوه) خوا بێت ، بەلام پێم وایە ئەوەی من هەڵم بژاردوە ـ دیارە توێژەرەوانی

www,alibapir.net

قورئانیش هەردووک ڕایان گوتوون ـ وێچووترە ، چونکـــە ڕاناو واچاکە بۆ نیزیکترین باسکراو (أقرب مذکـــور) بگەڕێتەوە ، دیسان (تعزیر و توقیر) یش زیاتر لـــە پێغەمبەر دەوەشێنەوە نەک لەخودا ، ئەمە هەموو لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە ، هەمان مەبەست لە سوورەتـــــــــی (الأعراف) یش دا بۆ پێغەمبەر علیه الصلاة والســـلام بەکارهێنراوە ، وەک دەفەرموێ : (الذین یتبعون الرسـول النبی الأمي ..... فالذین آمنوا به وعزروه ونصروه ..)/١٥٦.

بەهەرحاڵ ، وەک دەبینین خوای کاربەجێ داوا لە مسوڵمانان دەکات کە پشتگیری پێغەمبەرەکەی بکەن و ڕێزی بگرن ، دەجا گومانیشی تێدا نیە کە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی لەدایک بوونیەوە لەسنووری شەرعدا هۆیەکی بەکجار کاریگەرو چاکە بۆ پشتگیری کردنی ئەو زاتە پایەبەرزەو ڕێزلێنانی ، وەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە .

دووەم : خوای میهرەبان و چاکەکار فەرموویەتی : (.. ورفعنا لک ذکرک ..) الأنشراح / ٤ . واتە : .. وە ئایا نـاو ـ و دەنگ و باس ـ تمان بۆ بەرز نەکردیەوە .. ؟!

کەواتە : نەک هەر بێ شەرعیو خراپ نیە ، بگرە زۆر شتێکی چاک و پەسندە کە ئێمەش چاو لەخوای خۆمان بکەین و هـەوڵ بدەین لەڕێی ئاهەنگ گێڕانی ناوبراوو هەر ڕێ یەکـــی دیکەی شەرعیەوە ناوو ناوبانگی پێغەمبەرمان بـــەرز بکەینەوەو ، زیاتر خەت و ڕێبازی ئەو سەروەرە بۆ خەڵکـــی ڕوون بکەینەوە !

سێیەم : خوای بێ وێنە فەرموویەتی : (قال عیسی ابن مریـــم

www.alibapir.net

اللهم ربنا أُنزل علينا مائدة مِنَ السماء تكون لنا عيدا لِأُولنا وآخرنا ..) المائدة / ١١٤ ، واته :
عيساى كورِى مەريەم فەرمووى : ئەى خواى پەروەردگارمان سينىيە (١) خواردنێكمان لەئاسمانەوە بۆبنێرە خوارێ ، كە ببێتە - مايەى - جێژن - و شادى - بۆ پێشينانمان و پاشينانمان ..
(أبوجعفر الطبري) لە تەفسيرى ڕستەى (تكون لنا عيدا) دا فەرموويەتى :(واتە : ڕۆژى هاتنەخوارەوەى - ئەو سينىيە - دەكەينە جەژن و بەگەورەى دەگرين ، وە ئەوانەى دواى ئێمەش بەگەورەى دەگرن) . (٢)
كەواتە :
ئايا ئەگەر پێغەمبەرێكى پايەبەرزى وەك عيسا عليه السلام بەبۆنەى هاتنەخوارەوەى سينىيە خواردنێكەوە كە دەبێتە موعجيزەو مايەى دڵ دامەزرانى شوێن كەوتوانى ، جێژنێك بۆخۆى و بۆ ئەوانەى لەدوايەوە دێن سازبكات !
هيچ بێ شەرعىو خراپەيەكى تێدايە كە ئێمەى مسوڵمانيش بەبۆنەى لەدايك بوونى هەڵبژاردەى مرۆڤايەتىو سەروەرى پێغەمبەرانەوە عليه الصلاة والسلام بيكەينە جێژن و ڕۆژى كەيفو شادى و ئاهەنگ گێڕان و خواردن دان بە هەزاران و شيرينى بەشينەوەو وتاردان و .. هتد ؟! مەگەر

---

(١) (راغب الاصفهاني) دەربارەى وشەى (المائدة) فەرموويەتى :(والمائدة الطبق الذي عليه الطعام) .
بڕوانە (مفردات ألفاظ القرآن) ص ٤٧٧ .
(٢) بڕوانە (مختصر تفسير الطبري) ص ١٣٩ .

www,alibapir.net

هاتنەخوارەوەی سینی‌یە خواردنێک گرنگترە لە لەدایک بوونی پێغەمبەرێکی وەک (محمد) علیە الصلاة والسلام ؟!

چوارەم : لە کتێبی (صحیح البخاري) دا هاتوە ، کە پێغەمبەر صلی اللە علیە وآلە وسلم دوای کۆچکردنی لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە ، لەمانگی موحەڕڕەم دا گوێ بیست بوو کە جوولەکەکان لەڕۆژی دەیەمی مانگ دا بەڕۆژوو دەبن ، ئەویش پرسیاری لێ کردن دەربارەی هۆی ڕۆژوو گرتنیان ، لەوەڵام دا گوتیان :

بەو بونەیەوە بەڕۆژو دەبین کە پێغەمبەرمان مووسا علیە الصلاة والسلام لەو ڕۆژەدا لەچەنگ فیرعەون ڕزگاری بووە ، ئەویش فەرمووی :

ئێمە لەپێشترین لە مووسا لە ئێوە ، وە ئێمە شایستە ترین بەو ڕۆژە .

جا زانایانی ئیسلام لەم فەرموودەیەیان فامیوەتەوە کە شتێکی چاکە مسوڵمانان لەکاتی پەیدابوونی نازو نیعمەت و خێروخۆشی‌یەک دا شادی و خۆشحاڵی دەرببرن ، ئنجا بێگومان گەورەترین نیعمەت و چاکەی خوداش بەسەر ئێمەوە لەدایک بوون و پەیدابوونی پێغەمبەرمان (محمد) ە علیە مِنَ اللە أفضل الصلوات وأتم التسلیمات .

مادام وابێ شتێکی شەرعی‌و چاکە کە لە شەوو ڕۆژی لەدایک بوونی ی یان مانگی لەدایک بوونی‌دا مسوڵمانان کەیف و شادی بنوێنن و بیکەنە ئاهەنگ و جێژن .

هەڵبەتە دەتوانین بەڵگەی دیکەش لەوبارەوە بێنینەوە ، بەڵام هەم دەرفەت کەمەو هەم ئەوەندەش کە باسکرا بۆ

www.alibapir.net

ڕوونکردنەوەو سەلماندنی مەبەست بەسە .

ئێستاش پاش ئەم ڕێ خۆشکردنە درێژخایەنە ، کە زۆر شتی لەئەسڵی مەبەستیش تێدابوون ، دەچینە سەر توێژینەوەی هەندێک لەو باسانەی کە بەپێویستیان دەزانم دەربارەی بابەتی ناوبراو بخرێنەڕوو :

مەبەست لە داهێنانی بیرەوەری لەدایك بوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چییە ؟!

شتێکی ئاشکراو ڕوونە کە مەبەست و ئامانجی یادکردنەوەو بیرەوەری هەر ناودارو پێشەوایەک ئەوەیە کە خەڵکی خەت و ڕێبازی ئەو کەسەیان هەمیشە لەبەرچاو بێ و ، مردن و لەدنیا دەرچوونی نەبێتە هۆی فەرامۆش کرانو کوێربوونەوەی ڕێ و شوێنەکەی .

مادام وابێ (مەبەست لە داهێنانی بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر) یش علیه الصلاة والسلام ئەوەیە کە گوترا ، کاتی خۆی کە زانایانی بیرتیژو زەین فراوان و دڵ بێدارو بەمشوور دایان هێناوە ، ئەو مەبەستەیان تێدا ڕەچاوکردوە ، ئنجا کە دواتر مەسەلەکە شێوێنراوە یاخود هەر ئاوەژووش کراوەتەوە ، ئەوە شێوینران و ئاوەژوو کرانەوەی (ڕاستی) یەک هیچ لە نرخ و بایەخی ئەو ڕاستیە دانالەنگێنێ .

www,alibapir.net

بەڵێ خوێنەری سەنگین !

ئامانجو مەبەستی زاناو پێشەوایانی ئیسلام لە داهێنان و ڕەواج پێدانی بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ئەوەبووە ، کە خەڵکی بەو هۆیەوە هان بدەن و وا لێ بکەن کە خەت و ڕێبازو ڕێ و شوێن و ئاکارو ڕەفتاری بەرزو پەسندی پێغەمبەرەکەیان لەبیرنەچێتەوەو ، بزانن ئەو پێغەمبەرو ڕابەرە ڕەندو پەسندەی کە خۆیان بە شوێن کەوتوو و وەفاداری لەقەڵەم دەدەن ، کێ بووەو ، چۆن بووەو ، چی کردوەو ، بۆچی ژیاوەو ، چۆن ژیاوەو ، لە چ ڕێ یەک دا مردوەو ، لە مەککەدا چەند قۆناغی تێکوشان (جهاد) ی بڕین و ، چ شێوازێکی بەکارهێناو ، حیکمەتی ئەو قۆناغانەو ئەو جۆرە شێوازە چ بوو و ، کێ دۆستایەتی دەکردو بڕوای پێ دێناو ، کێ دوژمنایەتی دەکردو بەخوێنی سەری تینوو بوو و لەبەرچی ؟!

وە دوایی پاش (١٣) ساڵ بانگەوازی و خەڵک تێگەیاندن و بێدارکردنەوە ، بۆچی مەککەی پیرۆزی بەجێ هێشت و بەرەو شاری (يثرب) کۆچی کردو ، چۆن کۆچی کردو ، کە گەیشتە شاری (يثرب) یەکەم ئیشی چ بوو و ، لە شاری[1] (مدينة) لەماوەی (١٠) ساڵان دا چۆنی گوزەراندو چەند جەنگی کردن و چۆن لەجەنگی بەدرو زۆربەی جەنگەکانی دیکەدا سەرکەوت و ، هۆی تێشکانی سوپایەکەی لەکۆتایی جەنگی ئوحودو سەرەتای جەنگی حونەین دا چ بوو و .. هتد ؟!

---

(١) شاری (مەدینە) پێش کۆچ بۆکردنی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ناوی (يثرب) بوو ، کە کۆچی کرد ناوەکەی گۆڕی بە (مدينة) .

www,alibapir.net

بەواتایەکی دیکە مەبەست لە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ئەوەیە ، کە مسوڵمانانی شوێن کەوتووی تەرجەمەو تەفسیرێکی ڕاستو دروستی کردەیی (فعلي) و زیندووی قورئان لەژیانی پێغەمبەرەکەیان دا ببینن .

ڕوونتر بڵێم :

بۆئەوەی مسوڵمانان بزانن بیروباوەڕو تێڕوانینو تەقواو عیبادەتو جەنگو سیاسەتو ڕەوشتو ئەدەبو وردو درشتی پێشەواو ڕابەرەکەیان چۆن بووە ، تاکو کە زانیان پێغەمبەرەکەیان کێ بووەو چۆن بووە ، بیکەنە پێشەواو چاوساغو سەرمەشقی ژیانیان ، چونکە ئینسان هەتا کەسێک نەناسێ ناتوانێ شوێنی بکەوێ و بیکاتە چاوساغو ڕابەرو سەرمەشقی خۆی .

-٢-
چەند سالە ، گەلی کورد چۆن ئاهەنگی بیرەوەری ناوبراوی گێراوە ؟!

خوێنەری خۆشەویستم !

ئەوەی کە بەکورتی لەباسی یەکەمدا گوتم ئامانجو مەبەستی داهێنرانی بیرەوەری و ئاهەنگی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بوو ، بەڵام سەد داخو خەفەت ، هەزار حەیف و مەخابن ، کە زۆر لەمێژە لە جیهانی ئیسلامیدا

www,alibapir.net

بەگشتیو لەنێو گەلی کوردی مسولمانمان دا بەتایبەتی ، بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام، نەک هەر ئەو ئامانجو مەبەستەی پێ نەهێنراوەتەدی کە گوتمان ـ مەگەر بەدەگمەن ـ بەڵکو ئەو بیرەوەری بە مەزنە بەجۆرێک سازکراوەو بەشێوەیەک بەڕێوەبراوە ، کە لەجیاتی خەڵک گێڕانەوە بەرەو ئیسلام ، لەئیسلامی هەڵگێڕاونەوەو ، لەباتی بێدارکردنەوەیان خەوی لێ کەواندوون و ، لەبری بەرزکردنەوەی ناوو ناوبانگی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەبەرچاوانی خستوەو ، لەجێی رێزلێنان و قەدرگرتن گەلێکیشی سووک کردوەو ، لەجیاتی شیرین کردن و خۆشەویست کردنی ، بۆتە هۆی تاڵ کردن و بوغزێنرانیو .. هتد .

ڕەنگە زۆر کەس بپرسێ ، ئاخر بۆ ؟! چۆن ؟! لەبەرچی ؟! کەنگێ ؟! کوا ؟!

ئێمەش لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێین :

ئەگەر بمانەوێ بەتێروتەسەلی و خەست وخۆڵی وەڵامێکی موستەهەقی ئەو (بۆو چۆن و لەبەرچیو کەنگێو کوا) یانە بدەینەوە ، هەم ئێمەش لەنووسینێو هەم خوێنەریش لە خوێندنەوێ ماندوودەبین و بڕستمان لێ دەبڕێ ، بەڵام بەهەر حاڵ لوێچ نموونەی تەغارێ و مست نموونەی خەروارێ یە ، ئێمەش لە تەغارو جەواڵی ئەو وەڵامو دەنگ و باسە دوورو درێژە لوێچێک یان مستێک بۆ نموونە دەخەینەبەرچاوان و بابای ژیریش بەکەمی لەزۆری دەگات و ، شتێکی لێ بەشتێک هەر دەکات !!

شتێکی ڕوون و بێ پێچوپەنایە کە کەسێک بیەوێ دەربارەی

www,alibapir.net

ژیانی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام بدوێ و بەخەڵکی بناسێنێ، حەتمەن دەبێ پەنا بەرێتە بەر دوو سەرچاوە ڕوون و بێگەردە ـ کەی ئیسلام (قورئان و سوننەت) ، بەڵام خوێنەری سەنگین! دەزانی لە کوردستانی نیشتمانی گەلی کوردی مسوڵماندا ، کە پارچەیەکە لە سەرزەمینی نیشتمانی ئیسلامیو ، خەڵکەکەشی نموونەیەکە لە ئوممەتی ئیسلامی ، سەرچاوەو کتێبی ئاهەنگ گێڕان و بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام چی بووە ؟!

نیزیکەی نیو سەدە (٥٠) ساڵ دەبێ زۆربەی هەرەزۆری زاناو چاوساغانی ئایین و جێگرو میراتگرانی ! پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام تاقە کتێب و سەرچاوەی بڕواپێکراویان بۆ یادکردنەوەی لەدایک بوونی پێغەمبەر صلی الله علیە وآلە وسلم کتێبۆلکەیەکی چەند لاپەڕەییە بەناوی (مەولوودنامەی پێغەمبەر) علیە الصلاة والسلام ، کە لەهەندێک ناوچان مەلاو فەقێ پێی دەڵێن :

(کتێبی پلاوان !!) .(١)

ئنجا ئایا کتێبی پلاوان چیەو چۆنە ؟! ئەوە لەباسی داهاتوودا ڕوونی دەکەینەوە .

---

(١) بۆیە ئەو ناوەیان لێ ناوە ، چونکە زۆرکەس تاقە ئامانجو مەبەستی یان ئامانجی هەرەگەورەی لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا کە گوتمان ئاهەنگی گۆرینی بێ دەگێڕرێ ، پلاو خواردن و سمێڵ ماڵینەوەیەو هیچی دی ! کتێبی پلاوانیش ناوی نووسەرەکەی لەسەر نیە ، بەڵام (مەلا علاء الدین سجادي) لەکتێبی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی)دا لەلاپەڕە (١٧٩ ، ١٨٠) نووسیویەتی : نووسەرەکەی (شێخ حسینی قازی) یەو ، بۆ جاری یەکەم لەلایەن مەلا عەبدولکەریمی حاجی ئەحمەدی هەکزیەوە ، لەساڵی (١٩٣٥) لە چاپخانەی (نجاح) لە بەغدا چاپکراوە .

www.alibapir.net

-٣-

هەڵسەنگاندن و لەبێژینگ دانی
«کتێبی مەولوودنامە»

جا خوێنەری بەڕێز ئێستاش ئەتۆو گەشتێکی خێرا بەنێو باغی لالەزاری پەڵەداری نالەباری پڕ ئەفسانەی کتێبی (مەولوودنامە) دا ،(١) کە ناوی پڕبەپێست و ڕاستەقینەی (کتێبی پلاوان) ە !!

جا ئێمە لە حەوت خاڵان دا کتێبی گۆرین لەبێژینگ دەدەین :

خاڵی یەکەم : چەند ڕیوایەتێکی بێ بنچینەو درۆ

(مەولوودنامەی ناوبراو) لەسەرەتاوە چەند قسەیەکی هەڵبەستراوو درۆ پاڵدەداتە لای چەند زاتێکی گەورە لەبرادەرانی پێغەمبەرو علیه الصلاة والسلام زاناو ناودارانی ئیسلام ، بۆ وێنە چوار جێنشینەکانی پێغەمبەرو (شێخ معروف الكرخي) و (فخرالدين الرازي) ، کە گوایە فەرموویانە هەرکەسێک تەنیا دەرەمێک خەرج بکا بۆ ئاهەنگی لەدایک بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم ئەوە

---

(١) ئەو (مەولوودنامە) بە یەکەمین (مەولوودنامە) ی ڕەواج پێدراوە ، دەنا سێ چوار ێکی دیکەشم پێ شک دێن ، بۆ نموونە مەولوودنامەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و مەولوودنامەی شێخ محمدی خاڵ .

بەڵام پیاو هەقێ بڵێ مەولوودنامەکەی شێخ محمدی خاڵ تا ڕاددەیەک چاکەو نەختێک باسی ژیانی پێغەمبەر دەکات ، علیە الصلاة والسلام !!

www,alibapir.net

بەرەی خۆی لەئاوێ دەرێناوەو بۆخۆی بەپێڵاوەوە حەوت پشتیشی لەگەڵ دەچنە بەهەشتێ ، کەواتە نوێـزو ڕۆژوو و زەکات و حەج و فەرمان بەچاکە کردن و ڕێگرتن لەخراپـەو جەنگ و جیهادو لەسەر چەوساوان کردنەوەو بەگژزۆرداران دا چوون و .. هتد چش و سفری دوای فاریزەن !!

هەڵبەتە ئەو ڕیوایەتە هەڵبەستراوو درۆو دەلەسـە شاخ و باڵدارانە ، گەورەترین دەوریان هەبووە لـە پاڵدانەوەو پشتێند لێ کردنەوەو ساردەپشت بوونی چەندان کەسی بێ ئاگا ، لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خـواو پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ، چونکە بەدەردی کابـرا گوتی (سەرت نایەشێ بۆ سێتای لێ دالێنی !) مادام نەک بە (مەولوود) خوێندنەوەیەک ، بەدرەمێک بەمرادبگەی و ئەبووبەکری صیددیقی ڕاستگۆو شێخ مەعرووفی کەرخـی دنیابەکەمگرو پارێزکار مزگێنی لەدۆزەخ قوتاربـوون و بەبەهەشت شادبوونت پێ بدەن ، چ پێویست دەکات نەفسـی خۆت ئەزیەت بدەی و کارو فەرمانەکانی بەرنامەی خـوا جێ بەجێ بکەی !

ئەدی ئەتۆ ئامانجت ئەوە نیە بەبێ دەردی سەری بچیـە بەهەشتێ ، دە (مەولوود) یێکی بکەو بۆخۆت بێ خـەم و خاترجەم بەو دەستی لێ وەبن سەری بدە !! (١)

---

(١) ئەمەش دەقی ئەو قسانەیە کە کتێبی ناوبراو بەدرۆ لـە چوار خەلیفەکان و شێخ مەعرووفی کەرخی و فەخرەددینـی رازی یەوە نەقلیان دەکات .
دەڵێ :
(یاری غار أفضلي چهار یار خلیفەی أول أعلم وأکمل رفیقي شفیق أبوبکر الصدیق فەرموویەتی هرکەسێکی خرج بکا درهمێک

www,alibapir.net

بۆ مولودی أفضلي مخلوقات بە تحقیق رفیقی منە لەسەر
کانیو کانیاوی سلسبیل و رحیق) !!
منیش دەڵێم :
بەختت سوارە ئەی کابرای کافرو زەندیق
بەیەک درەم دەبیە هاوەڵی أبوبکر الصدیق !
ئنجا دەڵێ :
(إمامی همام ، قدوة الأسلام فاروقی أعظم ، خلیفەی دووەم ،
زینەتی منبرو محراب أعدلی أصحاب عمر بن الخطاب رضي
الله تعالی عنه ، فرمویەتی ئەوکەسێکی بکا تعظیمی
مولودی حضرت رسول رب أرباب ، کأنَّه زندوی کردیتەوە دینی
إسلامو حدیث و کتاب) .
منیش دەڵێم :
کەسێک لەوجۆرە قسانە ڕادەمێنی و هەست ڕادەگری
مەردی دەکەم عەقڵی هەبێو بۆ حاڵی ئیسلام نەگری
ئنجا دەڵێ :
(إمامی زمان منبعی حیاو عرفان خلیفەی سێ هم ذي النورین
عثمان بن عفان فرمویەتی أو شخصێک صرف بکا درهمێکی لە
خوێندنی مولودی پێغمبر صلی الله علیه وسلم (من نزل علیه
القرآن) کأنَّه شهیدي (بدرو حنین) ە بە إیمان و بە
إیقان) .
منیش دەڵێم :
خۆشی لەخۆتان زۆردارانی چەنگ بەخوێن
بەدرەمێک دەچنە ڕیزی شەهیدانی بەدرو حونێن !
ئنجا دەڵێ :
(أسد الله الغالب مظهر الغرائب والعجائب خلیفەی چهارم
علی بن أبی طالب رضي الله عنه فرمویەتی کەسێک ببێتە
باعثي خوێندنی مولودي حضرت رسولی ملک الوهاب ، ظفر بە
إیمان دەبا ، بۆ وی دەبێ راغب و طالب) .
منیش دەڵێم :

بارەکەڵڵا خاوەنی مەولوودنامە
خۆزگە گوتبات سەرچاوەی قسانت کامە ؟

ئنجا دەڵێ :
(شێخ معروفي کرخي) ... فرمویەتی ئەوکەسێک دروست بکات

www.alibapir.net

چێشت و نان بانگ بکا مسوڵمانان ... مزین بێت و منـــور مجمل بێت و معطر بۆ تعظیمی سیدی سروەر بە ایمانـــی سلیم لەدنیا دەچێتەدەر ... لە محشری هیچ کۆسپـــەی نایەتەبەر . لەسەر پردی صراط نابینێ هیچ خوف و خطر ...)

منیش دەڵێم :

کوا مزگێنی هۆ جەردەی پیاوکوژی بەدفـــەر
بە مەولوودێک بەرەت لەئاوێ دێنیـــــەدەر !!

دوایی دەڵێ :

(رئیس العلمای عراق و حجازی إمام فخري رازي خوای لێبێ رازی فرمویەتی اگر بخوێندرێ مولودی چاترینێ و أفضلـــی مخلوقات لە چێشتێک لە مأکولات تێیدا ظاهر دەبێ برکات لەزگی إنسان دا دەست دەکاتە إضطراب و حرکات تا بـــۆ ئەوکەسەی خواردویە مغفرت دێ بەخەڵات ...)
(لاپەڕە ٢/ ٤، ٥) .

منیش دەڵێم :

سبحان الله لە پاپایەک کە لە خاڵی بوونی دیـــن دا
عەقڵی دەعەمەل نایەنێو سەر لەخۆو خەڵکی تێک دەدات

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

خاڵی دووەم : چەند بەسەرهاتێکی ئەفسانەییو دژ بەئیسلام

جا ئەوەی کارەکەی خراپترو قورەکەی خەستتر کـــردوە ئەوەیە کە مەولوودنامەی گۆڕین ، هەر بەوەندەی دڵـــی دانەمرکاوە کە درۆو دەلەسەی بێ بنچینەو ناقۆڵا بەزمانـــی ناودارانی ئیسلامەوە هەڵبەستێو ، قسەیان دەربارەی شتێـــک پێ بکات کە چەند سەدە پاش وان پەیدابووە ، بەڵکو سەرباری ئەوەش چەند بەسەرهاتێکی درۆو بێ بنچینەی گێڕاونەوە کە دەوری وانیش لە هەڵخزاندن و پشتێند لێ کردنـــــــەوەو ساردەپشتکردنی خەڵکی سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئـــەرک و فەرمانەکانی ئایین ، ئەگەر پتر نەبووبێ کەمتر نەبووە لەی ڕیوایەتە هەڵبەستراوەکان ، بۆ وێنە :

بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە گوایە لەشاری بەصرایـــــە ڕووی داوە ، نێوەڕۆکەکەی ئەمەیە کە ئێستا دەینووسم :

دەگێڕنەوە لەشاری بەصرا کابرایەک هەبوو هەتا بڵـــێی چەتوون و نەگبەت و بێ خێر ، نوێژنەکەر ، خوانەنـــاس ، لامەزەب !!

هێندە بەدفەڕو نەگریس و پیس بوو کە مرد خەڵکی لــە گۆڕستانی مسوڵمانان نەیان شاردەوەو فڕێ یان دایە ســەر زبڵدان .

شەوێ ، خەڵکی لەخەونێدا دیتیان ئەوە لەنێو بـــاغ و کۆشک و تەلاری بەهەشتێدایەو دەستەملانی حۆرییانە !!

لێیان پرسی : کابرا ئەوە بەچی ڕزگارت بوو و چۆن بـــەو پلەوپایە بەرزە گەیشتی ؟!

لەوەڵامدا گوتی : من هەموو ساڵێ بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم (مولود)ێکم

www,alibapir.net

دەکرد !! (١)

کەواتە :

هیچ کەس بۆی نیە بلێ : فلان زۆرداری خوانەناسی خۆبەخوازان بەئاگری دۆزەخێ دەسووتێ مادام هەموو ساڵێ (مولود) ێکی بکات !

وە هیچ کەس بۆی نیە بلێ : فلان کەسی داوێن پیسی پیاوکوژی ڕێگری شەڕابخۆری قومارچی ، دەچێتە دۆزەخێ و ڕێی چوونە بەهەشتی نیە ، مادام جاروبار مەولوودی خوێندبێتەوە !

وە هیچ کەس بۆی نیە بلێ : بەپێی فلان ئایەت و فەرموودە بابای نوێژنەکەرو ڕۆژوونەگرو زەکاتنەدەرو حەج نەکەرو .. هتد ناچێتە بەهەشتێ ، مادام مەولوودێکی لە لیستەی کردەوان دا هەبێ !

بەکورتی و بەکوردی ئەم بەسەرهاتە پێمان دەڵێ (مولود) خوێندنەوە ، پاسا پۆرسێکە هەرکەسێک پێی بێ ئەگەر خراپترین و بێ دین ترین کەسیش بێ ، هیچ کەس ناتوانێ

---

(١) بەسەرهاتەکە ئاوا دەست پێ دەکات :
(لەشاری بەصرە جوانێک هەبوو پیس و پەلید لە فاسقی دا شاگردی ئەو بوو بزید .... هەتا دەڵێ : وەختێ کە مرد لەبر خراپیان فرەیان دا سەرگوفکان . نەیان بردە سەر قبران .... دواًیی دەڵێ : لەخەویان دیت اول شەو لەسر تخت بهشتێ دانیشتیە روی وەک مانگ دەدا پرتەو پێیان گوت اًتو لە دنیا زۆر فاسق بوی و اًحمق بەچی شادبووی بە حورو قصورو لباسی سندس و استبرق ؟ گوتی بەسبب تعظیمی مولودی ئەو حضرەتەی کە بە اشارەتی ئەنگوستی مانگی دەکرد شەق).
بڕوانە لاپەڕە (٧ ، ٨) .

www,alibapir.net

ڕێ ی چوونە بەهەشتێی لێ بگرێ ! (١)

هەڵبەتە پەرێزو شوێنەواری بەدو شوومی ئەو مەبەستە هەڵانەی کە لەم بەسەرهاتەش دەفامرێنەوە ، زۆر بەڕوونی لەژیانی گەلەکەمان داو هەڵس وکەوتی ڕۆژانەیان دا دەبینرێن و گەلێک گەوچو نەفامو تێ نەگەیشتووان دەبینین ئیمانیان بە نیسکێ سپاردوەو ، بەهەویا (مولود) ێ لێی گەڕاون و دەستیان بەخۆدا بەرداونەوەو ، پشتێندیان لێ کردۆتەوەو بڕۆ بەخێرهاتی !!

خاڵی سێ یەم : مەولوودی پێغەمبەر کراوەتە قەڵغان و بەلاگێڕەوەی سەری زۆرداران

کتێبی گۆرین بەسەرهاتێکی دیکەی ئەفسانەیی گێڕاوەتەوە ، کە ئەگەر ئەو ئەفسانەیە ڕاست بێ ، دەبێ بڵێین :(مارکس) ڕاستی گوتوە کە دەڵێ (ئایین تریاکی گەلانە) و (چەکی دەستی چینی بۆرژواو سەرمایەدارە بۆ لێدانی چینی رەنج دەرو چەوساوە .) !!

چونکە کاکڵی ئەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە کاربەدەستێکی

---

(١) بەڵێ ئەگەر کەسێک (یەزیدی کوری موعاویە) کە حوسێنی کوری عەلی (رضي الله عنهما) شەهید کرد ، بەشاگردی بشێ لەخراپیو پیسیدا بەهۆی (مولود) خوێندنەوەوە بچێتە بەهەشتێ ، مانای وایە (مولود) خوێندنەوە هەموو شتێکەو ئینسان کە ئەوی هەبوو حەوجێی هیچی دیکە نیە ، چونکە ئەگەر زۆر پیس بێ هەر دەتوانێ وەک یەزیدی بێ ، بەلام (مولود) خوێندنەوە ئی وای قوتارکردوە کە لە یەزیدیش خراپتربووە !! .

www,alibapir.net

زۆر ستەمکارو چەوسێنەرو غەددار هەبووە ، بەڵام هەموو ساڵێ (مولود) ی کردوە !

ڕۆژێکی ئامۆزایەکی خۆی بەخەنجەرەوە لەسەر شەری ڕادەوەستێو پێی دەڵێ کێ ڕزگارت دەکات لەدەستم ؟!

ئێستا سەرت دەبڕم بەخەنجەر ! ئەویش خواو ڕاستان بەزاری دا دێ و دەڵێ (قوتارم دەکات مەولوودی پێغەمبەر) !! (علیە الصلاة والسلام) .

ئیدی دەستبەجێ ئەو قسەیە دەبێتە تەلسمێک و جادووی ئامۆزایەکەی پێ هەڵدەوەشێنێتەوەو خشتێک لەدیواری دەردەپەڕێ و وەسەر دڵی ئامۆزایەکەی دەکەوێ و جێ بەجێ فەڕاقی ڕەشی لێ دەبڕێ ، جا ئەوجار لەئاسمانەوە بانگی کابرای ستەمکارو زۆردارو غەددار دەکرێ : بۆ خاتری مەولوودی پێغەمبەر ڕزگارمان کردی ، ئەگەر تۆ زیادبکەی ئێمەش زیاد دەکەین !!

ئەمە نێوەڕۆکی ئەو بەسەرهاتە ناماقووڵ و لەگەڵ ئیسلامدا نەگونجاوە بوو کە کتێبی ناوبراو لە لاپەڕە (٩،٨)دا نووسیویەتی !!

دەجا خوێنەری بەڕێز !

وەرە مەردت دەکەم چاک سەرنجی ئەم بەسەرهاتە بدەو بۆحاڵی مسوڵمانان مەگریە !

پێغەمبەرێک لەهەموو ژیانیدا دانووی لەگەڵ زۆردارو چەوسێنەرانی خۆبەزلگرو خۆسەپێن دا نەکوڵی بن و ، هەموو ژیانی تەرخان کردبێ بۆ ڕزگارکردنی چەوساوان و لەنێوبردن و خەساندن و ڕەتاندنی زۆرداران ، کەچی کۆلکە مەلایەکی نەفام و بێ هوش بێنێ بەبەسەرهاتێکی درۆو

www.alibapir.net

هەڵبەستراو ، یادی لەدایک بوونی ئەو پێغەمبەرە هەزاردۆست و بەخوێنی زۆرداران تینووە ، بکاتە دوژمنی هەزارو چەوساوانی شۆڕشگێڕو ڕاپەڕیوو دۆست و بەلاگیرەوەو قەڵغانی سەر سەری کافرو خۆبەخوازانانی دنیاخۆرو بەزەبرو زۆر !!

دەجا وەرە خەڵکێک ئاوا باسی پێغەمبەری بۆ بکرێ و ئاوا ئاهەنگی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەری بۆ بگێردرێ و ، جا با ئاوا سەری لێ نەشێوێ و ئاوا پەرتەوازەو لەت وپەت و ژێردەستە نەبێ و ، ئاوا وەسەر جاش و ڕێگرو داوێن پیس و پیاوکوژو مەیخۆرەوەو قومارچی و ڕێچکەپەرستان نەگەڕێ !!

لەڕاستیدا هیچ جێی سەرسوورمان نیە کە ئەو خەڵکە بەناومسوڵمانە ئاوای لێ هاتوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە سەیر دەبوو کە ئەم جۆرە کتێب و نووسراوانەی بەناوی ئیسلامەوە بۆ بخوێندرێتەوەو ئاوای لێ نەیەت !!.

خاڵی چوارەم : ترەکەڵەکەی گا و ماسیان

کتێبی گۆرین هەرچەندە بەحساب باسی لەدایک بوونی پێغەمبەر صلی اللە علیە وآلە وسلم دەکات ، بەلام (لەهەموو دیزان بۆتە ئەسکوێ) و گەلێک باس و خواسی جۆراوجۆری دیکەشی تێدان کە گەورەترین دەوریان بووە لە ناشیرین کردن و لەبەرچاوان بێزاندنی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام ، بۆ وێنە :(کتێبی پلاوان) ئاوا باسی حاڵ و باڵی دنیاو چۆنیەتی ڕاوەستانی خڕۆکەی زەوی دەکات : (١)

---

(١) بڕوانە کتێبی ناوبراو لاپەڕە (٣٧) ، هەڵبەتە ئەو

www,alibapir.net

(ارض لەسر بەردیە بەرد لەسر گایە ، گا لەسر ماسی یە ،
ماسی لەسر ئاوی یە ، ئاو لەسر بایە ، با لەسر هوایە ،
هوا لەسر تاریکی ڕۆندرایە ، لەژێر تاریکی کس نازانێ
چی باسەو چی هەرایە .) !!

دەجا وەرە کەسێک شارەزای ئیسلام نەبێو ئاگای لە ئایەتی (وکلٌ في فلک یسبحون) ی [1] سوورەتی (یس) نەبێ و ، ئەم قسانەش بەشتێکی ئیسلامی بزانێو ، پێی وابێ لە قورئان و سوننەت وەرگیراون ، جا با هەتا پێی پێوەن ، لە ئیسلامی واو قورئان و سوننەتی ئەوتۆ ڕانەکات . کە (ترەکەڵەکە) ی هێندە عەجایب سازدەکەن !!

---

(١) واتە : هەرکام لە ڕۆژوو مانگ و زەوی ــ و باقی خرۆکەو ئەستێرەکانی دیکەش ــ لە سوورگەیەک دا مەلە دەکەن .

....

کتێبە تاقە کتێبێک نیە کە ئەفسانەو درۆو دەلەسەی زۆری بەناوی ئاینەوە بلاوکردوتەوە ، بەلکو ئی دیکەش زۆرن .
بۆ نموونە :
١ــ(میعراج نامە) ی (سلام حیدري) .
٢ــ(حیدر نامە) .
٣ــ(غەزای بەدرو حونەین) .
٤ــ(کوردستان و ئایینی ئیسلام) .
٥ــ(یوسف و زلیخا) .
٦ــ(فەتحی قەلای خەیبەر) ... هتد .

www.alibapir.net

خاڵی پێنجەم : دەیان دەریاو پەردەو هەزار هوربای خەیاڵکرد

ئنجا سەربارەی هەموو خەمان کتێبی گۆڕین هەر بەوەندەوە نەوەستاوە کە بیری تیژو بڕندەو قەڵەمی مووقەڵێشی خۆی بەس لەم جیهانە بەرهەست (محسوس) ەدا بخاتەکار، بەڵکو نێو نێوە دەمی لە جیهانی پەنهانی ئەودیو سروشت (میتافیزیک – ماوراء الطبیعة) یش وەرداوەو، لەوێش دا ئەسپی ئەفسانەیی خۆی تاوداوە !

بۆ وێنە :

کە دێتەسەر باسی پەیدابوونی گیان (ڕۆح) ی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام، بەڕاشکاوی وەک کتێب گرەوەو فاڵچی – یەکی کارامە دەڵێ : گیانی پێغەمبەر صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم ئەوەندە هەزار ساڵە لە فلان دەریادا و لەپشت فلان پەردەوە فلان جۆرە زیکرەی دەکردو لە فیسار دەریادا و لەودیو فیسار پەردەوە فیسار جۆرو .. وە هەروەها !!

جا حەیفێ باپەکی لەئیسلام شارەزا و بەقورئان و سوننەت ئاشنای لێ هەڵنەکەوتوە توند بەرۆکی بگرێ و بلێ : ئاخر کابرا چ خوا بەردارە ئەو هەموو درۆ دەلەسانە بەزمانی پێغەمبەرەوە هەڵبەستیو ئەو هەموو سوختانانەی پێوە بکەی، دەکوا ئەو هەواڵ و دەنگ و باس و شارەزاییانەت لەکام ئایەتی قورئان و کیهە فەرموودەی پێغەمبەر وەرگرتوون و دەرهێناون و، ئەو گەوهەرو مرواری یانەت لە چ دەریایەک وەدەستکەوتوون و چۆنت بەرهەمهێناون ؟!(١)

---

(١) بۆ چۆنیەتی باسکرانی ئەو پەردەو دەریا خەیاڵییانە بڕوانە لاپەڕە (١٩ – ٢٢) ی کتێبی گۆڕین .

www,alibapir.net

مەگەر نەت بیستوە کە پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام فەرموویەتی : (مَنْ كذب عليَّ متعمدا فليتبوّأ مقعده مِنَ النار) رواه الترمذي . واتە : هەرکەسێک بەئەنقەست درۆم بەزمانییەوە هەڵبەستێ ، با جێی خۆی لە ئاگری ـ ی دۆزەخێ ـ دا هەڵبگرێ ؟!

خاڵی شەشەم : درۆهەڵبەستن نەک هەر بەزمانی پێغەمبەرەوە بەڵکو بەزمانی خوداشەوە

کتێبی گۆرین کە وەک گوتمان (٥٠) ساڵ زیاترە بەناو گەلی کوردی مسوڵمان دا بڵاوبۆتەوەو تاقە سەرچاوەی متمانە پێکراوی باس و خواسی ژیانی پێغەمبەرەکەیانە علیە الصلاة والسلام ، وەنەبێ هەر بەوەندە لێ گەڕابێ کە ڕیوایەت و درۆو دەلەسەی ناقۆڵاو لەگەڵ عەقڵ و شەرعدا نەگونجاو بەزمانی چوار جێنشینەکانی پێغەمبەرو زانایانی پایەبەرزو ناوداری ئیسلامەوە هەڵبەستێ ، بەڵکو لەوەش خراپتر نەک هەر بەزمانی پێغەمبەرەوە بەڵکو بەزمانی خوداشەوە درۆو دەلەسەو قسەی بێ کاکڵ و ناماقوولّی ڕێک خستوون . بۆ وێنە لەلاپەڕە (٤٨) دا گوتوویەتی :

دخالت یا رسولی کلی عالەم . لەبۆتۆ خەلق کرا حوّا و آدم
بەحەقی آیەتی (لولاک لولاک) لەبۆتۆ داندراوە جملهٔ أفلاک

وەک دەبینین (لولاک لولاک لما خلقت الأفلاک)(١) کە

(١) تێبینی : هەڵبەتە (لولاک لولاک) سەربارەی ئەوەی کە ←

www,alibapir.net

هێندێک کەسی نەزان و بێ ئاگا بە فەرموودەیەکی (قدسي) پێغەمبەری لەقەڵەم دەدەن ، خاوەنی کتێبی مەولوودنامە لەوەش واوەتر چووەو بە (ئایەت) ی قورئانیێشی داناوە !!

(حدیث) نیەو لەهیچ سەرچاوەیەکی بڕواپێکراودا نیە ، لەگەڵ عەقڵ و شەرعیش دا ناگونجێ ، چونکە :

١- بەئاشکرا فەرموویەتی (وماخلقت الجن والأنس إلاّ ليعبدون) الذاريات/ ٥٦ . واتە : جندو مرۆڤم بۆ هیچ دروست نەکردوون مەگەر کە بمپەرستن .

جا مادام خودا (جندو مرۆڤ) کە بەشێکن لە بوونەوەر بۆکەس دروستی نەکردبن مەگەر بۆ پەرستنی خۆی ، هەموو بوونەوەر هەوجار بۆکەس دروست نەکراوە .

(هەڵبەتە " محمد " یش صلى الله عليه وسلم یەکێکە لەو مرۆڤانەی کە بۆ خواپەرستی دروست کراون) !

٢- جگە لە پێغەمبەری ئێمە پێغەمبەرانی دیکەش هەبوون لە (أولوا العزم) و غەیری وانیش ، جا هیچ ماقووڵ نیە هەموو بوونەوەر بۆ یەکێک لە پێغەمبەران دروست بکات ، بەڵام تەنانەت پووشکەیەک و کەستەکە گڵێکیش بۆ ئەو هەموو پێغەمبەرە پایەبەرزانەی دیکە دروست نەکات ، کە ئەوانیش وەک وی پێغەمبەر بوون و لە پلەوپایەش دا ئیوایان هەیە چی وا لەبەر وی دا نیە ، هەرچەندە ئەو گەورەو سەروەری هەمووانە .

تێبینی :

لەکتێبی (تذكرة الموضوعات) ی صنعاني و ، (كشف الخفا ومزيل الالباس عما اشتهر مِنَ الاحاديث على ألسِنَة الناس) ی عجلوني ج٢ ص٢١٤ ، ڕوون کراوەتەوە ، کە (لولاك لولاك) حدیث نیەو (موضوع) ە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www,alibapir.net

خاڵی حەوتەم : دەردی لەهەموو دەردان گرانتر

دەردی لەهەموو دەردان گرانتر ، لەکتێبی گۆریـــن دا ئەوەیە ، کە بەناو بۆئەوە نووسراوە کە لەیادی لەدایک بوونی پێغەمبەردا علیه الصلاة والسلام بخوێنرێتـــەوە، وەک لەپێشەوەش گوتمان لەیادو بیرەوەری هەر ناودارێک دا پێویستە بیروباوەڕو ئاکارو ڕەفتارو ئامانجو مەبەستو ژیـــان و گوزەران و کەسایەتی ئەو ناودارە بخرێتەڕوو و باسبکرێ ، بۆئەوەی هەموو دەمێ لە بیروزەینی خەڵکیدا سازو ئامادە بێ و ، لەبیرنەچێتەوەو فەرامۆش نەکرێ .

بەڵام ئەو کتێبە کەمو زۆر باسی ئەو جۆرە مەسەلانـــە ناکاتو هەر لەدوورەوەش پەنجەیان بۆ درێژ ناکات !!

بەڵکو پێشەکی دێ چەند هەزار ساڵ بەرلەوەی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەدایک بێ ، چەندان دەریای قـــووڵ و بەرین و پەردەی تەنک و ئەستوور کە ڕایەڵ و تێـــوەدان (تارو پۆ) ەکەیان نەزانیو فەقیرحاڵیەتی ، لەکارگـەی ئەفسانەچنی لاساکردنەوەی کوێرانەدا دەچنێو سازدەکـــاتو ، هەروا بەو جۆرە دەیهێنێ دەیهێنێ هەتا دەگاتەسەر کاتـــی تێدا لەدایک بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم ، ئنجا کاتێک لەدایک بوونی پێغەمبەر تەواو نیزیک دەبێتەوە جارێکی دیکەش تەشی خەیاڵ و بیری ئەفسانەیی دەخاتەکارو سەرگەرمی ڕستنی ڕیسێکی دیکە دەبێو ، لەئاکام دا لـــەو ڕیسە بەرگی ئەفسانەی (دیوار شەق بوون) و پەیدابوونـــی چوار (مامان) ان دەچنێ !!

سەرەنجام کتێبی گۆرین بە لەدایک بوونی پێغەمبـــەر صلى الله عليه وسلم گلۆڵەی ڕیسی ئەفسانەچنینی لێدەبڕێو ،

www,alibapir.net

بەمەش ئاهەنگی (مولود) کۆتایی پێ دێ و ، ئێستاش لە کوردستان دا واباوە ، کە ئەو خەڵکەی کۆڕدەبەستن و بەناوی (مولود) خوێنرانەوەوە بانگ دەکرێن و دادەنیشن ، دەستبەجێ لەگەڵ مەلا گوتی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەدایـــــک بوو ! هەڵدەستنەپێو لەدوای مەلایەوە بەرەو قیبلە ڕیزدەبن و دەست بەرەو سەرێ بەرزدەکەنەوەو هەندێک دووعایان دەکەن و ، ئیدی ئاهەنگی (مولود) کۆتایی پێ دێ و ، دەست دەکـــرێ بە تەقەو ڕەقەو خرینگەو زرینگەی پەرداخو پیاڵـــــەو ئیستیکان و قاپ و کەوچک و دەبێتە هاشەو لووشـــــەی خواردن و خواردنەوەو ، ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ !!

جا تەماشاکەن و ڕامێنن و وردبنەوە !!

ژیانی هەموو ئینسانێک لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە تێیدا لەدایک دەبێو ، چاو بەدنیای ڕوون هەڵدێنێ ، ئەوە شتێکی ئاشکرایەو دەمبەدەمە هەڵناگرێ ، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم ئینسانەو ، وەک هەموو ئینسانێک لەدایک بووەو پاش ژیانێکی (٦٣) ساڵەیی لەدنیا دەرچووە .

کەواتە کەسێک بیەوێ لە ژیانی پێغەمبەر حاڵی بـــێ و بزانێ کێ بووەو چۆن بووەو چی کردوەو چۆن ژیاوەو .. هتد دەبێ لە دووتوێ ی ئەو (٦٣) ساڵەدا بکەوێتە گـــەڕان و پشکنین و تێوەڕامان و سەرنج دان !!

جا توخوا دەبێ خەڵکێک هەموو شارەزاییەکەیان دەربارەی ژیانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام لەچەند هەزار ســـاڵ پێش لەدایک بوونییەوە دەست پێ بکات و ، لەدەمی لەدایـــک بوونیدا کۆتایی پێ بێ ! دەبێ چۆن و چەند ئەو پێغەمبەرە

www.alibapir.net

بناسێ که خۆی بەشوێن کەوتووی بەرنامەکەی و پابەندی ڕێ و شوێنەکەی دەزانێ ؟!

جا خوێنەری بەڕێز !

بەڕاستی هەتا بیر لەکتێبی گۆرین دەکەمەوە ، سەرنجی ئەو پەرێزو شوێنەوارە شووم‌و بێ خێرە دەدەم کە لەنێو گەلی کوردی مسوڵمان دا پەیدای کردوە ، مەگەر هەر خودا بزانێ چەندەم دڵ بەو خەڵکە بەدبەخت و چارەڕەش و بێ بەشە دەسووتێ ، کە گیرۆدەی کەسانێک بووە کە ئاوا باسی خواو پێغەمبەرو علیه الصلاة والسلام ئیسلامەتی بۆدەکەن !

ئاخر پێم نالێی چ گلەیی‌و گازندەیەک لە بابایەکی نوێژنەکەرو لاڕێ و لامەزەب دەکەی کە هەموو شارەزاییەکەی دەربارەی پێغەمبەرو ڕابەرەکەی ئەوەیە ، کە چەند هەزار ساڵ بەرلە دایک بوونی لە فلان دەریاداو لەودیو فلان پەردەوە وای گوت‌و وای گوت‌و سەرەنجام لەفلان ڕۆژدا لەدایک بوو و هیچی دی ؟!

سەرباری ئەو هەموو ڕیوایەتە بێ بنچینەو بەسەرهاتە هەڵبەستراوانەو بیروبۆچوونە ئەفسانەیی‌یانەی کە وای لێ دەکەن ئەرک‌و فەرمانەکانی ئایین بە سفری پاش فاریزەو شتێکی زیاد تەماشا بکات‌و ، گوێ نەداتە هیچ شتێک و ئیمانێ بەنیسکێ بسپێرێ و ... هتد ؟!

بەڵێ بەڕاستی گەلێک، ئاوا باسی پێغەمبەرەکەی خۆی بۆ دەکرێ و ، ئاوا ئیسلام‌و قورئان و سونەتی لەبەرچاو دەبێزێنرێ شایستەی پەرۆش و بەزەیی پێداهاتنەوەو دڵ پێ سووتانە !!

www,alibapir.net

کوڕە ئاخر وەڵڵا وەڵڵا فێڵ و پیلانێکی زۆر بێرەزایە ، بێنی بەناوی (مولود) خوێندنەوەوە یەک دوو سەعاتان درۆو دەلەسەو شتی پڕوپووچ بۆخەڵکی هەڵڕێژی هەتا دەگەیە سەر لەدایک بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ، کە سەرەتاو دەست پێکردنی ژیانەکەیەتی ، بەڵام یەکسەر کە گەیشتیە سەر جێی مەبەست و ، کاتی ئەوەی هات شتێک دەربارەی ژیانی پێغەمبەر بخەیەروو کە خەڵک پێغەمبەرەکەیانی پێ بناسن و ، سوودێکی لێ وەربگرن ، دەست بەجێ وەک جندت بێنەسەرێو دەستت دەنە بن هەنگڵان هەستیەپێو ، ڕای بگەیەنی کە :

بابە یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرەکەتان تەواوبوو و سەرگوزشتەی ژیان و گوزەرانی بڕا !!

کوڕە برالە !

تەواوبوونی چیو چی چی ؟! ژیانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو جێیەڕا دەست پێ دەکات کە ئەتۆ لێی ڕاوەستاوی و پێت وایە ئەگەر شەقاوێکی دیکە هەڵێنی ماڵت کاول دەبێ !!

جا خوێنەری سەنگین !

قوڵە نەزیلەیەکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوەو ، دەست لە ڕەخنەگرتن و لەبێژینگ دان و سەرکوێزر لێگرتنی کتێبی گۆرین هەڵدەگرم :

برادەرێکم دەستنووسێکی بۆ ناردم کە بەحیساب تەرجەمەی کتێبێکی عارەبی بوو ، بۆشی نووسیبووم کە هەندێک وردە هەڵەی زمانەوانی تێدان ، زەحمەت نەبێ ، بۆم ڕاست بکەوە !

www,alibapir.net

که سەرنج دەدەمە دەستنووسی گۆرین هیچی بەسەر هیچەوە نیەو ئەگەر بۆخۆم لەنوێ دەقە عارەبیەکانی کتێبەکەم وەرگێڕابان زۆر ئاسانتربوو لە هەڵە ڕاستکردنەوەی وی ، منیش پاش ئەوەی لە هەڵە ڕاستکردنەوەی دەستنووسی گۆرین نائومێد بووم ، نامەیەکم بۆ خاوەنەکەی نووسی و ، پاش سەلام و ڕێزو هەواڵ پرسین ، ئامۆژگاریم کرد کە ئەو کتێبەی تۆ ملت بەبەرەوە ناوە زۆر گرانەو ، وای بەچاک دەزانم لە ئی ئاسانترەوە دەست پێ بکەی ، چونکە سەرەتاتە ، ئنجا بیرم کردەوە چ عوزرێک بێنمەوە کە هەڵەکانم بۆ ڕاست نەکردوونەوە ، هەرچەندی خۆم هێنا و برد لەم ڕستەیەم ڕاستترو چاکتر نەدۆزی یەوە :

(کاکە گیان دەربارەی هەڵە ڕاستکردنەوەی دەستنووسەکەشت دەبێ ببووری ، چونکە : پووشکە لەکایە ناگیرێ) .

جا لەکۆتایی سەرکوێرگرتنیش لە (مەولوودنامە)ی گۆرین دا ، کە لەڕاستیدا بەس کتێبی پلاوانە ، دەڵێم : پووشکە لەکایە ناگیرێ !!

-٤-

پێویستە چۆن یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بکەینەوە ؟!

هەرچەندە پاش خوێندنەوەی ئەو باسانەی ڕابردن حەوجێ بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرێ ناکات و ، وەڵامەکەی

www,alibapir.net

لە دووتوێی باسەکانی پێشوودا خراوەتەڕوو ، بەڵام لەبەر زێدە گرنگیی و بایەخێک کە هەیەتی ، حەزدەکەم لێرەشدا وەڵامێکی کورتی هەر بدەمەوە .

بێگومان قورئان تاقە کتێبی خودایە کە لەهەڵەو ناتەواوی تێکەوتن و ، گۆڕران و دەستکاری کران پارێزراوە، وەک خودا فەرموویەتی : (.. لایأتیه الباطل مِنْ بین یدیهِ ولا مِنْ خلفه ..) فصلت / ٤٢ . واتە :

.. هەڵەو ناتەواوی نە لەپێشییەوە نە لەدوایەوە ڕێی تێ نابا ــ و زەفەری پێ نابات ــ ..

بەڵێ قورئانی بەڕێز سەنگی مەحەک و تەرازووی ئیسلامەتییە ، سوننەت و فەرموودە بەپێزەکانی پێغەمبەریش صلی اللـه علیه وآله وصحبه وسلم بەدەقی قورئان شەرح و لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی قورئانیان پێ سپێرراوە ، وەک خوای میهرەبان و کارساز فەرموویەتی :(وأنزلنا إليك الذكر لتبين للناس ما نُزِّل إليهم ولعلهم يتفكرون) النحل /٤٤ . واتە : وە قورئانمان بۆلای تۆ ناردۆتەخوار ، تا ئەوەی بۆلای خەڵکی نێرراوەتەخوار ــ کە قورئانە ــ بۆیان ڕوون بکەیەوە ، بەشکم بیربکەنەوە .

بەڵێ پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام هەموو قسەو کردارو جموجۆڵ و چالاکییەکی ژیانی (٢٣) ساڵەی پێغەمبەرایەتیی بەپێی قورئان بوو و لە سوورگە (فلک) ی ویدا دەهات و دەچوو ، وەک عائیشەی هاوسەری ، دایکی بڕواداران خوا لێی ڕازی بێ فەرموویەتی :(کان خُلُقُه القرآن) رواه أبوداود. واتە : ڕەوشتی وی قورئان بوو .

مادام وابێ هەرکەسێک بیەوێ وەک پێویست یادی لەدایک

www.alibapir.net

بوونی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام بکاتەوەو ، بەخەڵکی بناسێنێو ، خەت و ڕێبازو ڕێ و شوێن و خوو و خدەو ڕەوشت و ئاکارو ، سیاسەت و عیبادەت و ، تەقواو غەزاو وردو درشتیی لەخەڵکی بگەیەنێ ، حەتمەن دەبێ لەبەر تیشکی قورئان و سوننەتدا ئەو کارە ئەنجام بدات و ، هەڵبەتە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارەو ڕوونکردنەوەی هەر مەسەلەیەکی دیکەش کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبێ ، ئینسان ئەگەر هەر مسوڵمانێکی سادەو عەوامیش بێ ، چ جای ئەوەی خۆی بەمیراتگرو جێ نشینی پێغەمبەریش بزانێ ، بۆی نیە جگە لەقورئان و سوننەت پرس بە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بکات ،(١) چونکە خودا فەرموویەتی :(وما اختلفتم فیه مِنْ شيءٍ فحکمه إلىٰ الله ..) الشوری / ١٠ ، واتە : وە لە هەرشتێکدا کێشەتان پەیدابوو – و ڕاتان جیاجیابوو- ئەوە بڕیارو حوکمی ئەو شتە عایدی خوایە...

دەشتوانین بەکورتی چەند شێوەیەک وەک پێشنیار بخەینەڕوو بۆ چۆنیەتی یادکردنەوەی لەدایک بوونی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وآله وصحبه وسلم :

یەکەم : دەگونجێ قۆناغ بەقۆناغ بەژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەردا بچیەخوار ، هەتا کۆتایی ، بەڵام بەمەرجێک زۆر بەکورتی بەقۆناغی چل ساڵەیی پێش وەحی بۆهاتنیدا ڕەت بێت نەک وەک هەندێک کەس کە هەموو کاتەکە بەوەوە بەرێ دەکا

---

(١) مەگەر لەوانەوە سەرچاوەی گرتبێ .

www,alibapir.net

داخوا (محمد) صلى الله عليه وسلم کێ شیری داپەو چۆنی خواردو ، (حەلیمە) چۆنی لەگەڵ خۆی بردو ، گوێ درێژی حەلیمە حاڵ و وەزعی چۆن بوو و .. هتد .

بەڵێ پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام وەک (محمد المصطفى) و ڕابەرو پێشەوا ، بۆ ئێمە جێی سەرنج لێدان و چاولێکردنیە ، نەک وەک منداڵێکی شیرەخۆرەو .. هتد .

بێگومان مەبەستیشم لەوە نیە کە سەردەمی پێش بوونە پێغەمبەری پێغەمبەریش صلى الله علیه وسلم پشتگوێ بخرێ ، با ئەویش باس بکرێ ، بەڵام با هەر لایەنەی هەقی خۆی بدرێتێ و بەئەندازەی گرنگیی و سوودلی وەرگیران خۆی پێوە خەریک بکرێ و کاتی پێ بەرێ بکرێ .

دووەم : وە دەشگونجێ بەهۆی باسکردن و ڕوونکردنەوەی یەکێک لە لایەنەکانی ژیانی پێغەمبەر علیە الصلاة والسلام ئاهەنگەکە بگێڕڕێ ، وەک : خوو و ڕەوشتی پەسندی ، سیاسەت و کارهەڵسووڕاندنی ڕەندی ، تەقوا و خواپەرستی زۆرو زەوەندی ، سوارچاکیی و جەنگاوەری ی ، ئازایەتی و خۆڕاگری ی ... (١) .

سێیەم : وە دەشێ وتارێکی گشتیی و هەمەلایەنە (حەوت دەرمانەیی) بدرێ ، کە تێیدا باسی گیروگرفت و نەخۆشی مسوڵمانان و کەم و کووڕی یەکانیان و ، ڕێ ی چارەسەر بکرێ .

چوارەم : وە ڕێ دەکەوێ خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان و تەفسیرکردنیان بەگوێرەی بارودۆخ و پێویستی خەڵکەکە بکرێتە

---

(١) (هەقی پێغەمبەر لەسەر ئوممەتەکەی) کە پێشتر باسکرا یەکێکە لەو جۆرە وتارانە ، کە لەمانگی (ربیع الاول) ی ساڵی(١٤٠٩) لە (خدراوا) لەلایەن نووسەرەوە دراوە .

www,alibapir.net

بابەتی ئەو یادکردنەوەو ئاهەنگ گێڕانە .

پێنجەم : دیسان زۆر شتێکی وێچوو و گونجاوە ، کە ئینسان بچێتە نێو گولزاری فەرموودە بەپیت و پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوەو صلى الله عليه وسلم ، چەپکێکیان لێ بچنێ و، بەشێوەیەکی عاقلانەو حەکیمانە مێشک و دڵی خەڵکەکە بەو عەترو گوڵاوە کە لەو چەپکە دەستگیری دەکات ، گوڵاوڕشێن و بۆنخۆش بکات .

ئەلیرەش دا کۆتایی بەم (بەرکول) ە دێنین و هیوادارم زەنگی سەر زۆر دڵان و پەردەی بەر زۆر چاوان و لۆکەی نێو زۆر گوێ یانی پێ لاچێ ، کەسێکیش کە بەپێی یاسای کۆن و هەڵەی (إنا وجدنا آباءنا على أمة وإنا على آثارهم مهتدون)(١) دڵی بەم قسانە دێشێ و خوی پۆزدەکاو قسان دەپرژێنێ ، پێشەکی داوای لێبوردنی لێ دەکەم و ، دوابیش حەوالەی خوای دەکەم و ، داوای چاک بوونەوەو دڵ ساڕێژبوونی بۆدەکەم ، ئەگەر پێشی وابێ شتێکی هەڵەو ناڕەوام گوتوە زۆر سوپاسیشی دەکەم کە بەخێراخوی پێم ڕابگەیەنێ ، چونکە (هەر یەکە کە بەسەهوو ناچێ) !

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

---

(١) سورة الزخرف / ٢٢ .

www,alibapir.net

دواقسەم

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست !

لەکۆتایی ئەم ئاڵقەیەدا دەمەوێ دواقسەی خۆمت لەچەند خاڵێک دا ئاراستە بکەم :

١- وەک لەرابردوودا گوتمان گەورەترین حیکمەتی خـــــوای کاربەجێ لە ناردنی پێغەمبەران دا علیهم الصلاة والســلام ئەوەبووە کە خەڵکی بەڵگەو بیانوویان بەدەستەوە نەمێنێو، رێگای گلەیی‌و گازندەیان نەمێنێ :(رسلا مبشرین ومنذریـــن لئلا یکون للناس علی الله حجة بعد الرسل ..) النساء /١٦٥.

کەواتە بێگومان دوای هاتنی پێغەمبەران و بەتایبەتـــی دوایین پێغەمبەرو چاکترین پێشەواو سەروەری مرۆڤایەتـــی بەهیچ شێوەیەک هیچ کەسێک بەڵگەو بیانووی لەخــــــوا دوورکەوتنەوەو گرتنی رێچکەی چەوت و هەڵەی بەدەســــتەوە نەماوە ، چونکە شێتی‌و نەفامی‌یە ئینسان واز لە ڕووناکـی خۆر بێنێو لەپشتیرو بنەبانێکی تاریک و تەڵەم دا بەدیـار چرا ڕەشکەیەکی نابووتەوە دابنیشێ !!

دیارە ئێستاش هەرچەندە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بەشەخسی خۆیان لەنێو مرۆڤایەتی‌دا نەماون ، بەڵام بەفیکرو رێ و شوێن و بەرنامەو پەیرەو ـ کە لەئیسلام‌دا خـــــــۆی دەنوێنێو ئەویش لەئاوێنەی زاناو میراتگرو جێگرانـــــــی رەسەن و راستەقینەی پێغەمبەران دا دەدرەوشێتەوە ـ هــەر ماون و خەت و رێبازەکەیان بەردەوام لەئارادایەو درێژەی پێ دەدرێ .

www,alibapir.net

٢- جۆرو شێوەی ژیانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام وا هەڵکەوتووە کە هیچ کەس ڕێگای بەهانەهێنانەوەو منجەمنجی نەبێ، چونکە:

ئەگەر کابرا بیانووی ئەوەبێ کە لەمێژە خەریکی بانگەوازو خەباتەو هیچی بۆبەهیچ نەکراوە، تەمەنی دوورو درێژو کەمبەرهەمی (نووح) علیه الصلاة والسلام قسەی دەبڕێ: (ولقد أرسلنا نوحا إلى قومه فلبث فيهم ألف سنة إلاّ خمسين عاما ..) العنكبوت/ ١٤٠!

وە ئەگەر بڵێ لەبەر نەساغیو دەردەداری پەکم کەوتووەو خوام بۆ ناپەرستریٰ و ئاپینم بۆ ڕەنێو نابەت، ژیانی پڕئێش و ژان و ناسۆری (ئەییوب) علیه الصلاة والسلام لەسەری دەبێتە بەڵگە!

وە ئەگەر عوزری نەداری و تەنگدەستی بێ (عیسى) علیه الصلاة والسلام کە پێشەوای دنیابەکەمگران بووە لەسەری دەبێتە شایەد کە بابای هەژاریش دەتوانێ خواپەرست و پابەند (مُلْتَزم) بێت!

وە ئەگەر بێجێو ڕێ بی و دەربەدەری بەبەهانە بێنێتەوە (إبراهيم) علیه الصلاة والسلام کە هەرجارە بۆ وڵاتێک کۆچی کردووەو دەربەدەربووە قسەی پێ نایەڵێ، چونکە ئەو پایەبەرزە لەگەڵ ئەو حاڵەشیدا گەورەترین بانگەوازو خەباتی کرد!

وە ئەگەر دەستەڵات و سامان بکاتە بیانووی خۆی، (داوود و سليمان) علیهما الصلاة والسلام کە وێرای پێغەمبەرایەتی پادشا (مَلِكْ) یش بوون، بە بەڵگەی ژیانی خۆیان پێی دەسەلمێنن کە خواناسیو دینداری لەگەڵ دەستەڵات و

www,alibapir.net

سامان دا دژایەتی نیەو ، ئینسان دەتوانێ وێڕای سامانداریو دەستەڵاتداری خوداش بپەرستێ و دەستەڵات و (١) سامانەکەشی بکاتە وەسیلەی خزمەتی ئایینەکەی !!

٣- کەواتە با ئێمەی مسوڵمان و خۆبەشوێن کەوتووی پێغەمبەرا ن زان علیهم الصلاة والسلام ، هەوڵ بدەین کە هەرچی زیاترو چاکتر لەژیان و بەسەرهاتی ئەو زاتە بەرزانە بگەین و وردبینەوەو ، گەوهەرو مرواری بەکانی دەریای قووڵی ژیان و گوزەرانیان دەربێنین و ، بەچاوی عەقڵ و دڵ لە فەرموودەو هەڵوێستەکانیان وردبینەوەو ڕامێنین ، تاکو بتوانین لەبەرتیشک و ڕووناکی مەشخەڵی هیدایەتییان دا بەڕێوەبچین و ئەم ئامۆژگارییە بەرزەی خواوەند لەدڵ بگرین ، کە دەربارەی کۆمەڵێک لەو زاتانە بەپێغەمبەرمان دەفەرموێ : (أولئك الذين هدى الله فبهداهم اقتده..) الأنعام -٩٠-

بەڵێ ئینسانی ژیرو فامیدە تەنیا متمانە بەو ڕابەرو چاوساغانە دەکات و ، بەس خۆی تەسلیمی خەت و ڕێبازی ئەو سەرکردەو پێشەوایانە دەکات کە خوا پاکانە (تزكية)یان دەکات و ، شایەدی ڕێ دیتنەوەو سەرراستییان بۆدەدات ، کە پێغەمبەرانی پایەبەرزن علیهم الصلاة والسلام و ئەو زاتا جێگرە ڕەسەنانەن کە بەڕاستی دڵبەندو ئاڵقەلەگوێو شوێن کەوتووی مووبەمووی ئەو زاتە بێ وێنانەن .

ئیدی بەئومێدی زیاتر حاڵی بوون لە بانگەوازی پێغەمبەران و چاکتر پابەندی ی بەخەت و ڕێبازیانەوە .

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

ذوالحجة ١٤١٠ ك / ٢٢ حزيران ١٩٩٠ ز/ خدراوا

---

(١) دیارە مەبەست دەستەڵات و سامانێکە کە بەڕێیەکی شەرعیی وەدەست هێنرابێ .

www.alibapir.net

ناوەڕۆکی باسەکان

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

لاپەڕە	بابەت
١	پێشکەش بێ
٣	پێشەکی
٦	ڕێ خۆشکردن
٨	١ـ پێغەمبەرایەتی (النبوة) چیە ؟!
١٣	٢ـ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام کێن ؟!
١٧	٣ـ حیکمەتی (ئینسان بوون) ی پێغەمبەران چیە ؟!
٢٢	٤ـ پێغەمبەران بۆچی نێرراون ؟!
٢٧	٥ـ خەسڵەتە پێویستەکانی پێغەمبەران چین ؟!
٣٨	٦ـ تایبەتمەندی یەکان (خصائص) ی بانگەوازی پێغەمبەران کامانەن ؟!
٥٠	٧ـ بۆچی پێغەمبەران خاوەنی موعجیزەن ؟!
٥٨	٨ـ ئایا لەنێوان پێغەمبەران دا بەرزی نزمی هەیە ؟!
٦٢	٩ـ ژمارەو جۆری پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام.
٦٨	١٠ـ بانگەوازی پێغەمبەران لەئەسڵ دا یەکەو شێوەکانی جیاجیان.
٨٠	ئەنجام و بەرهەمی ئەم جۆرە بڕوا بەپێغەمبەران بوونە.
٩٦	پاشکۆ لەچەند خاڵێک دا
٩٧	یەکەم : هەقی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەسەر ئۆممەتەکەیەوە چیە ؟!

www,alibapir.net

لاپەڕە	بابەت
١١١	دووەم : بەسەرهاتێکی پڕمەعنا (نیشانەکانی پێغەمبەر) صلی اللە علیە وسلم
١١٨	سێیەم : ململانێی هەق و ناهەق (وتووێژی نێوان پێغەمبەران و سەرانی کوفر)
١٤٠	چوارەم : بەرکولێک دەربارەی بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم
١٤٨	١- مەبەست لە داهێنرانی بیرەوەری لەدایک بوونی پێغەمبەر چییە ؟!
١٥٠	٢- چەند ساڵە ، گەلی کورد چۆن ئاهەنگی بیرەوەری ناوبراوی گێڕاوە ؟!
١٥٣	٣- هەڵسەنگاندن و لەبێژینگ دانی (کتێبی مەولوودنامە)
١٥٣	خاڵی یەکەم : چەند ڕیوایەتێکی بێ بنچینەو درۆ
١٥٧	خاڵی دووەم : چەند بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی و دژ بەئیسلام
١٥٩	خاڵی سێیەم : مەولوودی پێغەمبەر کراوەتە قەڵغان و بەڵاگێڕەوەی سەری زۆرداران
١٦١	خاڵی چوارەم : تڕەکەڵەکەی گا و ماسییان
١٦٣	خاڵی پێنجەم : دەیان دەریاو پەردەو هەراو هوریای خەیاڵکرد
١٦٤	خاڵی شەشەم : درۆهەڵبەستن نەک هەر بەزمانی پێغەمبەرەوە بەڵکو بەزمانی خوداشەوە

www,alibapir.net

لاپەڕە	بابەت
١٦٦	خاڵی حەوتەم : دەردی لەهەموو دەردان گرانتر
١٧٠	٤ـ پێویستە چۆن یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بکەینەوە ؟!
١٧٥	دوا قسەم
١٧٨	کاکڵی باسەکان

دەزگای رۆشنبیری نوری حیکمە
کتێبخانە

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

لە بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دا

چاپخانەی شەهیدان

www,alibapir.net

ئەم زنجیرەیە

بەمەبەستی ئەوە نووسراوە کە ببێتە مەشخەڵێک بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندن و فێرکردن و پەروەردەکردنی کۆمەڵە مسوڵمانێکی پێشەنگی هەڵبژاردە ، کە بتوانن بەرنامەی خوا و ڕێ و شوێنی پێغەمبەری پێشەوا صلی اللە علیە وآلە وسلم ببووژێننەوە ، وە گەلی ماڵ وێران و بێ شوانیان لەژێر نیری ستەم و چەوساندنەوە و لەگێژاوی بێ قەوارەیی قوتار بکەن و ، لەبن سێبەری ئیسلام دا بیحەسێننەوە ، بەمەش گەورەترین ئامانجی ژیانی دنیا وەدەست بێنن کە بریتیە لە ڕەزامەندی خوا جل جلالە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

نرخی ٤٠٠٠ دینارە

لە بڵاوکراوەکانی / بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دا
چاپخانەی شەهیدان

www,alibapir.net